سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان مەسرور بارزانی، لە دیبەیتێکی تایبەتی دیداری مێری:

پێشتریش هەوڵدراوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی، بەڵام ئێمە وردتر و زیاتر کاری لەسەر دەکەین

هیچ کەسێک لە سەرووی یاساوە نییە



مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لە دیبەیتێکی تایبەتدا پرسە هەنووکەییەکانی گۆڕەپانی سیاسیی هەرێمی کوردستان و عێراقی خستەڕوو. لە بەشێکی قسەکانی دا گوتی: هەوڵماندراوە حکوومەت حکوومەتێکی خزمەتگوزار بێت و هاوواڵاتی سەنتەری خزمەتگوزارییەکان بێت، هەروەها گوتیشی: ئەو ڕەوشەی ئێستا زۆر نیگەرانی کردووین و کاریگەریی لەسەر ناوچەکەش دەبێت، ڕاشیگەیاند: دەبێت حکوومەت بکرێتە ئەلیکترۆنی بۆ ئەوەی هاووڵاتییان ئاسانتر دەستیان بە خزمەتگوزارییەکان بگات. دیبەیتەکەی سەرۆکی حکوومەت لە چوارچێوەی کارەکانی دیداری مێری 2019دا بەڕێوەچوو، لە دیداری مێریدا، سەدان کەسایەتی سیاسی، ڕۆشنبیر، دیپلۆماتی ناوخۆی و دەرەوە بەشدار بوون و لە لایەن ئینستیتێوتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ توێژینەوە، ناسراو بە (مێری) ئەنجام درا.

زیاتر لەلاپەرە سێ بخوێنەوە

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

XEBAT

خەبات

ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5866) پێنج شەممە 7ی تشرینی دووەم 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار

گوتەبێژی حکوومەتی هەرێم: ڕۆژی شەممە پشووە

بە بۆنەی ڕۆژی لەدایکبوونی پێغەمبەری ئیسلام، محەممەد (د.خ)، حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕۆژی شەممەی داهاتووی وەک پشووی فەرمی ڕاگەیاند. گوتەبێژی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، جوتیار عادل لەو بارەیەوە لە لێدوانێکدا ڕایگەیاند: بەبۆنەی لە دایکبوونی پێغەمبەری ئیسلام، محەممەد (د.خ)، پیرۆزبایی لە هەموو موسڵمانانی کوردستان و عێراق و جیهان دەکەین، بەم بۆنەیەشەوە ڕایدەگەیەنین کە ڕۆژی شەممە 9تشرینی دووەمی ٢٠١٩ پشووە و ڕۆژی یەکشەممە لە دامودەزگاکانی حکوومەت دەوامی فەرمییە.

سەرجەم لایەنە سیاسییەکان هاوڕابوون کە کۆبوونەوەکانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بەردەوام بن

سەرۆکی هەرێمی کوردستان، ڕۆژی سێشەممە، 5ی11ی2019 بە جیا لەگەڵ سەرۆکایەتیی حکوومەت و سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان کۆبوونەوەی دواتریش کۆبوونەوەی فراوانی هەرسێ سەرۆکایەتییەکەی هەرێم و سەرۆککۆماری عێراق و سەرکردەی حزبەکانی کوردستان بۆ هەڵسەنگاندنی دۆخی عێراق بەڕێوە چوو، سەرۆکی پارتی چاکسازی و پێشکەوتووی تورکمانیش دەڵێت، کۆبوونەوەکە زۆر ئەرێنی بوو و نزیکبوونەوەیەکی ئومێدبەخش لە نێوان لایەنەکاندا هەیە.

زیاتر لەلاپەرە دوو بخوێنەوە

ئەنجوومەنی وەزیران کۆبۆوە و بڕیاری بەهەمیشەییکردنی مامۆستایانی گرێبەستی دا

ئەنجوومەن جەختی کردەوە لەسەر بەردەوامبوونی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە خزمەتکردنی کەسوکاری شەهیدان



دوێنێ چوارشەممە 2019/11/6 ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتیی مەسرور بارزانی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و ئامادەبوونی قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆک وەزیران کۆبووەوە.

لە سەرەتای کۆبوونەوەکەدا، سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران تیشکی خستە سەر کۆبوونەوەی سەرۆکایەتییەکانی هەرێمی کوردستان و سەرۆک کۆماری عێراق و لایەنە کوردستانییەکان کە تێیدا جەخت لەسەر یەکدەنگی و هاوهەڵوێستی لایەنە کوردستانییەکان کرایەوە لە بەغدا و بەشدارانی کۆبوونەوەکە هاوڕابوون لە سەر ئەوەی، نابێت مافە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان لە عێراق کەم بکرێتەوە.

پاشان ئەنجوومەنی وەزیران دوای گفتوگۆکردن دەربارەی بابەتی بە هەمیشەییکردنی مامۆستایانی گرێبەست لە سەر میلاکی وەزارەتی پەروەردە، بڕیاری بە هەمیشەییکردنی پەسەند کرد بە ڕەچاوکردنی ئەوەی کە ئەم مامۆستا گرێبەستانە ماوەی چەندین ساڵە لە بواری پەروەردەوە خزمەت دەکەن و پێداویستی بواری پەروەردەیان پڕ کردووەتەوە.

زیاتر لەلاپەرە دوو بخوێنەوە

خەسرۆ گۆران: سێ سەرۆکایەتییەکەی هەرێم ڕووداوەکانی بەغدایان بەجدی وەرگرتووە

خۆپیشاندەرانی عێراق خۆیان بۆ فراوانکردنی ناڕەزایەتییەکان و خستنی دامودەزگا دەوڵەتییەکان ئامادە دەکەن، حکوومەتی عێراقیش لە دەوروبەری بەغدا و بەسرە هێز کۆدەکاتەوە، لەپلانیدایە بەهێز دۆخەکە کۆنترۆڵ بکات.

خەسرۆ گۆران ئەندامی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان، بە دەنگی ئەمەریکای گوتووە: هەرێمی کوردستان بەشێکە لە عێراق، هەر گۆڕانکاری و ئاڵۆزیەک لە بەغدا، بێ کاریگەری نابێت لەسەر هەرێم، بە تایبەت لەڕووی ئابووری و سیاسییەوە. گوتیشی: سێ سەرۆکایەتییەکەی هەرێم ڕووداوەکانی بەغدایان بەجدی وەرگرتووە، چونکە دەزانن کاریگەریان لەسەر هەرێم دەبێت.

ڕێبوار تەها ئەندامی پەرلەمانی عێراق، دۆخی عێراقی بە فەوزایەکی گەورە ناوبرد و گوتی: سەرەتا خۆپیشاندانەکان خۆرسک بوون، داواکارییەکانیان لە چوارچێوەی خزمەتگوزاری و باشکردنی ژیان و گوزەرانیاندا بوو. گوتیشی: دەست تێکەڵی خۆپیشاندەران بووە، بۆیە داواکارییەکانیان بۆ داواکاری سیاسی گۆڕاوە.

تا دێت مللانێی نێوان خۆپیشاندەران و دەسەڵاتی عێراق گەورەتر دەبێت، بەوەی سەقفی داواکارییەکانی خۆپیشاندەران تادێت بەرزتر دەبێتەوە، بۆیە ئەم ململانێیە، داهاتووی عێراقی خستۆتە بەردەم چەندین ئەگەری نەخوازراوەوە.

هاتووچۆی هەرێم پلانێکی بۆ کەمکردنەوەی ڕووداوەکان داڕشتووە



6

پەرلەمانتارێکی عەرەبی عێراق: خزمەتگوزارییەکانی عێراق بەقەد نیوەی هەرێمی کوردستان بووایە خۆپیشاندان نەدەکرا



زەعفەران.. لە یەک هێکتار زەویدا تەنیا چوار کیلۆ بەرهەمی زەعفەران بەدەست دەهێنرێت

7

پەرلەمانتارێکی عێراقی ڕایگەیاند، ئەگەر نیوەی ئەو خزمەتگوزارییانەی لە هەرێمی کوردستاندا هەن، لە بەغدای پایتەختی عێراقدا هەبووایە، ئەوا خۆپیشاندان نەدەکران. ئینتسار جبووری، پەرلەمانتاری هاوپەیمانیی هێزە عێراقییەکان بە خەباتی ڕاگەیاند، خۆپیشاندانەکانی عێراق دەرئەنجامی نەبوونی خزمەتگوزاری و گەندەڵی و پشتگوێخستنی خەڵکە، ڕوونیشی کردەوە کە ئەو خۆپیشاندانانە ڕوویان نەدەدا ئەگەر نیوەی ئەو خزمەتگوزارییانەی لە هەرێمی کوردستاندا هەیە، لە بەغدا و ناوچەکانی دیکەی عێراقدا هەبووبان. ئەو پەرلەمانتارە جەختی کردەوە، هاوواڵاتییانی عێراقی کاتێک سەردانی هەرێمی کوردستان دەکەن، دەبینن پێشکەوتن و ئاوەدانکردنەوە و خزمەتگوزاریی گونجاو پێشکەش بە هاوواڵاتییان دەکرێت.

زیاتر لەلاپەرە چوار بخوێنەوە

ئەنجوومەنی وەزیران کۆبۆوە و بڕیاری بەهەمیشەییکردنی مامۆستایانی گرێبەستی دا

ئەنجوومەن جەختی کردەوە لەسەر بەردەوامبوونی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە خزمەتکردنی کەسوکاری شەهیدان



دوێنێ چوارشەمە /2019 وەزیران کۆبووەوە. 11/6 ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتیی مەسرور بارزانی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و ئامادەبوونی قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆک عێراق و لایەنە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان لە عێراق کەم پەروەردەیان پڕ کردووەتەوە. سەر مێلاکی وەزارەتی بڕیاری بە هەمیشەییکردنی پەسەند کرد بە ڕەچاوکردنی ئەوەی کە ئەم مامۆستا گرێبەستانە ماوەی چەندین ساڵە لە بواری پەروەردەوە خزمەت دەکەن و پێداویستی بواری کوردستان لە عێراق کەم بکرێنەوە.

پاشان ئەنجوومەنی وەزیران دوای گفتوگۆکردن دەربارەی بابەتی بە هەمیشەییکردنی مامۆستایانی گرێبەست لە سەرەتای کۆبوونەوەکەدا، سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران تێشکی خستە سەر کۆبوونەوەی سەرۆکایەتییەکانی هەرێمی کوردستان و سەرۆک کۆماری عێراق و لایەنە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستانییەکان کە تێیدا جەخت لەسەر یەکدەنگی و هاوهەڵوێستی لایەنە کوردستانییەکان کرایەوە لە بەغدا و بەشدارانی کۆبوونەوەکە هاوڕابوون لە سەر ئەوەی، نابێت مافە دەستکارینەکردنی دەستووری عێراق، کە زامنی مافەکانی خەڵکی کوردستانە و مانەوەی سەرۆکوەزیرانی عێراقیش لە پۆستەکەیدا، دەبێتە هۆکاری سەقامگیری.

بازرگان گوتیشی: کۆبوونەوەکە زۆر ئیجابی بوو و لەمەودواش کۆبوونەوەکان بەردەوام دەبن، لە کۆبوونەوەی رۆژی سێشەمەش هەموومان یەک ڕا بووین بۆ یەکهەڵوێستی و هەموو لایەکیش دووپاتمان کردەوە، کە ئەو کۆبوونەوانەی سەرۆکایەتیی هەرێم لەگەڵ لایەنە سیاسییەکان و هەرسێ سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان بەردەوام بن و مانگانە بێت، ئەگەریش پێویست بکات زیاتریش کۆبوونەوە ئەنجامبدەین، چونکە بارودۆخەکە وا دەخوازێت هەموو لایەک لە کوردستان ئاگاداری یەکتری بین لە ئۆپۆزسیۆن و دەسەلاتیش.

سەرۆکی پارتی چاکسازی و پێشکەوتووی تورکمانی زیاتر گوتیشی: بۆ بەغدا جەخت کرایەوە کە دەستەیەک دابمەزرێت لە هەرێمی کوردستان و لەگەڵ سەرۆک فراکسیۆنە کوردستانییەکانی پەرلەمانی عێراق کار بکەن بۆ ڕایگەیاند: ئێمە وەکو پارتی دێموکراتی کوردستان لەگەڵ داخوازییە ڕەواکانی خۆپیشاندراندایین و پێویستە حکوومەتی عێراق وەڵامی دروستی هەبێت، کە جێگای ڕەزامەندیان بێت و وەڵامی داخوازەکانیان بداتەوە، ئێمە پشتیوانیی تەواو لە حکوومەتی فیدراڵ و سەرۆکوەزیرانی ئێستای عێراق دەکەین. ئەوەی گرنگە و پێویستە ئەوەیە کە لایەنە بەشداربووەکانی حکوومەت پشتگیری لە سەرۆکوەزیران بکەن تاکو بتوانێت بەسەر ئەو کێشە کەڵەکەبوانەدا زاڵ بێت و نابێت هیچ لایەنێکی سیاسی داخوازیی خۆپیشاندەران بۆ مەرامی سیاسی بەکار بێنن لەبەرئەوەی ئەوە دەبێتە هۆکاری ناڵۆزیی زیاتر.

تاریق گۆردن، سوپاسی ئەو پێشوازییەی کرد و جەختی کردەوە، کە هێزەکانی کەنەدا لە عێراق و هەرێمی کوردستان دەهێنەوە و پشتیوانی لە هێزی پێشمەرگە دەکەن بۆ شەڕی تیرۆر و مەشقی سەربازی بە هێزەکانی پێشمەرگە. لە بەشێکی دیکەی ئەو دیدارەدا ڕەوشی ڕۆژئاوای کوردستان گەنگەشە کرا و بە مەترسی ناو برا و هەردوولا پێیان وابوو کە پێویستە کۆتایی بە هێرشی سەربازیی تورکیا بێت و ڕێگای ئاشتی بگیرێتە بەر بۆ چارەسەری سیاسی بۆ پرسی کورد لە ناوچەکەدا.

تاریق گۆردن، سکرتێری یەکەمی باڵیۆزخانەی کەنەدا لە کوەیت، کە لە هەمان کاتدا بەرپرسی مەلەفی عێراقیشە، سەردانی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دێموکراتی کوردستانی کرد و لە لایەن دارا باراوی و بەرپرسی دیسکی ئەمەریکا و هەڤاڵانی دیکەی مەکتەب پێشوازی کرا.

لە دیدارێکدا باس لە بارودۆخی ئێستای هەرێمی کوردستان و عێراق و ناوچەکە کرا و هاوکاری و ڕۆڵی کەنەدا بۆ هەرێمی کوردستان بەرز نرخێندرا.

بەشێکی دیکەی گفتوگۆکان پەیوەست بوون بە دوایین پێشهاتەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق، باراوی ڕایگەیاند: ئێمە وەکو پارتی دێموکراتی کوردستان لەگەڵ داخوازییە ڕەواکانی خۆپیشاندراندایین و پێویستە حکوومەتی عێراق وەڵامی دروستی هەبێت، کە جێگای تاریق گۆردن، سکرتێری یەکەمی باڵیۆزخانەی کەنەدا لە کوەیت، کە لە هەمان کاتدا بەرپرسی مەلەفی عێراقیشە، سەردانی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دێموکراتی کوردستانی کرد و لە لایەن دارا باراوی و بەرپرسی دیسکی ئەمەریکا و هەڤاڵانی دیکەی مەکتەب پێشوازی کرا.

لە دیدارێکدا باس لە بارودۆخی ئێستای هەرێمی کوردستان و عێراق و ناوچەکە کرا و هاوکاری و ڕۆڵی کەنەدا بۆ هەرێمی کوردستان بەرز نرخێندرا.

بەشێکی دیکەی گفتوگۆکان پەیوەست بوون بە دوایین پێشهاتەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق، باراوی ڕایگەیاند: ئێمە وەکو پارتی دێموکراتی کوردستان لەگەڵ داخوازییە ڕەواکانی خۆپیشاندراندایین و پێویستە حکوومەتی عێراق وەڵامی دروستی هەبێت، کە جێگای



سەرجەم لایەنە سیاسییەکان هاوڕابوون کە کۆبوونەوەکانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بەردەوام بن

سەرۆکی هەرێمی کوردستان، ڕۆژی سێشەمە، 5ی11ی 2019 بە جیا لەگەڵ سەرۆکایەتیی حکوومەت و سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان کۆبووەوە، دواتریش کۆبوونەوەی فراوانی هەرسێ سەرۆکایەتییەکەی هەرێم و سەرۆککۆماری عێراق و سەرکردەی حزبەکانی کوردستان بۆ هەڵسەنگاندنی دۆخی عێراق بەڕێوە چوو، سەرۆکی پارتی چاکسازی و پێشکەوتووی تورکمانیش دەڵێت، کۆبوونەوەکە زۆر ئەرێنی بوو و نزیکبوونەوەیەکی ئومێدبەخش لە نێوان لایەنەکاندا هەیە.

لە لێدوانێکی تایبەتدا بۆ مالپەڕی فەرمیی پارتی دێموکراتی کوردستان، عەبدولقادر بازرگان، سەرۆکی پارتیی چاکسازی و پێشکەوتووی تورکمان، گوتی: بە دەستپێشخەریی سەرۆکی هەرێمی کوردستان نزیکبوونەوەیەکی ئومێدبەخش لە نێوان لایەنە سیاسییەکاندا هەیە لە دوای ئەو دۆخەی لە عێراق دروست بووە، کۆبوونەوەی ڕۆژی سێشەمەش هەرسێ سەرۆکایەتییەکەی هەرێم و دواتریش کۆبوونەوەی لایەنە سیاسییەکان لەگەڵ سەرۆکی هەرێم، زۆر خاڵی گرنگ لەخۆدەگرێت، لەوانە یەکڕیزیی لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان و

هێزەکانی کەنەدا پشتیوانی لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەکەن

سکرتێری پەرلەمان لە پانێلێکی دیداری میریدا باسی لە ڕۆڵی ئافرەتان لە کایەی سیاسیدا کرد



دوێنێ چوارشەمە 2019/11/6 لە دووەم ڕۆژی دیداری میری لە هەولێر کە تایبەت بوو بە ڕۆڵی ئافرەتان لە کۆمەڵگەدا، مونا قەهوەچی سکرتێری پەرلەمانی کوردستان لە پانێلێکی دیدارەکەدا بەشداریی کرد.

لە سەرەتای گوتەکانی سکرتێری پەرلەمان کوردستان دەستخۆشیی لە ڕێکخەرانی دیدارەکە کرد کە بابەتێکی گرنگیان خستووەتە بەرنامەی کاری دیدارەکە ئەویش ڕۆڵ و پێگەی ئافرەتانە لەناو کایەکانی کۆمەڵگەدا، پاشان لەڕووی یاساییەوە سەرجەم ئەو یاسا و برگە یاساییانەی خستەڕوو کە ماف بە ئافرتان دەدەن بەشداریی سیاسی و ئیداری کارایان هەبێت، هاوکات هیواشی خواست ئافرەتان زیاتر باوەڕیان بە تواناکانی خۆیان هەبێت و ئەرکیان بە هیچ شێوەیەک لە پیاوان کەمتر نییە، بەڵکو لە زۆر بواردا باشتر دەتوانن خزمەت بکەن و هیوای خواست ئافرەتان بگەنە ئاستێک کە پێویستییان بە سیستەمی کۆتا نەبێت.

لە دریژەی گوتەکانیدا سکرتێری پەرلەمانی کوردستان باسی لە پێکهاتەی دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان کرد کە دوو ئافرەت لە دەستەی سەرۆکایەتیدان و لە کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش لە ئێستادا 3 ئافرەت پۆستی وەزاریان هەیە، داواشی لە سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان کرد کە چاودێرێکی سیاسی دەڵێت، لە بەغدا بە یەکدەنگی و یەکگوتاری دەکرێت پارێزگاری لە تەواوی ماف و بەرکەوتەکانی کورد بکرێت، بۆیە کۆبوونەوەی سەرۆکایەتیی هەرێم لەگەڵ حزبەکان و سەرۆکایەتیی حکوومەت و پەرلەمان بە ئامادەبوونی سەرۆککۆمار گرنگ بوو.

شەماڵ ئەحمەد چاودێری سیاسی، بە مالپەڕی فەرمیی پارتی دێموکراتی کوردستانی ڕاگەیاندووە: ئەوەی ئێستا لە خۆپێشاندانەکانی عێراقدا داوا دەکرێت، گۆڕینی سیستەمی سیاسی و حوکمڕانیی عێراقە، ئەو سیستەمەی لە ساڵی 2003 ئەمەریکا دایناوە، کە سیستەمێکی تەوافوقییە، کەواتە داوای کردنە دەرەوەی ئەمەریکا لە عێراق دەکەن، لەگەڵ چوونە دەرەوەی ئەمەریکاش بۆشاییەکی زۆر گەورە دروست دەبێت، ولاتانی ئیقلیمی زیاتر دەست لە ناوخۆی عێراق وەردەدەن.

داوای بەردەوامی کۆبوونەوەی هاوبەشی لایەنە سیاسییەکان دەکرێت



ئەحمەد دەڵێ: لە هیچ کاتێکدا یەکگرتوویی و یەکڕیزی درەنگ نییە، بۆیە ئەم دۆخەی ئێستای عێراق پێویستی بە یەکڕیزی و یەکگرتوویی کورد هەیە، بە بڕواوون بە یەکتر کار بکەین، لەسەر ستراتیژیی هاوبەش. ڕوونی کردەوە: لە ساڵی 1988 حکوومەتی عێراق بەو هێزە گەورە و توانایەی هەبوو، کاتێک بەرەی کوردستانی دامەزرا بەرهەمەکەی ڕاپەڕینی گەلی کوردی لێکەوتەوە، بۆیە دەبێت یەکهەڵوێست بن لەو دۆخەی ئێستای عێراقدا.

بڕواشی وایە، هەر کۆبوونەوەیەکی لایەنە سیاسییەکانی کورد لەسەر ڕوئیایەکی موشتەرەک بێت، باش دەبێت، کۆبوونەوەی ڕۆژی 5ی تشرینی یەکەمی 2019ی سەرۆکایەتیی هەرێم و حکوومەت و پەرلەمان و حزبەکان و سەرۆکایەتیی کۆمار، هەنگاوێکی ئەرێنیی باشە، پێویستە کۆبوونەوەی هاوبەش بەردەوام بێت.

گوتیشی: دەبێ کۆبوونەوەی سەرکردایەتیی سیاسیی کورد بکرێت بە پلان بۆ ستراتیژیی کورد، بۆ پاڕێزگاری لە دەستکەوتەکان لە بەغدا، کە پێوەندیی بە خاک و قووت و ژیان و کیانی هەرێمی کوردستانەوە لە عێراقدا هەیە.

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان مەسرور بارزانی، لە دیبەیتێکی تایبەتی دیداری مێژی:

پێشتریش هەوڵدراوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی، بەڵام ئێمە وردتر و زیاتر کاری لەسەر دەکەین

مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە دیبەیتێکی تایبەتی ئینستیتیوتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ توێژینەوە (MERI) پرسە هەنووکەییەکانی هەرێمی کوردستان و پەیوەندی لە گەڵ عێراق خستەڕوو.



ئامانجمان خزمەتکردنی خەڵکە

هەرچەندە دڕووستکردنی حکومەت ماوەیەکی خایاند، بەڵام دواجار حکوومەتێکمان پێکهێنا و ماوەیەکە کار دەکەین،من بۆ خزمەتکردنی خەڵک ئەو ئەرکەم وەکو ئەمانەتێک وەرگرتووە تا خزمەتی هەموو خەڵکی هەرێمی کوردستان بکەین بێ جیاوازی. هەست دەکەین تەبایی وتێگەیشتنێکی باش لە نێوان من و لەگەڵ جێگری سەرۆک وەزیران کاک قوباد تالەبانی و هەموو وەزیرەکاندا هەیە.لە ڕۆژی یەکەمیشەوە بە هەموو وەزیرەکانم گوتووە کە ئێمە هاتووین خزمەتی خەڵک بکەین و حکوومەت ئەجێندایەکی هاوبەشی هەیە کە لەلایەن هەموو بەشداربوانی حکومەت نووسراوە و بەیەکەوە کار بۆ جێبەجێکردنی ئەو ئەجێندایە دەکەین و تا لە یەکیشەوە نزیکترین دەتوانین باشتر ئەو ئەجێندایە جێبەجێ بکەین.

کار بۆ نەهێشتنی گەندەڵی دەکەین

لە کارنامەی حکوومەت چەند تەوەرێکی گرنگمان هەن کە کاریان لەسەر دەکەین و پێمانوایە گرنگن بۆ قۆناخی داهاتووی هەرێمی کوردستان. یەکێک لەوانە پرسی چاکسازی و بەرنگاربوونەوەی گەندەڵی و سنووردارکردنیەتی کە پێشتریش هەوڵدراوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی بەڵام ئێمە وردتر و زیاتر کاری لەسەر دەکەین ، هەوڵیشماندا‌وە کابینەی نۆیەم حکوومەتێکی خزمەتگوزار بێت و زیاتر هاوواڵتی سەنتەری خزمەتگوزارییەکان بێت.

هەروەها بەرنامەمان هەیە بۆ باشترکردنی پەیوەندییەکانمان لەگەڵ حکوومەتی بەغدا، کە ماوەیەک گرژی و دووڕکەوتنەوە هەبووە و هۆکارەکانیش دیارن و پێویست بە باسکردنیان ناکات. بەڵام هەوڵێکی جدی هەیە بۆ ئەوەی پەیوەندییەکان لەگەڵ بەغدا ئاسایی بکەینەوە لە سەر بنەمای دەستور.

کرانەوە بە ڕووی جیهان

هەموو هەوڵێک دراوە بۆ هێنانی وبەرهێنانی بیانی و پەرەپێدانی وبەرهێنانی ناوخۆ. هەروەها فراوانکردنی سەرچاوەکانی داهات، بۆ ئەوەی تەنیا پشت بە هەناردەکردنی نەوت و گاز و وزە بەگشتی نەبەستین، بەڵکو پەرە بە هەموو کەرتەکانی دیکەش بدەین وەکو گشتوکاڵ، پیشەسازی و گەشتوگوزار، هەروەها هاوتەریب لەگەڵ ئەوەش گرنگی تایبەت بە پەروەردە و فێرکردن و تەندروستی بدەین.

پاراستنی سەقامگیریی لە هەرێمی کوردستان، یەکێکە لەو پرسانەی لەناو کارنامەی حکوومەت جێگەی کراوەتەوە، هاوکات پرسی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری و بە ئەلیکترۆنیکردنی کاروبارەکانی حکومەت، بۆ ئەوەی هاوواڵتیان ئاسانتر دەستیان بە خزمەتگوزارییەکان بگات.

لە هەموو سێکتەرەکان لەگەڵ وەزیرەکان کارمان کردووە بۆ ئەوەی داتاکان کۆبکرێنەوە و لەسەر بنەمای داتا بڕیار بدرێت نەک میزاج، بۆ ئەوەی بزانین ئێستا کە لە دەستپێکی کابینەدایین لە کوێین و دواتر بزانین چ بڕیارێک بدەین.

بە پێی ئەو زانیارییانەی لە بەردەستن، ژمارەیەکی زۆر قوتابخانە پێویستن، کە نییە. بە گوێرەی داتاکان، نزیکەی 35هەزار پۆلی خوێندن پێویستن بە گوێرەی ستانداری نێودەوڵەتی، بۆ ئەوەی ڕێژەی مامۆستا بۆ هەر پۆلێک دابین بکەین، بێگومان هەر کۆمەڵگەیەک ئەگەر بیەوێت پێشبکەوێت دەبێت گرنگی بە پەروەردە بدات، هەر لە قۆناغی سەرەتاییەوە تا زانکۆ.

لە هەندێک شوێنی دووردەست قوتابخانە نییە ، ئێمە بودجەی تایبەتمان تەرخان کردووە و داواشمان لە کەرتی تایبەت کردووە هاوکاری حکوومەت بن لەو پرسە ، چونکە ئەو قەیرانە داراییە سەختەی هەرێم دووچاری بووە وە بووە هۆی ئەوەی قەرزێکی زۆری بکەوێتە سەر، بەتایبەتیش بەهۆی شەڕی داعش و دابەزینی نرخی نەوت و هاتنی ژمارەیەکی زۆری ئاوارەو پەنابەر، ئەوەش بارگرانییەکی ئابووری بۆ هەرێمی کوردستان دروست کرد، بەپێی تواناش هەوڵمان داوە زۆر گرنگی بە کەرتی پەروەردە بدەین، بۆ ئەو مەبەستەش بڕیاری پێویستمان داوە.

گرنگیدان بە کەرتی تەندروستی

لە بواری تەندروستیشەوە گفتوگۆمان لەسەر ئەوە کردووە کە چۆن پەرە سیستەمی تەندروستی بدەین، نەک هەر تەنیا بۆ خەڵکی کوردستان، بەڵکو بتوانین لە داهاتوودا ئەو کەرتە بکەینە کەرتێکی ئەوتۆ کە پەرە بە توانای پزیشکانمان بدەین، بۆ ئەوەی بتوانرێت لەو ڕێگەیەوە خەڵک لە دەرەوە بەمەبەستی چارەسەر بێتە هەرێمی کوردستان. دەمانەوێت بەو بڕە پارەیەی کە لە نارەنە دەرەوەی نەخۆش خەرج دەکرێت، تەکنەلۆجیای پێویست بهێنرێتە هەرێمی کوردستان کە خەڵکێکی زۆر لێی سوودمەند بن، کە سەرئەنجام ئاستی چارەسەری تەندروستیش لە هەرێمی کوردستان زۆر بەرز دەبێتەوە.

ئاسانکاریی بۆ وەبەرهێنەرانی بیانی و ناوخۆ

بێگومان هەر وڵات و کۆمەڵگەیەک بیەوێت پێش بکەوێت، دەبێت ژێرخانێکی ئابووری باشی هەبێت، بەداخەوە لە کوردستان بە پێی پێویست نەتوانراوە ئەوە بکرێت، لە زۆرێک لە کەرتەکان کەموکوڕی هەیە و دەبێت چارەسەر بکرێن.

سیاسەتی ئابووری هەرێمی کوردستان تا ئێستا بەشێکی زۆری لەسەر هاوردەکردنی کەلوپەل بووە لە دەرەوەی وڵات، کەواتە ئێمە وڵاتێکین کەلوپەل هاوردە دەکەین و خۆمان نەمانتوانیوە بەرهەمێکی ئەوتۆمان هەبێت و هەناردەی دەرەوەی بکەین، ئەوەش لە سیاسەتی ئابووریدا لە خزمەتی کوردستاندا نەبووە، جگە لە هەناردەکردنی نەوت و هەندێک بەرهەمی دیاریکراو نەبێت.

دەکرێت لە ڕێگەی هاندان و ئاسانکاری بۆیان، وەبەرهێنانەرانی دەرەکی بهێنرێنە کوردستان، بۆ ئەوەش پێویستە وەبەرهێنەر هەست بەوە بکات ئاسانکاریی بۆ کراوە.

دەوڵەمەندکردنی کوردستان بەوە دەبێت داهات لە دەرەوە بهێنرێتە هەرێمی کوردستان ئەمەش بە وەبەرهێنەرە بیانییەکان دەکرێت، لە هەمانکاتدا دەبێت وەبەرهێنەری ناوخۆییش هانبدرێت داهات نەباتە دەرەوە و بۆ ئەوەش پێویستە ئاسانکاری باشتر بکرێت. هەروەها پێویستە وەبەرهێنەر خۆی بڕیار لەسەر دروستکردنی پرۆژە نەدات، بەڵکو حکومەت بزانێت پێداویستی خەڵک چییە ئینجا بیداتە بەو پێیە پرۆژە بداتە وەبەرهێنەر، بەو جۆرەی پرۆژەکە لەگەڵ پێداویستی خەڵک بگونجێت، ئەوەش بەو مانایە نییە کە وەبەرهێنەر مافی دەستنیشانکردنی پرۆژەکەی نەبێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە و دەتوانن لەوەشدا حکومەت هاوکاربێت.

پاراستنی ژینگە ئەرکی هەموو هاوواڵتیانە

ژینگەپارێزی تەنها ئیشی کۆمپانیایەک نییە ، بەڵکو ئەرکی هەموو هاوواڵتیانە، پێویستە خەڵک بزانێت کوردستان مالی گەوردی هەموومانە، دەبێت تاک بەو شێوەیە بیربکاتەوە کە هاوشێوەی مالی خۆی کوردستانیش پاک ڕابگرێت و زبڵ و پاشماوە فڕێ نەدات، پاراستنی ژینگە ئەرکی هەمەلایەنەیە، کە پێویستە هەم کۆمپانیاکان ئەمە ڕەچاو بکەن، هەم هاوواڵتیانیش، لەم ڕووەوە هەرچییەک لە سەر ئێمە پێویست بێت دەیکەین.

گەندەڵی تەنیا دارایی نییە

ئێمە هەرلەسەرتاوە گوتوومانە دژی گەندەڵین، هەموو هەوڵێکیشمان داوە ئەو دیاردەیە بنبڕ یاسنووردارکردنی گەندەڵی هەیە، بەڵام ڕێژەیە ، پرسەکەش نابێت تەنیا لە گەندەڵی دارایدا کورتی بکەینەوە. بەڵکو بۆ نموونە خراپ بەکارهێنانی کاتیش گەندەڵییە، بۆ نموونە دەوامی فەرمانبەران کە دەبێت لە کاتی دیاریکراودا لە خزمەت هاوواڵتیدا بێت.ئەگەر کاتەکەی بە فیڕۆ بدات ئەوەش جۆرێکە لە گەندەڵی . هەندێک لەو ئەرکانەی سنووردانان بۆ گەندەڵی دەکەونە سەر ئەستۆی حکوومەت بۆ ئەوەش بڕیارماندا‌وە کە دەبێت دەوام ڕێکبخرێتەوە و فەرمانبەران دەوامی خۆیان بکەن. بۆ نموونە کەسێک کە لە ڕێگەی دوورەوە دێتە هەولێر بە چەندین ڕۆژ و هەفتە لە دوای مامەڵەکەی بێت و پارەیەکی زۆری هاتوچۆ خەرج بکات بۆ ئەوەی کارەکەی بۆ رایی بکرێت بەڵام بۆی ناکرێت بەڕاستی ئەوەش جۆرێکە لە گەندەڵی.

هەر کەسێک فەرمانبەری حکوومەتە خزمەتکاری خەڵکە، بۆ ئەوە دانراوە کە خزمەت بکات، دەبێت مەمنوونیش بێت هاوواڵتی لێی ڕازی بێت، ئەوەش سیاسەتی ئێمە بووە لەسەری ڕۆیشتوون، خۆشحاڵیشم کە خەڵک ڕازییە لە ڕێکخستنەوەی دەوام.

فەرمانبەری حکوومەت خزمەتکاری خەڵکە و بۆ ئەوە دانراوە کە خزمەت بکات

زیانی لێدەکەوێت، هەوڵی بنبڕکردنیشی دەدەین، بۆ نموونە ئەگەر ئێمەزایەک 10بۆ 12ڕۆژی بوێت ئەوە بەڕاستی ڕۆتینێکی زۆرە، ئێمە بەرنامەیەکی تایبەتمان هەیە بۆ ئەوەی پەرەی زیاتر بە حکوومەتی ئەلیکترۆنی بدەین، بۆ ئەوەی پرۆسەکان کورتبکەینەوە، تا هاوواڵتی بتوانێت بە کەمترین کات ئەو مامەڵەیەی هەیەتی تەواوی بکات.

هەر کاتێک خەڵکێک شارەزابێت لە کارەکەی، دەتوانێت بەبێ ڕۆتین کارەکان تێپەڕێنێت، بەڵام ئەگەر شارەزای کارەکەی نەبوو، پەنا بۆ شوێنی دیکە دەبات، ئەو کارانە کاتی زۆریان دەوێت بۆ چاکسازی کە پرۆسەیەکی بەردەوامە و هیچ کات ناتوانرێت بگوترێت گەیشتینە دواقۆناغی چاکسازی، بەردەوام دەتوانرێت چاکسازی زیاتر بکرێت، ئێمە لە حکوومەت هەوڵماندا‌وە ڕۆتین لە سەرجەم وەزارەتەکان کەم بکرێتەوە، لەگەڵ وەزیرە بەڕێزەکان گفتوگۆ کراوە چۆن بەو ئامانجە بگەین، ئەوەش لە ژێر چاودێری ئەنجوومەنی وەزیران.

پەیوەندی حکوومەت و حزب

نەکۆڵی لە ڕۆڵی حزب ناکرێت، لە هەڵبژاردنەکانیش جەماوەری حزبەکان بڕیار دەدەن کامە حزب دەسەڵات بگرێتە دەست و متمانەی زیاتری جەماوەر بدەست بێنن.

دوای هەڵبژاردن حزبە براوەکان دەتوانن کاریگەرییان لەسەر دارشتنی کارنامەی حکوومەت هەبێت، بەتایبەت ئەگەر حکوومەتێکی هاوپەیمانی بێت، لایەنە بەشدارەکان دەتوانن ئەجێندای هاوبەش پێشکەش بکەن، وەک ئەوەی لە کابینەی ئێستا هەیە.

کاتێک حزب بەشداری هەڵبژاردن دەکات و ئەجێندای خۆی بڵاودەکاتەوە، ئینجا ئەجێندایەکی لە حکوومەتیش دادەڕێژێت، کەواتە حکوومەت ئەرکی جێبەجێکردنی ئەجێندای لایەنە براوەکانن، ئەو نوێنەرانەی حزبەکانیش دیاریان دەکەن دەبێت جێگەی بڕوا و متمانەی حزبەکانیان بن، هاوکات دەبێت ئەجێندا‌کە بدەنە دەست نوێنەرانیان لە حکوومەت، دوای ئەوە ئەگەر بەرپرسێکی حزبی لەهەر ئاستێکدا بێت ڕەنگە پێشنیازی باشی هەبێت، با بیداتە حکوومەت. بێگومان حکومەتیش تەنیا هی حزبەکان نییە، ڕاستە حزبە براوەکان حکوومەتیان پێکهێناوە، بەڵام خەڵکێک هەیە بەشداری هەڵبژاردنیشی نەکردووە، بۆیە حکوومەت بەرامبەر بە ژیان و گوزەرانی ئەوانەش بەرپرسە کە لایەنگر و دەنگدەری هیچ لایەنێک نین.

پەیوەندییەکانی هەولێر و بەغدا

پەیوەندی نێوان هەولێر و بەغدا، فرەڕەهەندە، دوای پێکهێنانی کابینەی نۆیەم، لەگەڵ جێگری سەرۆک وەزیران و شاندێکی وەزاری سەردانی بەغدامان کرد، بۆ پێشاندانی نیازپاکی، چەند پێشنیازێکیشمان پێشکەش کرد.

دوو شت بوونەتە گرفت، یەکیان ناوچە کوردستانییەکان و ئاسایشی ناوچەکە یە، لەگەڵ پرسی نەوت و گاز و بودجە، لە دابەشکاری لە سەر دەکرێت لە 78%ی داهاتی نەوتی عێراق، نەک ?100%کەچی هەرێمی کوردستان هیچ بەشێکی بۆ تەرخان نەکراوە لە نەوت بۆ بەکاربردنی ناوخۆیی، چونکە ئەگەر بە پێی ڕێژەی 17%بێت دەبووایە سەد و حەفتا هەزار بەرمیل نەوتیش بۆ بەکارهێنانی ناوخۆیی بدرێتە هەرێمی کوردستان، بۆ نموونە نەوتی سپی کە وەرزی زستان دێت، یان دابینکردنی سووتەمەنی بۆ وێستگەکانی کارەبا ، بەڵام هیچ شتێک بۆ حکوومەتی هەرێم دانەنراوە.

لەو 78% بودجەی عیراق بەشێکی زۆری کە دەکاتە 45%ە بۆ خەرجی سیادی داناوە، کە دەبوو بەشی هەرێمیشی تێدابێت چونکە لێی دەبڕێت. بەڵام لە تەرخانکردنی بودجە بۆ هەرێمی کوردستان لە نەفەقاتی سیادی نایەت بەڵکو تەنیا لە 55%دێت، پێشتر ڕێککەوتبوون کە بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان 17%بوو بەڵام بە بڕیارێک کەمکرایەوە بۆ 12.6% .

کەواتە بودجەی هەرێمی کوردستان لە عێراق کە 12.6%ە لە 55%و ئەویش لە بنەڕەتدا 78%ـە، کە لە کۆتاییدا ئەو 12.6%یە واتا ئەو بودجەیەی بە هەرێمی کوردستان دەدرێت دەکاتە 5%ی کۆی بودجەی عێراق!

ئینجا دەشگوترێت کە هەرێمی کوردستان نەوت ڕادەستی بەغدا ناکات . ئەم قسەیەش ڕاست نییە. چونکە ئەو بڕە نەوتەی هەرێمی کوردستان هەناردەی دەکات، نیوەی دەبێتەوە دەستحەقی کۆمپانیاکانی نەوت، کە لە عێراق لەسەر خەرجی سیادی دەدرێت و لە پشکی هەرێمی کوردستان کەم دەکرێتەوە، بەڵام لە هەرێم ئێمە دەبێ لە بودجەی خۆمان هەقی ئەو کۆمپانیایانەی نەوت بدەین . کە واتە ئەو پارەیەی بۆ هەرێمی کوردستان دێت بە شێکی کەمە کە لە سنووری سێسەد تا سێسەد و بیست ملیۆن دۆلارە.

ئێمە ئامادەین ئەو 250هەزار بەرمیلە ڕادەست بکەین و خۆیان بیفرۆشن دوای ئەوەی بڕێکی بۆ بەکارهێنانی ناوخۆیی بخەینە لایەکەوە، بەڵام با بەغداش میزانیەی هەرێمی کوردستان بگەڕێنێتەوە و ئەو کاتە هیچ کێشەیەکمان نابێت لەگەڵ حکوومەتی عێراق، بەڵام دەبێت هەرێمی کوردستان بزانێت چۆن دەیفرۆشێت و لە چ ڕێگەیەکەوە دەبێت، هەروەک چۆن بەغدا دەیەوێت بزانێت ئێمە چۆن دەیفرۆشین، ئێمەش بە مافی خۆمانی دەزانین کە نەوتی عێراق لە هەر بەشێک بێت چۆن دەفرۆشرێت و چۆنیش هەناردە دەکرێت.

بەرپرسیارێتی ئێمە پاراستنی مافی خەڵکی هەرێمی کوردستان، دەبێت میزانیەی خەڵکی هەرێم بەغدا دابینی بکات، ناشکرێت هەرچی هەیە بیبەن و هیچیش نەگەڕێنەوە، دیارە پێویستە ئەوە بڵێم کە لێکتێگەیشتنی باش هەیە لەگەڵ سەرۆک وەزیرانی عێراق عادل عەبدولمەهدی و ستافەکەی.

لە قەرزە دەرەکییەکانی عێراق بەشی هەرێمی کوردستان نەدراوە

حکوومەتی عێراق 62 ملیار دۆلار قەرزی بیانی لەسەرە، کە دەبووایە بەشێک لەو پارەیە کە 9 ملیار دۆلارە بدرێتە هەرێمی کوردستان کە بەداخەوە نەدراوە، کەچی لە دانەوەی قەرزەکانیدا، هەرێمی کوردستان بەشدار دەبێت و لە بەشی هەرێمی کوردستان قەرزەکانی عێراق دەدەنەوە لە کاتێکدا هەرێم بە هیچ شێوەیەک لەو قەرزانە سوودمەند نەبووە. هەروەها هەنارەدەکردنی نەوتی کەرکووکیش کە بەناو هەرێمدا دەڕوات و ئێمە خەرجییەکی دەکێشین و حکومەتی عێراق ئامادە نییە خەرجی گواستنەوەکەی بدات.

دۆخی ئێستای عێراق زۆر نیگەرانی کردووین

دەبووایە هەموو ناوچەیەک کە بەرهەمهێنەری نەوتە، لە هەر بەرمیلێک دۆلارێکی بەربکەوێت، بەڵام لەو پارەیە هیچ حیسابێک بۆ هەرێمی کوردستان نەکراوە.

بۆ ئەو پرسانەش لێکتێگەیشتن و پەیوەندی باش و گفتوگۆش هەبووە بۆ چارەسەرکردنییان، بەڵام ئەو ڕەوشەی ئێستا زۆر نیگەرانی کردووین و کاریگەریی لەسەر ناوچەکەش دەبێت، لەلایەکەوە لەگەڵ داوای ڕەوای ئەو خەڵکەین کە بەشێوەیەکی ئاشتیانە داوای مافی خۆیان دەکەن، بەڵام دەبێت ئەوەش بزانرێت کە ئەو کێشانەی لە عێراق هەن، بەهۆی سەرۆک وەزیران عادل عەبدولمەهدی نییە، بەڵکو کەڵەکەبووی حکوومەتەکانی پێشوون، بۆیە ڕەوا نییە هەموو بخرێتە ئەستۆی بەڕێز عادل عەبدولمەهدی.



فەرحان جەوهەر

بزووتنەوەی کورد‌ایەتی بەرەو کوێ

دوای شکستی کۆی ئەزموونی حوکمڕانی حزبە ئایینی و نەتەوەییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دونیای عەرەبی، بزووتنەوەی کوردایەتی بە گشتی هەڵێکی باشی بۆ ڕەخساوە، ئەگەر بەشێوەیەکی عەقڵانی و نوێ مامەڵەی لەگەڵدا بکات، هەرچەندە ئەمڕۆ ڕووبەڕووی سەختییەکی زۆر بووەتەوە و نەتەوە سەردەستەکان، خۆیان بەسەرکەووتوو وێنا دەکەن، بەڵام لە ناوەوەدا بزووتنەوەی کوردایەتی لەسەر ئاستی جیهاندا پێشکەوتنی مەزنی بەخۆیەوە بینیوە و لە ئەمەریکا و ڕۆژئاوا بە گشتی وەک تاکە ئومێد و چرای دیموکراسی و مەدەنی سەیری ئەم بزووتنەوەیە دەکەن، بە بەراورد بەم شێوازە حوکمڕانییەی هەر سێ نەتەوەی تورک و فارس و عەرەب، بە جۆرێک گەیشتووەتە ئاستێک فەیلەسوفێکی دیاری وەک سلاڤۆی ژیژک بڵێ کورد تاکە چریسک و ئومێدی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستن، لەگەڵ ئەوەشدا بزووتنەوەی کوردایەتی بە گشتی و حوکمڕانییەتی ئەم بزووتنەوەیەش لە هەرێمی کوردستان هەڵگری دنیایەک ئیشکالیەت و ڕەخنەیە، پێویستی بە پێداچوونەوە و چاککردن و دەستکاریەکی قوڵ هەیە، بزووتنەوەی کوردایەتی بە حوکمی کولتوورەکەی بزووتنەوەیەکی شۆڤینی نەبووە و دەبێ بە هەموو شێوەیەک لە شۆڤینیەت دوور بکەوێتەوە و نابێت بکەوێتە ژێر سۆز و گوتاری هەندێ لە نووسەر و سیاسییە پۆپۆلیستەکانی، دەبێت شێوازی حوکمڕانییەکەی لەسەر بنەمای ئایدۆلۆژی بینا نەکات و لە هەوڵی دامەزراندنی بنەماکانی حوکمڕانیەتی مەدەنی بێت و هاوواڵتیبوون قووڵتر بکاتەوە، هەروەها چینی دەسەڵاتداری دەبێت تێکەڵەیەک بێت لە کەسە نوێکان و تەقلیدییەکان، جگە لەمە دەبێ دامەزراوە سیاسی و یاسایی و ئیدارییەکانی بەهێز بکات بە جۆرێک کە توانای ئیدارەدانێکی عادیلانەیان هەبێت بۆ خزمەتکردنی هاوواڵتیان، لە هەموشی گرنگتر مەسەلەی دیموکراسییە حزبەکانی بزووتنەوەی کورد‌ایەتی دەبێ کۆتایی بەو مەفهوومە بێنن کە خۆیان و خەڵکیشیان وا تێگەیاندووە کە دیموکراسی تەنها بریتییە لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی، راستە ئەمە ڕوکنێکی گرنگی سیستەمی دیموکراسییە، بەڵام هەمووی نییە ، حزبی کوردی بەر لەوەی دیموکراسی پێشکەشی خەڵک بکات، دەبێ لە ژیانی سیاسی خۆی پەیڕەوی بکات، مەحالە حزب لەناو خۆیدا دیموکراسی پەیڕەو نەکات و پێمان وابێت دیموکراسی بۆ خەڵک بە دیاری دێنێت، ئەو هۆکارەی وا دەکات ڕۆژئاوا ئۆمێد لەسەر بزووتنەوەی کورد‌ایەتی هەڵچنێت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئەوەیە کە گەلی کورد ناچێتە ژێرباری دەسەڵاتی حزبە ئایینییەکان و متمانەیان پێیان نییە بە تایبەتی دوای شکستی ئەزموونی حومکڕانییەتی هەموو حزبە ئیسلامییەکانی دونیای عەرەبی و غەیرە عەرەبیش، بەڵام ئەمە مانای وانییە حزبەکانی بزووتنەوەی کورد‌ایەتی بەبێ دەستکاریکردنی ژیانی سیاسی خۆیان تا ئەبەد لەسەر چەپکە گوڵەکەی کورد‌ایەتی پاڵ دەدەنەوە، ئەمڕۆ لە هەموو کاتێک زیاتر خەڵکی ئەو ناوچەیەی خۆمان خوازیاری هێنانەدی حوکمڕانیەتێکی مەدەنی و دیموکراسین.

پەرلەمان و کونسوڵخانەی بەریتانیا ڕەوشی ناوچە کوردستانییەکان و یاسای هەڵبژاردن تاوتوێ دەکەن



دوێنێ چوارشەمە 2019/11/6 لیژنەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم لە پەرلەمانی کوردستان بەسەرپەرشتیی جوان یونس ڕۆژبەیانی سەرۆکی لیژنە و ئامادەبوونی جێگری سەرۆکی لیژنە و ژمارەیەک لە ئەندامان و ڕاوێژکارانی لیژنەکە پێشوازیی لە شاندێکی کونسوڵخانەی بەریتانیا لە هەرێم کرد.

لە دیدارێکدا دوای بەخێرهێنانی شاندی میوان، سەرۆکی لیژنە کار و گرنگیی ئەرکەکانی لیژنەکە و ڕەوشی ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی بۆ شانەدەکە باس کرد، لەوانەش بابەتی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عێراق کە بەهۆی یاساکەوە ژمارەیەکی زۆر لە ئاوارە کوردەکان لە دەنگدان بێبەش دەبن، هەروەها باس لەو تانەیە کرا کە لیژنەکە لەدادگای فیدراڵیی عێراق لەسەر یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عێراق تۆماری کردووە.

هەر لە کۆبوونەوەکەدا گفتوگۆیەکی زۆر لەسەر ڕەوشی ئێستای ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم و عێراق و هەوڵەکان بۆ هەموارکردنەوەی دەستووری عێراق و چەندین بابەتی تر کە پەیوەستن بە کێشەی دەستوور و کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان هەرێم عێراق باسکران. لە کوتاییدا لیژنەکە داوای هاوکاری و هەماهەنگیی زیاتری لە شاندی میوان کرد بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە چوارچێوەی عێراقدا بەپێی دەستوور.

هەرێمی کوردستان بەشداری لە خولی 34ەمینی گفتوگۆکانی پانۆرامای خولی گشتگیر لە بارەگای UN لە جنێف دەکات

بڕیار وایە لە ڕۆژانی 9 تا 2019/11/14 لە بارەگای ئەنجومەنی مافەکانی مرۆڤ لە جنێف خولی 34ی لیژنەی تایبەت بە گفتوگۆکانی پانۆرامای خولی گشتگیر UPRبەستێت بە ئامادەبوونی پسپۆڕ و شارەزایان و نوێنەرانی دەیێت بە سەرپەرشتی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان و ئەندامیەتی وەزارەتی ناوخۆ و دامودەزگا پەیوەندیدارەکانی دیکەی حکوومەتی هەرێم بۆ خستنەڕووی هەنگاوەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕووی پابەندبوون بە پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ و ئەو پێشکەوتنانەی لە هەرێمی کوردستان بەدیهاتوون لە ماوەی ڕابردوودا.

لەم بارەوە د.دیندار زێباری ڕێکخەری ڕاسپاردەی نێودەوڵەتییەکان لە حکوومەتی هەرێم ڕایگەیاند: لە ماوەی ڕابردوودا هەرێم لە چوارچێوەی شاندی کۆماری عێراق لە دەیێت بە سەرپەرشتی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان و ئەندامیەتی وەزارەتی ناوخۆ و دامودەزگا پەیوەندیدارەکانی دیکەی حکوومەتی هەرێم بۆ خستنەڕووی هەنگاوەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕووی پابەندبوون بە پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ و ئەو پێشکەوتنانەی لە هەرێمی کوردستان بەدیهاتوون لە ماوەی ڕابردوودا.

لەم بارەوە د.دیندار زێباری ڕێکخەری ڕاسپاردەی نێودەوڵەتییەکان لە حکوومەتی هەرێم ڕایگەیاند: لە ماوەی ڕابردوودا هەرێم لە چوارچێوەی شاندی کۆماری عێراق لە دەیێت بە سەرپەرشتی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان و ئەندامیەتی وەزارەتی ناوخۆ و دامودەزگا پەیوەندیدارەکانی دیکەی حکوومەتی هەرێم بۆ خستنەڕووی هەنگاوەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕووی پابەندبوون بە پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ و ئەو پێشکەوتنانەی لە هەرێمی کوردستان بەدیهاتوون لە ماوەی ڕابردوودا.

لەم بارەوە د.دیندار زێباری ڕێکخەری ڕاسپاردەی نێودەوڵەتییەکان لە حکوومەتی هەرێم ڕایگەیاند: لە ماوەی ڕابردوودا هەرێم لە چوارچێوەی شاندی کۆماری عێراق لە دەیێت بە سەرپەرشتی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان و ئەندامیەتی وەزارەتی ناوخۆ و دامودەزگا پەیوەندیدارەکانی دیکەی حکوومەتی هەرێم بۆ خستنەڕووی هەنگاوەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕووی پابەندبوون بە پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ و ئەو پێشکەوتنانەی لە هەرێمی کوردستان بەدیهاتوون لە ماوەی ڕابردوودا.

لەم بارەوە د.دیندار زێباری ڕێکخەری ڕاسپاردەی نێودەوڵەتییەکان لە حکوومەتی هەرێم ڕایگەیاند: لە ماوەی ڕابردوودا هەرێم لە چوارچێوەی شاندی کۆماری عێراق لە دەیێت بە سەرپەرشتی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان و ئەندامیەتی وەزارەتی ناوخۆ و دامودەزگا پەیوەندیدارەکانی دیکەی حکوومەتی هەرێم بۆ خستنەڕووی هەنگاوەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕووی پابەندبوون بە پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ و ئەو پێشکەوتنانەی لە هەرێمی کوردستان بەدیهاتوون لە ماوەی ڕابردوودا.

لەم بارەوە د.دیندار زێباری ڕێکخەری ڕاسپاردەی نێودەوڵەتییەکان لە حکوومەتی هەرێم ڕایگەیاند: لە ماوەی ڕابردوودا هەرێم لە چوارچێوەی شاندی کۆماری عێراق لە دەیێت بە سەرپەرشتی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان و ئەندامیەتی وەزارەتی ناوخۆ و دامودەزگا پەیوەندیدارەکانی دیکەی حکوومەتی هەرێم بۆ خستنەڕووی هەنگاوەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕووی پابەندبوون بە پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ و ئەو پێشکەوتنانەی لە هەرێمی کوردستان بەدیهاتوون لە ماوەی ڕابردوودا.

لەم بارەوە د.دیندار زێباری ڕێکخەری ڕاسپاردەی نێودەوڵەتییەکان لە حکوومەتی هەرێم ڕایگەیاند: لە ماوەی ڕابردوودا هەرێم لە چوارچێوەی شاندی کۆماری عێراق لە دەیێت بە سەرپەرشتی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان و ئەندامیەتی وەزارەتی ناوخۆ و دامودەزگا پەیوەندیدارەکانی دیکەی حکوومەتی هەرێم بۆ خستنەڕووی هەنگاوەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕووی پابەندبوون بە پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ و ئەو پێشکەوتنانەی لە هەرێمی کوردستان بەدیهاتوون لە ماوەی ڕابردوودا.

لەم بارەوە د.دیندار زێباری ڕێکخەری ڕاسپاردەی نێودەوڵەتییەکان لە حکوومەتی هەرێم ڕایگەیاند: لە ماوەی ڕابردوودا هەرێم لە چوارچێوەی شاندی کۆماری عێراق لە دەیێت بە سەرپەرشتی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان و ئەندامیەتی وەزارەتی ناوخۆ و دامودەزگا پەیوەندیدارەکانی دیکەی حکوومەتی هەرێم بۆ خستنەڕووی هەنگاوەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕووی پابەندبوون بە پرەنسیپەکانی

ئینتسار جبووری، پەرلەمانتاری هاوپەیمانیی هێزە عێراقییەکان بە خەباتی ڕاگەیاند، خۆپیشاندانەکانی عێراق دەرئەنجامی نەبوونی خزمەتگوزاری و گەندەڵی و پشتگوێخستنی خەڵکە، ڕوونیشی کردەوە کە ئەو خۆپیشاندانانە ڕوویان نەدەدا ئەگەر نیوەی ئەو خزمەتگوزاریانەی لە هەرێمی کوردستاندا هەیە، لە بەغدا و ناوچەکانی دیکەی عێراقدا هەبووبان.

ئەو پەرلەمانتارە جەختی کردەوە، هاوواڵتیانی عێراقی کاتێک سەردانی هەرێمی کوردستان دەکەن، دەبینن پێشکەوتن و ئاوەدانکردنەوە و خزمەتگوزاریی گونجاو پێشکەش بە هاوواڵتیان دەکرێت، بۆیە لە هەرێمی کوردستان هەست بەوە دەکەن کە حکوومەت بە کرداری و بە پلانێکی زانستییانە خزمەتگوزاری دابین دەکات.

باسیشی لەوە کرد کە هەرێمی کوردستان هەڵی کار و پرۆژەی وەبەرهێنانی تێدایە، بەمەش کێشەی بێکاری کەم بووەتەوە و هەڵی کار بۆ ڕۆڵەکانی هەرێمی کوردستان هەیە. بەڵام حکوومەتی عێراق ناتوانێت هەڵی کار بۆ بێکاران بڕەخسێنێت، تەنانەت پێویستییەکی زۆریشی بە وەبەرهێنان هەیە.

پەرلەمانتارێکی عەرەبی عێراق: خزمەتگوزارییەکانی عێراق بەقەد نیوەی هەرێمی کوردستان بووایە خۆپیشاندان نەدەکرا

حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە کردار و پلانێکی زانستییانە خزمەتگوزاری دابینەدەکات

عێراق.. بە دەیان خۆپیشاندەر لە کەربەلا و بەسرە بریندار‌بوون

دوو سەرچاوەی ئەمنی لە عێراق ڕایانگەیاند کە بەهۆی ڕێگریکردن لە خۆپیشاندەران بۆ هەڵکوتانەسەر بالەخانەکانی ئەنجوومەنی پارێزگای کەربەلا و ئەنجوومەنی پارێزگای بەسرە لە لایەن هێزە ئەمنییەکانەوە، 30ی خۆپیشاندەر بریندار‌بوون.

سەرچاوەیەک لە پۆلیسی کەربەلا دوێنێ چوارشەمە ئاشکرای کرد کە هێزە ئەمنییەکان ڕێگریبیان کرد لە خۆپیشاندەران کە هەوڵیان دەدا هەڵبکوتنەسەر بالەخانەی ئەنجوومەنی پارێزگای کەربەلا بۆ ئەوەی بیسوتێنن. بە گوتەی سەرچاوەکە، هێزە ئەمنییەکان گازی فرمێسکڕێژیان بەکارهێنا ، بۆ ئەوەی بڵاوە بە خۆپیشاندەران بکەن و بە هۆیەوە ڕووبەڕووبوونەوە و پێکدادان لە نێوان هەردوولادا ڕوویداوە. سەرچاوەکە ئاماژەی بەوەشکرد کە بەهۆی ڕووبەڕووبوونەوە و پێکدادانەوە، پێنج خۆپیشاندەر بریندار‌بوون.

لە پارێزگای بەسرەش سەرچاوەیەکی ئەمنی ڕایگەیاند کە بەهۆی هەوڵی هێزە ئەمنییەکان بۆ بڵاوەپێکردنی خۆپیشاندانەکانی بەردەم بالەخانەی ئەنجوومەنی پارێزگاکە، 25خۆپیشاندەر بریندار‌بوون. سەرچاوەکە ڕوونیشی کردەوە کە سەدان خۆپیشاندەر لە بەردەم بالەخانەی ئەنجوومەنی پارێزگای بەسرە گردبوونەوە و هەوڵیاندا هەڵبکوتنەسەر بالەخانەکە، بەڵام لە لایەن هێزە ئەمنییەکانەوە ڕێگریبیان لێکراوە. سەرچاوەکە ئاشکراشیکرد کە هێزە ئەمنییەکان بە گازی فرمێسکڕێژ بڵاوەیان بە خۆپیشاندانەکانی بەردەم بالەخانەی ئەنجوومەنی پارێزگای بەسرە کردووە و بەهۆیەوە 25خۆپیشاندەر بریندار‌بوون.

قایمقامی شنگال بۆ خەبات

ڕەوشی شنگال خراپە و پێویستە چارەسەرێکی بەپەلەی بکرێت

قایمقامی شنگال ڕایگەیاند کە پێویستە چارەسەرێکی بەپەلەی ڕەوشی شنگال بکرێت و گوتی کە شارەکە لە دۆخێکی نائارام و خراپدایە و هیچ دواڕۆژێکی شنگال دیار نییە.

مەحما خەلیل، قایمقامی شەرعی شنگال بە خەباتی ڕاگەیاند شنگال لە دۆخێکی نائارام و خراپدایە و هیچ دواڕۆژێکی شارەکە دیار نییە.

ئێستا شنگال لەژێر دەسەڵاتی عێراقدایە، بەڵام لەلایەن عێراقەوە بەڕێوە نابرێت و لە دەرەوەی یاسا و ڕێساکانی عێراقەوە ئیدارە دەکرێت.

خەلیل ڕایگەیاند کە ئەوە کارەساتێکە بەسەر شنگالدا دێت چەندین هێزی ناشەرعی لە سووریا و قەندیلەوە لەو شارەدان بە هەماهەنگی لەگەڵ حەشدی شەعبیدا و چەندین گرووپی چەکدار لەو شارەن .گوتیشی هەریەک لەو هێزانە بە هەودسی خۆیان کار دەکەن و ئەمە وایکردووە کە خەڵک ترسی لەلا دروست بێت .

مەحما خەلیل، قایمقامی شەرعیی شنگال ڕاشیگەیاند لە بەرژەوەندی عێراق و هەرێمی کوردستان و خەڵکی شنگالیشە گیروگرفتەکانی ئەو شارە چارەسەر بکرێت کە ئێستا هیچ بەرنامەیەکی ڕوون و ئاشکرار بۆ ئەم مەبەستە لەئارادا نییە و ڕۆژ دوای ڕۆژ ڕەوشی شاری شنگال ڕوو لە خراپبوونە و ئەگەر بەزوویی چارەسەر نەکرێت ئاڵۆزی گەورە لە ناوچەکەدا ڕوودەدات.

ئیدلب.. نەخۆشخانەیەکی منداڵانی کرایە ئامانج



لە هێرشێکی ئاسمانیی فڕۆکە جەنگییەکانی ڕووسیادا بۆ سەر ناوچەکانی نیشتەجێبوون لە سنووری ناوچەی کەمکردنەوەی گرژی ئیدلب، دوو کارمەندی تەندروستی بریندار‌بوون.خانەی چاودێری فڕۆکەی سەر بە ئۆپۆزسیۆن، ئاماژەی بەوە کرد کە فڕۆکە جەنگییەکانی سەربە ڕووسیا دەرنگانی شەو هێرشیان کردووەتە سەر شارۆچکەی مەعەرەت نوعمان و گوندەکانی شینان و مەعەرشورین لە ئیدلب. بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی منداڵان و لەدایکبوونی ئیخلاس لە گوندی شینان، د. زوهەیر کارات ڕایگەیاندووە کە دەرنگانی شەوی ڕابردوو فڕۆکە جەنگییەکان دوو هێرشیان کردووەتە سەر نەخۆشخانەکە. گوتیشی: لە ئەنجامی هێرشەکە لەسەدا 80ی نەخۆشخانەکە ڕووخاوە و دوو کارمەندیش بریندار‌بوون. منداڵان و نەخۆشەکانی ناو نەخۆشخانەکە گوازراونەتەوە. دوا بە دوای هێرشەکە تیمەکانی بەرگری شارستانی ئیدلب (کڵاو سپیەکان) ڕەوانەی شوێنەکە کراون و نەخۆشەکانیان گواستووەتەوە و ئاگرەکەیان کوژاندووەتەوە. لە ئاکامی ئەو هێرشانەی فڕۆکە جەنگییەکانی ڕووسیا لە ماوەی هەفتەی ڕابردوودا کردوویانەتە سەر ناوچەکانی نیشتەجێبوون لە سنووری ناوچەی کەمکردنەوەی گرژی ئیدلب، 12هاوواڵتی مەدەنی گیانیان لەدەستداوە.

حکوومەتی هەرێمی کوردستان وەڵامی لێدوانی ژمارەیەک ڕێکخراو دەداتەوە

د. دینار زێباری: هیچ هێزێکی ئەمنی حکوومەتی هەرێم لە کەمپی مەخموور بوونی نییە

ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان ڕایگەیاند: ئەو قوتابیانەی کە نیشتەجێی کەمپی مەخموورن و لە زانکۆ و پەیمانگاکانی هەرێم دەخوێنن ڕۆژانە بەشێوەیەکی ئاسایی هاتوچۆی خۆیان دەکەن



ماوەیەکە بەشێک لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و ژمارەیەک پەرلەمانتاری سەر بە چەند لایەنێکی دیاریکراو باس لەوە دەکەن کە دەزگا پەیوەندیدارەکانی حکوومەتی هەرێم ڕێگریی دەکەن لە هاتوچۆی پەنابەرانی کەمپی مەخموور بۆ دەرەوەی شارەکان بەتایبەتی دوای کردەوەی تیرۆرکردنی دیپلۆماتێکی تورکیا لە شاری هەولێر.

لەم بارەوە د.دیندار زێباری ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند: لە دوای هاتنی لێشاوی ئاوارە و پەنابەران بۆ هەرێمی کوردستان دەزگا پەیوەندیدارەکانی حکوومەتی هەرێم چەندین ڕێوشوێنیان گرتەبەر بۆ حەواندنەوەیان و دروستکردنی کەمپ بۆیان، یەکێک لەو ڕێوشوێنانە بریتی بووە لە ڕێکخستنی هاتوچۆی کەمپەکان ئەویش بۆ پاراستنی ئەمن و ئاسایشی کەمپەکان و ڕێکخستنی، بەڵام سەرەڕای ئەوەش ڕێگری لە کەس نەکراوە، تەنانەت ژمارەیەکی زۆری ئاوارە و پەنابەران لە ناو شارەکان دەژین.

زێباری تیشکی خستە سەر ئەو لێدوان و ڕاپۆرتانەی باس لەوە دەکەن دەزگا پەیوەندیدارەکانی حکوومەتی هەرێم ڕێگری لە هاتوچۆی پەنابەرانی کەمپی مەخموور بۆ ناو شارەکان دەکەن و لەم بارەوە گوتی: لە دوای تیرۆرکردنی دبلۆماتێکی کونسوڵخانەی تورکی لە هەولێر، دەزگا پەیوەندیدارەکان پێداچوونەوەیەک بە ڕێوشوێنە ئەمنییەکان کراوە، بەشێک لە دانیشتوانی ئەم کەمپە کێشەیان هەیە بۆ تازەکردنەوەی ناسنامەی ڕێپێدان کە 760کەس کە ڕەزامەندی نوێکردنەوەیان لەلایەن حکوومەتی ئێتیحادییەوە دەدرێت نەک حکوومەتی هەرێم و لەبەر نوێنەکردنەوەی ناسنامەی ڕێپێدان بەشێکیان کێشەیان بۆ دروست بووە لە هاتوچۆکردن بۆ پارێزگاکان، هەروەها چەند گرووپێکی سەربازی نافەرمی لە دەوروبەر و ناو کەمپەکە بوونیان هەیە کە دەست دەخەنە ناو بەڕێوەبردنی کەمپەکە و سەرپەرشتی کەمپەکە دەکەن، حکوومەتی هەرێم بە هیچ شێوەیەک بەشێک نییە لە بەڕێوەبردنی کەمپەکە و هیچ هێزێکی ئەمنیش لەلایەن حکوومەتی هەرێم بوونی نییە لەو ناوچەیە.

ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان ئەوەشی ئاشکرا کرد کە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی هاتوچۆی پەنابەرانی کەمپەکە و کارئاسانیکردن بۆیان لایەنە پەیوەندیدارەکان لە هەولێدان بۆ دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەک لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکوومەتی ئێتیحادی، چونکە لەساڵی 2014ەوە وەزارەتی ناوخۆی حکوومەتی ئێتیحادی لە بەغدا نوێکردنەوەی ناسنامەی نشینگەی بۆ پەنابەرانی نیشتەجێی ئەم کەمپە ڕاگرتووە، بەڵام پێشتر دانیشتوانی کەمپەکە ئازاد بوون لە هاتوچۆکردن بۆ هەموو شارو شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان بە مەبەستی ڕاپەڕاندنی کاروباری ڕۆژانەیان.

زێباری ئەوەشی ڕوونکردەوە کە سەرەڕای پێداچوونەوە بە ڕێوشوێنە ئەمنییەکان، ڕێگری لە هاتوچۆی پەنابەرانی کەمپی مەخموور نەکراوە و لەم ڕووەوە زیاتر گوتی: سەرەڕای ئەو ڕێوشوێنانەی کە لە ئێستادا پیادە دەکرێن لەلایەن دەزگا پەیوەندیدارەکانەوە، بەڵام ئەو قوتابیانەی کە لە زانکۆ و پەیمانگاکانی هەرێم دەخوێنن ڕۆژانە بەشێوەیەکی ئاسایی هاتوچۆی خۆیان دەکەن، هەروەها کەسانی نەخۆش کە لە بنکەی تەندروستی کەمپەکە چارەسەر ناکرێن و پێویستیان بە سەردانی نەخۆشخانەی شارەکان هەیە بە مەبەستی چارەسەری، بە هیچ شێوەیەک ڕێگریان لێ نەکراوە، بەڵکو هاوکارییان دەکەن بۆ ئەوەی سەردانی نەخۆشخانە بکەن، تەنیا خاڵەکانی پشکنینی هەرێم داوای دڵنیابوونەوە دەکەن لە ناسنامە و بەڵگە فەرمییەکان.

بانگەشەی هەڵبژاردن

ڕێفۆرم و نوێخوازی



شەنگە هاوارکاکەیی*

مەتڵەب و خواستی جەماوەر کە ئاراستەی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە، بەدەر لە دابینکردنی ماف و خزمەتگوزارییە سەرەکییەکانی ژیانی وەکو ئاو و کارەبا و قوتابخانەی مۆدێرن و ڕەخساندنی هەلی کار و...هتد، بەدەر لەمانە هەمووی بەدیهێنانی خەونی بەدەوڵەتبوونە، وە بۆ پرکردنەوەی ئەو بۆشاییە ڕۆحییەش کە بەرجەستە بووەو چەقیوە لە دڵ و دەروونی تاکی کوردیدا، هەمیشە پارتی دایک دەستپێشخەر بووەو تاکە پەناگەی ئارام بووە بۆ ئەو خەون و خولیایانەی کەوا زیاتر لە چل ملیۆن کورد گیرۆدەی بوونە.

بۆ ئەو ڕەسەنایەتییە لەمێژینەیەی کە هەیەو دڕەوشاوەیە وەکو شەبەنگی خۆرەتاو، کە لە هەنگاوە کردارییەکانداسەلمێندراوە کەوا پارتی دایک بارتەقای هەر لەسەرەتای دامەزراندنیەوە، ئەم بارە قورسەی خستۆتە ئەستۆی خۆی، تا ئەم ئانوساتەش وەکو کارنامەیەکی حزبی هەنگاوی زۆری ناوە، لە هەموو ئەم هەنگاوانەش بەتەنیا نەبووە، بەڵکو بەهیمەت و بە پشتیوانی جەماوەر بەرەوی بەخەباتی نەتەوەکەی داوە و لەڕێزبەندی یەکەمدا بووە وەکو سەنتەرئایدیال سەر بە ئەجیندایەکی نەتەوەیی بووە، دیاریشە گردبوونەوەی جەماوەر لەدەوری پارتی دایکدا بۆ هاتنەدی ئەو خەونە لەمێژینەیە کە لە خەوننامەی تاکی کوردیدا بۆتە خۆتکە، هەڵگری یەک واتایە، ئەویش ئەوەیە کە پارتی دیموکراتی کوردستان تاکە پارتی نەتەوایەتییە کە موتوربەی ڕووکەشبوونی دروشمەکان نەبووەو ئەم ئافاتەی بەزاندوە و ئەمەش شەرعیەتی هێزی پارتییە کە هەناسەی تاکی کوردی کە هەردەم موحتاج وێپۆیستیانە وەکو خواردن و خۆراک، وەکو ئاو و هەوا...

هەرچەندە گۆڕەپانی کوردی بە دیاردەی فرەحزب و پارتی ڕەنگاوڕەنگ ئاڵێنداراوە، ئەمەش کەشێکی تەندروستە بۆ پێشخستنی پرۆسەی دیموکراسی هەرێم. بەڵام، هەر پارتی دایک بێ ڕکابەرە و تاکە پارتیشە خاوەن ڕوئیاو پەیڕەو و پرۆگرامێکی نەتەوەییە کە بەهیچ شێوەیەک قابیلّی قەبوڵ نییە ئەم دەستوورە بگۆڕێ لەژێر هیچ هەرەشەو گوشارێک کە ڕووبەڕووی بووبێتەوە یام ڕووبەڕووی ببێتەوە. بەڵام پارتە بچووکەکان، چوونکە ڕەهەندە نیشتمانییەکەیان لاوازە و لەیەک بازنەدا چەقبەستوو بوونە، ئەوا ڕۆژ دوای ڕۆژ پێگەی جەماوەریان لە کەمبوونەوە دایە و وەکو مەکانیزمی بزنس و بازرگانی جێگای خۆیان لەناو دڵ و دەروونی جەماوەردا کردۆتەوە، بەپێچەوانەی حزبی دایک کەوا جەماوەرەکەی هەمیشە لەهەڵکشانە و ئێستاش کە بەڕەو کۆنگرەی چواردەمین هەنگاوەکان بەرقەراوە، پێشبینینی ریفۆرم و نوێخوازی لە خولیاو خەون و لە ئەندێشەی جەماوەرو کادیرانی ئەو پارتەدا دەخولێتەوە، چونکە گرنگی ئەم چواردەمینە لەوە چڕکراوەتەوە کەوا بەرواری بەستنی پاش ئەنجامدانی ریفراندۆمە مەزنەکەمانە و هەروەها پاش دامەزراندنی ئەم کابینەیە تازەیە کە بە سەرۆکایەتی ڕێزدار مەسرور بارزانی هاتۆتە کایەوەو یەکێک لە کارە گرنگەکانیشی هەنگاونانە بۆ دامەزراندنی حکوومەتێکی موئەسەساتی و پرۆفیشناڵ و دەستپێکی ئەم حکوومەتەش بە شکاندنی داشە بەردەکانی گەندەڵی بوو، ئەمەش یەکێک بوو لەو مژدانەی پێشتر سەرۆک بارزانی بەخشیبووی قاعیدەی حزب و جەماوەر... ئەمانەش هۆکارگەلێکن کەوا ئەجیندای پارتی دیموکرات کە لەسەر بنەمای ئاشتی و ئازادی و دیموکراسییەت دامەزراوە چەندە دەوڵەمەندەو چەند دەوڵەمەنتریش دەبێ و تموحی جەماوەری پارتیش گەورەتر دەبێ لەوەی کە هەیە، ئەویش بە پەڵهاوێشتن بۆ ریفۆرم و نوێبوونەوە و نوێخوازی هەنگاوەکان، خۆ ئەگەر چاو بخشێنینەوە بە ڕیلاژەکردنی کۆنگرە یەک لەدوای یەکەکاندا، دەبینین لە بەستنی هەر کۆنگرەیەکدا هەڵگری ئیماژ و خەسڵەتی تایبەت بەخۆیەوە گرێدابوو، لەوانە کات و زەمەن، بارودۆخی نێوخۆیی، بەڵام بەستنی کۆنگرەی ئەمجارە وێڕای دووبارەبوونەی میکانیزمەکان، لەم کەشە پڕ باوەڕەدا، هەڵگری سیمایەکی تازەیە و دڵنیام سەرۆک بارزانی بەدانی مژدەیەکی وەکو دڵنیاین دڵنیا، سوپرایزێکی گەورە لەلایەن سەرۆک بارزانییەوە دەبەخشرێتە هەناوی پەیڕەو و پرۆگرامی پارتی دیموکراتی کوردستان و بۆ تامەزرۆیی جەماوەرەکەی، چوونکە هەگبەی ئەم جارەی سەرۆک بارزانی گەلاڵەڕێزان بووە بە عەتری سەربەخۆیی و ناکرێ بە خەیاڵێکی یۆتۆپیاوی ئەژماری بکەین، یاخود بڵێین پێشبینی! چونکە لەتاقیکردنەوەی بەختی مرۆڤ پێشبینی کردن مەحاڵە و بەدی ناکرێ، بەڵام لە سیاسەت پێشبینی زۆر بەسانایی دەکرێ تا گەیشتن بەو چرکەساتە.

جەماوەری پارتی چاوەڕوانی ڕۆژێکی نوێ و هەنگاوێکی نوێیە، چونکە جەماوەر مێشکی بەسەربەخۆیی ڕاهاتووە و ڕامکراوە کەوا کاریزمای سەرۆک بارزانی ناهێڵێت تای تەرازوو شەت و خوار و لاسەنگ بێ لە بەرجەستەبوونی عەدالەتی کۆمەڵایەتی و یەکسانی و دادپەروەری و گەڕانەوەی شکۆ بۆ ئەو کادیرانەی کەبێ بەرژەوەندی مافی حزبیبوونیان وەکو پێویست ئاوڕیان لێ نەدراوەتەو هەموو ئەو خەونانە لەسەر دەستی سەرۆک دێتەدی. هەر ئەمەش تاکە هۆکارە کەوا هەموو ئایدیۆلۆژییەکانی بەزاندووە و بووەتە نەخشە ڕێگەیەک بۆ بەردەوامیەتی حزبی دایک، ئا لەم کەشە تەندروستە پر دڵنەواییە گەرمەدا چاوەڕوانی زەمینەسازییەکەی تازەی سەرۆکێن بۆ کادیرانی پارتی، بۆ ئەوەی جڵەوی دەسەڵات لە قاڵغێکی نوێ بکەوێتە گەڕ بەڕەو ئایندەیەکی گەش و گەشاوەتر...

* ماستەر لە یاسای گشتی
زانکۆی حیکمە بەیروت.

بانگەشەی هەڵبژاردن

بانگەشەی ئەمەریکا لەبارەی خۆپیشاندەرانی عێراق ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە

نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق: پێشێلکاریی بەرانبەر بە خۆپیشاندەران ئەنجامدراوە



بانگەشەی ئەمەریکا لەبارەی خۆپیشاندەرانی عێراق ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە و تیادا هاتووە: ئەمەریکا بەردەوام جەختی کردووەتەوە لەسەر پاڵپشتیکردن لە ئاسایش و گەشەپێدانی عێراق بۆ ئەوەی بەرگریی بکات لە گەلەکەی دژبەو گرووپە توندئاژۆیانەی کە هەوڵدەدەن زیان بە سەروەریی و دیموکراتی عێراق بگەیەنن.

لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئەوە خراوەتەڕوو کە لەکاتێکدا جیهان چاودێری پێشهات و ڕووداوەکانی عێراق دەکات، کاتی ئەوە هاتووە حکوومەتی عێراق و سەرکردە سیاسییەکان بەپەلە و بە جددی وەڵامی داواکارییەکانی خۆپیشاندەران بدەنەوە، کە داوای چاکسازیی دەکەن و ڕاشیگەیاندووە بە سەرکوتکردنی ئیرادەی گەلەکەی، عێراق هیچ داهاتوویەکی نابێت. لە کۆتایی ڕاگەیەندراوەکەدا، باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە بەغدا ئاماژەی بەوەکردووە کە ئیدانەی کوشتن و ڕفاندنی خۆپیشاندەران و هەڕەشەکردن بۆ سەر ئازادیی ڕادەربڕین و بەردەوامی توندوتیژی لە عێراق دەکات و جەختی کردووەتەوە لەسەر ئەوەی کە پێویستە عێراقییەکان ئازاد بن و خۆیان بڕیاری تایبەت لە بارەی داهاتووی وڵاتەکەیان بدەن.

هەروەها نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ یارمەتییدانی عێراق (یۆنامی) هێزە ئەمنییەکانی عێراقی بەوە تۆمەتبار کرد کە پێشێلکارییان بەرانبەر بە خۆپیشاندەرانداوە هەڕەشەکردن بۆ سەر ئازادیی ڕادەربڕین و بەردەوامی توندوتیژی لە عێراق دەکات و جەختی کردووەتەوە لەسەر ئەوەی کە پێویستە عێراقییەکان ئازاد بن و خۆیان بڕیاری تایبەت لە بارەی داهاتووی وڵاتەکەیان بدەن.

هەروەها نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ یارمەتییدانی عێراق (یۆنامی) هێزە ئەمنییەکانی عێراقی بەوە تۆمەتبار کرد کە پێشێلکارییان بەرانبەر بە خۆپیشاندەرانداوە ئەنجامداوە.

نووسینگەی مافەکانی مرۆڤ سەر بە نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق ڕاپۆرتێکی لەبارەی خۆپیشاندانەکانی عێراقەوە بڵاوکردەوە و تیادا هاتووە: لە مانگی ڕابردوو شاری بەغدا و ژمارەیەک شاری ناوەڕاست و باشووری عێراقی گرتووەتەوە، هێزە ئەمنییەکان پێشێلکارییان بەرانبەر بە خۆپیشاندەران ئەنجامداوە.

لە ڕاپۆرتەکەدا ئەوە خراوەتەڕوو کە لە میانی خۆپیشاندانەکانی عێراق لە 25ی مانگی ڕابردووە تا 4ی ئەم مانگە، 97 کەس کوژراون و بەهەزارانی دیکەش بریندار بوون.

نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕادەگەیەنێ، سەرەڕای ئەوەی هێزە ئەمنییەکانی عێراق بەراورد بە خۆپیشاندانەکانی پێشوودا مامەڵەکانیان گۆڕیوە بە تایبەتیش لە شاری بەغدا، بەڵام هێشتا چەکی قەدەغەکراو بەرانبەر خۆپیشاندەران بەکار دەهێنن کە ئەوەش جێگەی نیگەرانییە. لە ڕاپۆرتەکەدا ئاماژە بەوەکراوە کە بەهۆی بەکارهێنانی بۆمبی گازی فرمێسکڕێژ لە لایەن هێزە ئەمنییەکانەوە، 16 خۆپیشاندەر گیانیان لەدەستداوە و ژمارەیەکی دیکەش بریندار بوون.

هاوکات لە ڕاپۆرتەکەدا نێردەی تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق، جێنین هێنیس-پلاسخارت جەختیکردووەتەوە لەسەر ئەوەی کە گرنگە تووندوتیژی لە خۆپیشاندانەکان ڕابگیرێن و گوتوویەتی: دەبێت درک بەوە بکەین کە ئەمڕۆ لەم سەردەمەدا ئینتەرنێت بووەتە گرنگییەکی ڕۆژانەی هەموو تاکێک، بۆیە ناکرێت ئینتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ڕابگیرێن، بە پێچەوانە ڕاگرتنی ئینتەرنێت دەچێتە چوارچێوەی پێشێلکردنی ئازادی ڕادەربڕینەوە.

لای خۆیەوە بەرپرسی نووسینگەی مافەکانی مرۆڤ سەر بە نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق، دانیێل بێل گوتوویەتی: بەکارهێنانی گازی فرمێسکڕێژ لە لایەن هێزە ئەمنییەکانی عێراقەوە بەرامبەر بە خۆپیشاندەران هیچ پاساوێک هەڵناگرێت.

لە سەرەتای مانگی ڕابردووەوە، عێراق ڕووبەڕووی خۆپیشاندان و ناڕەزایەتیی جەماوەری بەرفراوان بووەتەوە و تائێستا بەردەوامی هەیە، داواکاری سەرەکی خۆپیشاندەران جگە لە باشکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکان، دابینکردنی هەلی کار، بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی، هەڵوەشانەوەی حکوومەتەکە.

بانگەشەی هەڵبژاردن

لە ماوەی ساڵێکدا 138هەزار هاووڵاتیی تورکیا وڵاتەکەیان جێهێشتووە

بە گوێرەی زانیاریی میدیایەکی تورکیا لە ساڵی 2018 لە تەواوی تورکیادا 137 هەزار هاووڵاتیی تورکیا وڵاتەکەیان جێهێشتووە، ئۆپۆزسیۆنی تورکیاش پێیوایە ئەمە دەیردەخات کە هاووڵاتیی تورکیا لە ئایندەی وڵاتەکەیان بێ ئومێد بوون.

ڕۆژنامەی (سۆزجو)ی تورکی لەمبارەوە بڵاوی کردووەتەوە، ساڵی 2018 لە تەواوی تورکیا 137 هەزار کەس تورکیایان بەجێهێشتووە، هەروەها ئاماژەی داوە کە لەچاو 2017 ڕێژەی کۆچکردنی هاووڵاتییان 20٪ بەرز بووەتەوە. ئەردۆغان تۆپڕاک ئەندام پەرلەمانی جەهەپە، پێیوایە ئەم ژمارانە دەیردەخات کە هاووڵاتیی تورکیا لە ئایندەی وڵاتەکەیان بێ ئومێدن بە ئایندەی تورکیا نەماوە. تۆپراک بۆ (سۆزجو) دەڵێت: هاووڵاتییان هیچ دڵخۆش نین بە بەڕێوەبردنی وڵات، بۆیە وڵاتی خۆیان بەجێدەهێڵن و بەرەو ئەوروپا دەڕۆن. بە گوێرەی زانیارییەکانی ڕۆژنامەی ناوبراو، زۆربەی هاووڵاتییانی تورکیا بەرەو یۆنان و مەکدۆنیا و پورتوگال دەڕۆن.

بە گوێرەی ئاژانسەکانی هەواڵی تورکیا، قەیرانی دارایی یەکێکە لەو هۆکارانەی وا دەکات هاووڵاتییان وڵات بەجێبهێڵن و بچنە ئەوروپا، چونکە بارودۆخی ئابووریی خەڵک زۆر خراپە و ناتوانن بژێوی ژیانیان دابین بکەن.

پۆلیسی هەولێر دەستگیرکردنی 23 تۆمەتباری ڕاگەیاند



بەڕێوەبەری پۆلیسی پارێزگای هەولێر، دەستگیرکردنی 23 تۆمەتباری ڕاگەیاند، کە لە ماوەکانی ڕابردوودا لە هەولێر و دەوروبەری چەند تاوانێکیان ئەنجام دابوو و ئێستاش بە گوێرەی مادە یاساییەکان قۆڵبەست کراون.

دوێنێ بەڕێوەبەری پۆلیسی پارێزگای هەولێر لیوای ماف عەبدولخالق تەلەعەت عوسمان، لە پریسکۆنفرانسێکدا، چەندین تاوانی بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن خستە ڕوو، کە لە ماوەی ڕابردوودا ڕوویان دابوو.

تاوانەکانیش بەم شێوەی خوارەوە بوون و لە کۆی 15 تاوان 23 تاوانبار هەڵسابوون بە ئەنجامدانی چەند تاوانێک:

-1کوشتن: تۆمەتبار (س.ش.ح)، تەمەن 34سال، پیشە کاسب، لە ڕێکەوتی 2019/10/15 هەڵسابوو بە کوشتنی براکەی خۆی بە ناوی (عزالدین شمس الدین حسێن) لەسەر کێشەیەکی کۆمەڵایەتی لە دلۆپە. بەندە بە پێی مادە (406)لە (ی.س.ع).

تۆمەتبار (هـ.و.ت)، تەمەن 26سال، پیشە کاسب. لە ڕێکەوتی 2019/10/15 هەڵسابوو بە کوشتنی خێزانی خۆی بە ناوی (ژاکاو جمیل تاج الدین) لە دلۆپە. بەندە بە پێی مادە (406)لە (ی.س.ع).

تۆمەتبار (ڕ.ی.ع)، تەمەن 27سال، پیشە کاسب. لە ڕێکەوتی 2019/10/6 هەڵسابوو بە کوشتنی باوکی خۆی بە ناوی یونس عمر قادر لە بنەسڵاوە. بەندە بە پێی مادە (406)لە (ی.س.ع).

تۆمەتبار (ن.ع.ا)، تەمەن 45 سال، پیشە کاسب. تۆمەتبار (ش.ش.ع)، تەمەن 21 سال، پیشە کاسب. تۆمەتبار (ش.ح.ع)، تەمەن 23 سال، پیشە کاسب. لە ڕێکەوتی 2019/10/26 هەڵسابوون بە کوشتنی کەسێک بە ناوی (بەختیار سەلام) لەسەر کێشەی پێکدادانی ئۆتۆمبێل لە کەسنەزان. بەندن بە پێی مادە (406)لە (ی.س.ع).

تۆمەتبار (ع.ک.ا)، تەمەن 40 سال، پیشە کاسب. لە ڕێکەوتی 2019/6/18 هەڵسابوو بە کوشتنی خێزانی خۆی بە ناوی گەلاوێژ لقمان لە گەڕەکی بەهاری نوێ. بەندە بە پێی مادەی (406) لە (ی.س.ع).

تۆمەتبار (ی.م.ح)، تەمەن 25سال، پیشە کاسب. لە ڕێکەوتی 2019/10/27 هەڵسابوو بە کوشتنی براکەی خۆی بە ناوی (ڕێباز مجید حسێن) لە بەحرکە بەندە بە پێی مادە (406) لە (ی.س.ع).

-2مادەی هۆشبەر: تۆمەتبار (گ.خ.ح)، تەمەن 21 سال، پیشە کاسب. تۆمەتبار (هـ.غ.ف)، تەمەن 24 سال، پیشە کاسب. ئەم تۆمەتبارانە لە ڕێکەوتی 28/10/2019 هەڵساون بە نانەوەی شەڕ لەگەڵ کەسێک، دوای دەستگیرکردنیان مادەی هۆشبەریان لە لابوە لە شەقامی 100م. بەندن بە پێی مادە -405بەندی 5 لە (ی.س.ع).

-3دزی: تۆمەتبار (ک.ا.س)، تەمەن 34 سال، پیشە کاسب. تۆمەتبار (ڕ.ق.س)، تەمەن 28 سال، پیشە کاسب. لە ڕێکەوتی 2019/10/16 هەڵسابوون بە دزینی ئۆتۆمبێلێک لە جۆری تۆیۆتا هایلۆکس بەندن بە پێی مادەی 443 لە (ی.س.ع). تۆمەتبار (م.ب.م)، تەمەن 16 سال، پیشە کاسب. تۆمەتبار (ب.م.گ)، تەمەن 15سال، پیشە کاسب. تۆمەتبار (ق.ع.م)، تەمەن 25 سال، پیشە کاسب. لە ڕێکەوتی 2019/10/20 هەڵسابوون بە دزینی بڕی 8,000,000 هەشت ملیۆن دیناری عیراقی و هەشت سەد دۆلاری ئەمەریکی لە بنەسڵاوە. بەندن بە پێی مادەی 443 لە (ی.س.ع).

تۆمەتبار (م.ع.ع)، تەمەن 16 سال، پیشە کاسب- ئاوارەی سوریایە کە ماوەی 10 ڕۆژ دەبێ هاتبوە هەولێر. لە ڕێکەوتی 2019/10/14 هەڵسابوو بە ڕفاندن و دزینی جانتای ئافرەتێک کە بڕی سێ ملیۆن و پێنسەد هەزار دینار و مۆبایلێکی تێدا بووە لە گەڕەکی ئاری. بەندە بە پێی مادە 446 لە (ی.س.ع).

تۆمەتبار (ب.س.ن)، تەمەن 19 سال، پیشە کاسب. تۆمەتبار (ع.ع.ع)، تەمەن 21 سال، پیشە کاسب. لە ڕێکەوتی 2019/10/25 هەڵسابوون بە شکاندنی جامی ئۆتۆمبێل و دزینی کەلوپەلی نێو ئۆتۆمبێلەکان لە گەراجێکی وەستانی ئۆتۆمبێل لە شاری هەولێر، بۆ جاری دووەمە ئەم دزیەیان ئەنجام داوە. بەندن بە پێی مادەی 446 لە (ی.س.ع).

تۆمەتبار (غ.ر.ع)، تەمەن 33سال، پیشە کاسب. لە ڕێکەوتی 2019/10/9 هەڵسابو بە دزینی بڕی دوو هەزار دۆلاری ئەمەریکی لە دوکانی دراو گۆڕینەوە لە قەزای خەبات. بەندە بە پێی مادەی 444 لە (ی.س.ع).

تۆمەتبار (د.د.خ)، تەمەن 17 سال، ڕەگەز مێ. تۆمەتبار (ن.ف.ق)، تەمەن 19سال، ڕەگەز مێ. لە ڕێکەوتی 2019/10/24 هەڵسابوون بە دزینی بڕی ملیۆن و نیوێک دیناری عیراقی لە ناو چەکماجەی ئۆتۆمبێلێک لە قەزای خەبات. بەندن بە پێی مادەی 446 لە (ی.س.ع).

-4دزی و تەقەکردن: تۆمەتبار (م.ع.ع)، تەمەن 23سال، پیشە کاسب. لە ڕێکەوتی 2019/11/4 دەستگیرکرا کە هەڵسابوو بە دزینی ئۆتۆمبێلێک لە جۆری تۆیاتا هایلۆکس و تەقە کردن لە پۆلیس لە شەقامی ئیسکان، وە زیاتر لە 6داوای یاسایی لەسەر تۆمار کراوە. بەندە بە پێی مادەی 446 لە (ی.س.ع)

-5فێڵکردن: تۆمەتبار (س.ع.س)، پیشە کاسب. ئەم تۆمەتبارە هەڵسابوو بە ئەنجامدانی تاوانی فێڵکردن لە هاوڵاتیان لە هەردوو شاری هەولێر و قەزای سۆران کە چەندین داوای یاسایی لەسەرە دواتر لە ڕێکەوتی 2019/11/5 دەستگیر کرا لە ناحیەی کەورگوسک کە داواکراوبو بە پێی مادەی 456 لە (ی.س.ع).

هاتووچۆی هەرێم پلانێکی بۆ کەمکردنەوەی ڕووداوەکان دارشتووە



بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی هاتووچۆی هەرێمی کوردستان، سەرقاڵی چەند پلانێکە بۆ کەمکردنەوەی ڕووداوەکانی هاتووچۆ، گوتەبێژی هاتووچۆش دەڵێ، سیستەمی هاتووچۆ یەک دەخرێت و گواستنەوەی گشتی بەهێز دەکرێت. عەقید ئەسعەد کەریم، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی هاتووچۆی هەرێمی کوردستان، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: هاتووچۆی هەرێمی کوردستان سەرقاڵی جێبەجێکردنی پلانێکە بۆ کەمکردنەوەی ڕووداوەکانی هاتووچۆ لە هەرێمی کوردستان و چەند ڕێو شوێنێک دەگرینە بەر بۆ ئەوەی بە هەر شێوەیەک بێت ئەو ڕووداوانەی ساڵانی ڕابردوو تۆمار کراون، کەمیان بکەینەوە. گوتەبێژی هاتووچۆی هەرێم دەڵێت: لەگەڵ هەموو پارێزگاکانی هەرێمی کوردستاندا لە هەوڵداین بۆ یەکخستنی سیستەمی هاتووچۆ و پەرەپێدانی گواستنەوەی گشتی لە هەرێمی کوردستان، بە تایبەتی چاککردنی ڕێگاوبانەکان. عەقید ئەسعەد دەشڵێ: ڕووداوەکانی هاتووچۆ ئەمساڵ زیادیان نەکردووە، بەڵام وەنەبێت کەمیشیان کردبێت و ڕێژەی ڕووداوەکان هەروەک ساڵانی پێشووە، هەر پلانێک هەبێت بۆ کەمکردنەوەی ڕووداوەکانی هاتووچۆ، هەوڵی جێبەجێکردنی دەدەین و ئەگەر لە توانای ئێمەشدا نەبوو، بۆ حکوومەت بەرزی دەکەینەوە.

یەکەم هەنگاوی چاکسازی لە بواری دەرمان و پێداویستی پزیشکی دەستپێکرد

خەبات- سەید فاتیح بەرزنجی: دکتۆر محەمەد قادر خۆشناو گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستی ڕوونیکردەوە: بەپرسیاری دکتۆر سامان بەرزنجی وەزیری تەندروستی هەرێم و پالپشت بە ڕاسپاردەی سەرۆکایەتی داواکاری گشتی بڕیاردرا ئەو کۆمپانیایانەی دەرمان و پێداویستی پزیشکی کەتا ئێستا پابەند نەبوونە بە جێ بەجێ کردنی ڕێنماییەکانی نوێی هەڵگرتن و کۆگاکردنی دەرمان ئەوا لەسەرەتای مانگی داهاتوودا چالاکییەکانیان ڕادەگیرێت و مامەڵەی لەگەڵدا ناکرێت لەکەرتی گشتی و تایبەت تا ماوەی یەک مانگ دواتر ئەگەر هاتوو بەردەوام بێت لەسەر سەرپێچیکردن و پابەند نەبێت بە ڕێنماییەکان لەسەری ساڵی تازەوە مۆڵەتەکەی بۆ تازە ناکرێتەوە مۆڵەتی کارکردنی هەڵدەوەشێنرێتەوە و کۆمپانیاکەی دادەخرێت بەیەکجاری.

لە هەولێر دەست بەسەر دوو کۆگای دەرمانی ماوەبەسەرچوودا گیرا



خانزاد مام وسوو، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: لیژنەی تەندروستیی ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر ماوەی دوو ڕۆژە خەریکی بەدواداچوونە لەسەر کەیسی دوو کۆگای پڕ دەرمان و پێداویستیی پزیشکی لە شاری هەولێر، ئەو دوو کۆگایە سەر بە حکوومەتن و بڕێکی یەکجار زۆر دەرمان و پێداویستیی پزیشکییان تێدایە، کە ماوەیان بەسەر چووە. سەرۆکی لیژنەی تەندروستیی ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر دەشڵێت: ماوەیەکی زۆر ئەو پێداویستییە پزیشکییانە لەنێو هەردوو کۆگاکەدا ماونەتەوە و پێشتریش هیچ لیژنەیەک ئامادەنەبووە لێکۆڵینەوە بکات و لەناویان ببات، چونکە جگە لەوەی سەرپێچییەکی گەورەیە، مەترسیی بۆ سەر ژیانی کارمەندان و هاوواڵتیانیش پەیدا کردووە. خانزاد مام وسوو ئاماژەی بۆ ئەوە کرد: ئێمە خەریکی کۆکردنەوەی زانیاری و بەدواداچوونین، هەرکەسێک بووبێتە هۆکاری بەسەرچوونی ئەو دەرمان و پێداویستییە پزیشکییانە، بەپێی یاسا سزا دەدرێت، لەبەر ئەوەی بەشێک لەو دەرمان و پێداویستییانە لە بەغدادەوە هاوردە کراون و لە پارەی خەڵکی کوردستان کەم کراوەتەوە.

بڕیارە ئەمڕۆ ڕێگەی کەلار-دەربەندیخان دابخرێت

خەبات-سەبریە یوسف: بەمەبەستی کارکردن لەڕێگاو بانەکانی ئەمڕۆ ڕێگەی کەلار بۆ دەربەندیخان دادەخرێت، بەتایبەت هاتوچۆی ئۆتۆمبیلی بارهەڵگر لە زۆربەی ڕێگەکان قەدەغەدەکرێت وماوەی 2 ڕۆژ دەخایەنێت.

لەوبارەوە، ڕێژدن بورهان ، بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هاتوچۆی دەربەندیخان، بە خەباتی ڕاگەیاند، لە چوارچێوەی چاکسازی و نۆژەنکردنەوەی ڕێگاوبانەکان پڕۆژەی نۆژەنکردنەوەی ڕێگای دەربەندیخان- کەلار کە لە ئێستادا لە پردی دێوانە تاوەکو سەرەتای دوسایدی ناوشار نزیک بەنزینخانەکانی دەربەندیخان چەند ڕۆژێکە کۆمپانیای جێبەجێ کار سەرقاڵی بڕینی قیرتاوی ڕێگاکەیەودوینی چوارشەمە 5ی تشرینی یەکەم ،کۆتای بەبڕینی قیرە کۆنەکە هاتووە بۆیە بۆ ئەو مەبەستە 7ی تشرینی دووەم ڕێگای دەربندیخان بۆ کەلار بۆماوەی 2 ڕۆژ دادەخرێت. گوتیشی: هاتوچۆکردن بەئاراستەی کەلار دەکەوێتە سەر ڕێگای گوندەکانی، ژاڵەناو و هۆرێن و مەیدان، بە پێچەوانەشەوە لە کەلارەوە بۆ دەربەندیخان لە شەقامی مەیدان لادەدات بۆناو شارەدێی مەیدان و بناری بەمۆ تا دەربندیخان، وە لە بەرئەوەی پردی مەیدان ناتوانێت هاتوچۆی ئۆتۆمبێلی بارهەڵگری پێدا هاتوچۆ بکات بۆیە ڕێگا نادرێت بارهەڵگرەکان بەهەردوو ئاڕاستەدا بگەڕێنەوە سەر ڕێگا هەمیشەی یەکەی دەربندیخان - کەلار هەر بۆیە ئاگاداری سەرجەم شوفێرانی بارهەڵگر دەکەینەوە لە کۆتای ئەم هەفتەوە بۆماوەی . دوو ڕۆژ هاتوچۆ ڕابگرن تا ئەو کاتەی ڕێگای سەر پردی دێوانە دەکرێتەوە.

ئاهەنگەکا ڕێزگرتنێ بۆ ماموستا و هەلبەستڤان سەدیق شەرو هاتەسازکرن



خەبات- دهوک: ژبەر خەبات وماندوبونا ماموستا وهەلبەستڤان سەدیق شەرو ڕێڤەبەریا گشتی یا ڕەوشەنبیری ل پارێزگەهێ پەیڤەک خاندن وکورتیبەک دا سەر ژیان وخەباتا ڕەوشەنبیری یا ماموستا سەدیق شەرو وچەند بەرپەرەک ژبەرهەمێ وی دواڕێ وێژەیی وهەلبەستێ دا بەرچاڤکرن. پاش کورتەفیلمەک ل سەر ژیانا ماموستا سەدیق شەرو هاتە بەرچاڤکرن. هەردچارچوڤێ ئاهەنگا ڕێزگرتنێ بو ماموستا وهەلبەستڤان سەدیق شەرو سترانبێژ سترانێن خو سازکر.لبەراهیێ ئیسماعیل تاهر نوینەرێ ڕێڤەبەریا گشتی یا ڕەوشەنبیری ل پارێزگەهێ دهوکێ ڕێڤەبەریا گشتی یا ڕەوشەنبیری وهونەری، ڕێڤەبەریا گشتی یا پەروەردێ، لقێ دهوک یێ ئێکەتیا نڤیسەرێن کورد، ناڤەندا خانی یا ڕەوشەنبیری، سەندیکا هونەرمەندێن کوردستانێ، سەندیکا ڕوژنامەنڤیسێن کوردستانێ.

ڕێگای سەرەکیی ناحیەی ئەتروش نۆژەن دەکرێتەوە



خەبات- ئالان شەهاب: سەردار شیخ یەحیا بەرزنجی قائیمقامی قەزای شێخان بە خەباتی ڕاگەیاند: ڕێگای سەرەکی دەڤەرا ئەترۆش بە درێژی 28 کیلۆمەتر لە لایەن وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانە بە هاوکاری کۆمپانیای HKN بەرهەم هێنانی پترول نۆژەن دەکرێتەوە و لە نزیکترین کاتدا ڕێگاکە تەواو دەبێت و بە ڕووی شوفێراندا دەکرێتەوە.

بەشی پاراستنی تەندروستی: هەرکاتێک دەرزی دژە ئەنفلۆنزا بگات دابەشی دەکەین

خەبات- سەید فاتیح بەرزنجی: دکتۆر سەرهەنگ جەلال جامباز بەڕێوەبەری بەشی پاراستنی تەندروستی لە تەندروستی هەولێر ڕوونیکردەوە: سالانە لەسەرەتای مانگی تشرینی یەکەم پێش هاتنی وەرزی زستان وەزارەتی تەندروستی لەڕێگەی نەخۆشخانەو بنکە تەندروستیەکان دەرزی دژە ئەنفلۆنزای دابەشی سەر هاوواڵتیانی دەکات بۆ بەرگری کردن لە ئەنفلۆنزا، بەڵام ئەمساڵ نزیکەی مانگێک لەوادەی خۆی دواکەتووە و بەغدا تاوەکو ئێستا ئەو بەشە دەرزیەی بۆ کوردستان نەناردووە، بۆیە نەمانتوانیوە لە وادەی خۆیدا دابەشی سەر نەخۆشخانەو بنکە تەندروستیەکانی بکەین، شایانی باسە سالانە بۆ کوردستان 250هەزار دەرزی ڕەوانە دەکرێت و ئەو بڕەش بەشی هەموو کوردستان ناکات.





دێکان عەلی: زانکۆی حکومی لە زانکۆی ئەهلی پەسەندترە، ئەو قوتابیانەی لەزانکۆ حکومیەکانن بە هەوڵ و ماندووبوون و شەونخونی خۆیان گەشتوونەتە زانکۆ



نزار گزالی: زانکۆ ئەهلیەکان چاوپۆشی لەنەهاتنی قوتابیان دەکەن، بەڵام لە زانکۆ حکومییەکان وانییە



د. سیروان ئەنوەر: بەشێک لە زانکۆ ئەهلییەکان خەریکە ببێتە فرۆشگایەکی زانکۆیی و مەبەست لێی سوودمەندبوونی دارایی زانکۆ و بەخشینی بڕوانامەیە بە قوتابی

لە هەرێمی کوردستان زانکۆ حکومییەکان لە زانکۆ ئەهلییەکان بەرزتر دەنرخێندرێن

ڕاپۆرت: پەریها عومەر

لە هەرێمی کوردستاندا زانکۆ حکومییەکان بەرزتر دەنرخێندرێن لە زانکۆ ئەهلییەکان و بۆ ئەم هۆکارەیش پاساوەکان زۆرن، بەڵام پرسیاری گرنگ ئەوەیە ئایا لەڕووی ئاستی زانستییەوە جیاوازی لەنێوان زانکۆی حکومی و ئەهلیدا هەیە؟ لەم ڕاپۆرتەدا دەمانەوێ ڕای مامۆستایان و قوتابیانی زانکۆ و پەیانگاکان وەربگرین و بپرسین بەگشتی جیاوازی نێوان زانکۆی حکومی و زانکۆی ئەهلی چییە؟

نزار گزالی، مامۆستای زانکۆ و پسپۆڕی دەروونی لەم بارەیەوە دەڵێت: لە واقیعی ئێستای هەرێمی کوردستان و بەشێکی هەرە زۆری زانکۆکان، چ زانکۆی حکومی و چ زانکۆی ئەهلی، تا بڵێی لە ئاستێکی چاوەڕوان نەکراو و خراپ دان، بابەتەکە لێرە بۆچی لەئاستێکی خراپ دان، دەبینین سالانە لەگەڵ ڕاگەیاندنی ڕیزبەندی زانکۆ جیهانییەکان پلەکانی کۆتا کۆتایان گرتووە، بێگومان هەندێکیان هەر لەپۆلین و پلەبەندیەکەدانین، ئەمەش زەنگێکی مەترسیدارە بۆ نەوەی داهاتوو، زانکۆ بەرپرسە لە پێگەیاندنی تاکی باش و باشکردنی وڵات، ئەوەی کە دەبینین لەزانکۆکانی هەرێمی کوردستان بەهەردوو لایەنییەوە حکومی و ئەهلی، ئەوەی لێ چاوەڕوان ناکرێت، چونکە لە ئاستێکی زۆر زۆر خراپی تەکنیکی و مەعریفی دان.

هەروەها مامۆستا نزار گوتی: ئەگەر بڵێین جیاوازی چییە لەنێوان زانکۆی حکومی و زانکۆی ئەهلی، زانکۆی حکومی وێڕای کەموکوڕییەکانی تا ڕادەیەک لە زانکۆی ئەهلی باشترە، باشییەکەی لەوەدایە لەزانکۆ حکومییەکان تا ئێستاش جۆرێک لە ڕێککاری و کۆنترۆڵکردن لەبابەتی ئامادەبوونی قوتابیان و مەسەلەی لێپێچینەوەدا هەیە، بەڵام زانکۆ ئەهلییەکان بەشی هەرە زۆریان چاوپۆشی لەنەهاتنی قوتابیان دەکەن و پاڵ بەقوتابیان دەکەن بۆ ئەوەی بپەڕێندرێنەوە و سەرکەوتووبن، هەموو ئەمانەش لەبەر ئەوەیە کە ئەو قوتابیە بەردەوام بێت لەسەر ئەو بڕە پارەیەی کە سالانە دەیبەخشێتە زانکۆکە، لایەنێکی تریش کە لە زانکۆ ئەهلییەکان دەردەکەوێت کە بەبەڵگە لەبەر دەستمە، کە هەڵساون بۆ پڕکردنەوەی میلاکاتی خۆیان پەنایان بردۆتە بەر مامۆستای عەرەب، لێردا ئەوەی جێگای سەرنج و تێڕامانە، نە مامۆستاکە دەتوانێت بەکوردی و بە شێوازێکی ڕەوان زانستەکە بگەیەنن، نە قوتابییەکانیش عەرەبی دەزانن، کەواتە بەقودرەتی قادر ئەو قوتابییانە تێدەگەن و سەردەکەون و دەپەڕێندرێنەوە بۆ قۆناغی داهاتوو هەردوو لاشیان بێدەنگن، ئیدی ئەوە دەبێتە پێودر کە سالانە ڕێکلام بۆ خۆیان بکەن و زۆرترین قوتابی بۆ لای خۆیان ڕابکێشێن، بەداخەوە لایەنە پەیوەندیدارەکان ئاگاداری بەشێکی زۆری ئەو بابەتەن و کەچی لێی بێدەنگن، دەتوانین بڵێین زانکۆ ئەهلییەکان لەڕووی تەکنەلۆجی و پێداویستی و بالەخانە لەزانکۆ حکومییەکان پێشکەوتووترن، کە بالەخانەکانیان نوێترە و تاقیگە و ئامێری باشیان هەیە، بەڵام ئەوانە مەرج نین بۆ پێگەیاندنی نەوەیەکی باشتر، کەواتە لەڕووی جیاوازی زانستی لەنێوانیان جیاوازییەکی ئەوتۆ نییە، دەکرێت هەردوو لا بەخۆیان دابچنەوە، بەڵام هەرچۆنێک بێت لەڕووی زانستی و ئەکادیمی زانکۆ حکومییەکان تارادەیەک باشترن.

دکتۆر سیروان ئەنوەر لە کۆلیژی کارگێڕی- زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر لەم بارەیەوە دەڵێت: بەشێوەیەکی گشتی لە بەر نزمی ئاستی زانستی زانکۆ ئەهلییەکان، هەرچەندە زانکۆی ئەهلییەکانیش ئاستیان لە زانکۆیەکەوە بۆ زانکۆیەکی تر دەگۆڕێت، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت لەو زانکۆیە گرنگی نەدانیانە لە زۆرینەی حاڵەتدا بە لایەنە زانستیەکەی و زاڵکردنی لایەنی بازرگانی بەسەر لایەنی ئەکادیمی، هەروەها زانکۆ ئەهلییەکان لە زۆرینەی حاڵەتدا مەبەستیان چەندایەتیە نەک چۆنایەتی، ئەمە وێڕای دەرچوواندنی قوتابیان ئەگەر دەوامیش نەکات، زۆر جار لەم ڕووەوە ئاسانکاری کراوەو لە خراپی کوالیتی زۆر لە دوای زانکۆ حکومییەکانە. بەشێک لە زانکۆیە ئەهلییەکان خەریکە ببێتە فرۆشگایەکی زانکۆیی پێنادرێت، بەڵکو مامۆستا هاوردە دەکەن لە وڵاتانی وەک هیندستان و پاکستان یان عەرەبی ئاوارە، چونکە هەم نرخی بۆندەکانیان هەرزانەو هەم گوێڕایەڵی یاساکانیان دەبن بەو شێوەیە کە لە قازانجی زانکۆیە کە نەک ڕووە زانستیەکەی.

دێکان علی قوتابیەکی زانکۆی حکومی سەبارەت بەم بابەتە: دەڵێت: بێگومان زانکۆی حکومی لەچاو زانکۆی ئەهلی پەسەندترە، چونکە دەکرێت بڵێین ئەو قوتابیانەی لەزانکۆ حکومیەکانن بە هەوڵ و ماندووبوون و شەونخونی خۆیان گەشتوونەتە ئەو جێگەیە، هەروەها پابەندبوون بە کاتی دەوام و کاری ڕۆژانە لە زانکۆ حکومییەکان جدیترە لەچاو زانکۆ ئەهلییەکان.

دێکان علی گوتیشی: سەبارەت بەجیاوازی لەڕووی زانستی من پێموایە جیاوازی ئەوتۆ نابێ لەنێوانیان، چونکە بەشێکی زۆر لە مامۆستایانی زانکۆ هەمان ئەو مامۆستایانەن کە لەزانکۆ حکومییەکانیش وانە دەڵێنەوە، هەمان شێواز بەکاردەهێن، تەنها دەکرێت بڵێن جیاوازی دیار تەنها لەڕووی چەند خاڵێک بێ وەک وتم پێشتر لەزانکۆی حکومی قوتابی بە ئەنجامی کۆتایی دێت بەڵام لە زانکۆی ئەهلی قوتابی بە پارەیە بۆیە ئەو بڕە پارەیە دەدرێت بە قوتابی، ئەمەش وا دەکات کە ئاستی وانەوتنەوەکان دابەزێت و ئاستی خوێندنەکە بەرەو خراپی بڕوات.

زەعفەران.. لە یەک هێکتار زەویدا تەنیا چوار کیلۆ بەرهەمی زەعفەران بەدەست دەهێنرێت

ئێران 95٪ی زەعفەران بۆ هەموو جیهان بەرهەم دەهێنێت



لە ئێران وەرزی لێکردنەوەی زەعفەران دەستی پێکرد. ئەم ڕووەکە لە چاندنیەوە تاوەکو لێکردنەوەی، لە جیاکردنەوەیەوە تاوەکو وشککردنەوەی، کارێکی ورد و ماندووبوونێکی زۆری دەوێت، هەربۆیە بە "زێڕی سوور" ناوبانگی دەرکردووە.

جووتیارەکانی ئێران کاتی کۆکردنەوەی بەرهەمەکانی زەعفەرانیان هاتووە. ئێران لە جیهاندا خاوەنی ڕێذەی لە **95%**ی بەرهەمی زەعفەرانە کە بۆ خواردن، خواردنەوە، دەرمان، بۆن و جلوبەرگ و زۆر بورای دیکە بەکار دەهێندرێت.


بەرهەمی زەعفەران لە شارۆچکەی توربەت حەیدەریەی سەر بە پارێزگای ڕەزەوی خوراسان لە ئێران هەیە، کە بە دابینکەری زەعفەران بۆ هەموو جیهان دادەنرێت. لە یەک هێکتاردا تەنها چوار کیلۆ بەرهەمی زەعفەران بەدەست دەهێنرێت

ئێران، شوێنی بەرهەمهێنانی زۆرترین و بەرزترین جۆری زەعفەرانە لە جیهاندا و بە پێشەنگ دادەنرێت لەم بوارەدا. ئەو زەعفەرانەو لێردا بەرهەم دەهێندرێت بۆ نزیکەی **60**وڵات هەناردە دەکرێت.

چاندن و چاودێریکردنی زەعفەران لە مانگی ئایارەوە تا مانگی ئەیلول دەخایەنێت، پاشان لە کۆتاییەکانی مانگی تشرینی یەکەم وەرزی لێکردنەوە و کۆکردنەوەی دەستپێدەکات. پیازە زەعفەرانەکان لە هاویندا دەچێندرێن و لەگەڵ نزیکبوونەوە لە پایز چرۆ دەکات و وەرزی زستانیش گوڵ دەکاتەوە. ئەو زەوییانەی زەعفەرانی لێ دەچێنرێت پاش دوو ساڵ بەرهەمی دەبێت و لە پاش شەش بۆ حەوت ساڵ پێویستە شوێنی چاندنەکەی بگۆڕدرێت. چاندنی زەعفەران لە یەک هێکتار زەویدا تەنها چوار کیلۆ بەرهەمی دەبێت.

ئەو پیازە زەعفەرانەی کە وەک تۆو بەکار دەهێندرێن پاش ماوەیەک پێنج پیازی دیکەی لێدەبێتەوە و ئەوانە لە شوێنی دیکە دەچێندرێن.

ئەو گوڵە زەعفەرانەی کە کۆدەکرێنەوە، سەرەتا گەڵای گوڵەکان و لقە زەردەکانی جیادەکرێتەوە، پاشان ئەوەی دەمێنێتەوە بەشی سەرەوەی لقە سوورەکانە وشک دەکرێتەوە. ڕەگە سپییەکەی بنەوەی لقە سوورەکانیش بۆ مەبەستی بە کارهێنانی لە دەرمان و بوارەکانی دیکە جیادەکرێتەوە.



هیمداد عەبدوللا خۆشناو

عێراق لەنێوان گۆڕینی عادل عەبدولمەهدی و هەمواری دەستووردا!

ئەگەر ئاوڕ لەڕابرووی دەوڵەتی عێراق لەسەرەتای دامەزراندنی تاکو ئێستا بدەینەوە، هەروەک لەسەرچاوە میژووییەکان ئاماژەی پێدراوە، دەوڵەتێک بووە بەسروشتی لەدایک نەبووە، هەربۆیە دەبینین بەشی هەرەزۆری ئەو دەسەڵاتدارانەی عێراق کە جڵەوی دەسەڵاتیان گرتۆتە دەست چەند ساڵێک حوکمیان کردووە یان بە کودەتا لابراون یانیش بەزەبری هێز، سەردەمی عەبدولکەریم قاسم تا دەگاتە سەدامی دیکتاتۆر بە نمونە.

لەدوای ساڵی 2003 و کۆتاییهاتنی ڕژێمی بەعس، سەردەمێکی نوێ بۆ گەلانی عێراق هاتەئاراوە، بە حوکمی ئەوەی ڕزگاریان بوو لە دیکتاتۆریەت و بەرەو خۆشگوزەرانی و حکوومەتی هاووڵاتی بوون هەنگاودەنێن و هاووڵاتی خۆی بڕیار دەدات کە چ جۆرە دەسەڵاتێک هەڵدەبژێرێت.

قۆناغەکانی بەموئەسەساتیکردنی عێراق بەنووسینەوەی دەستووری عێراق دەستی پێکرد کە مافی هەمووانی تێدا جێگیرکرا بەکوردیشەوە کە بەشێکی سەرەکییە لە عێراق، لەدوای ئەوە زۆرینەی عێراقییەکان بەکوردیشەوە بەڕێژەی زیاتر لە80% دەنگیان دا بەو دەستوورە بەئومێدی ئەوەی سەرەتای بووژانەوەی عێراق بێت و کۆتایی نەهامەتییەکان بێت کە لەڕابردوودا ڕوویداوە.

بەڵام نەک ئەوە نەهاتەدی بەڵکو بەشێوازێکی توندتر لەجاران ئاڵۆزییەکان لە عێراق سەری هەڵدایەوە، هۆی ئەوەش بۆ جێبەجێنەکردنی برگەکانی دەستوور دەگەڕێتەوە کە پێشێل کرا، زۆرترین پێشێلکاریش کە کرابێت بەرامبەر گەلی کوردستان کراوە، بەپێی وتەی شارەزایانی دەستوریش زیاتر لە شەست مادەی دەستووری کە تایبەتن بەمافەکانی خەڵکی کوردستان جێبەجێ نەکراون، لەدیارترینیان مادەی 140ی دەستورە کە کێشەی کورد و حکوومەتی عێراقە، بۆیە کەڵەکەبوونی کێشەکان و حیساب نەکردن بۆ دەستوور و جێبەجێنەکردنی دەرەنجامەکەی عێراق بەرەو لێکترازان دەبات.

لەلایەکی تر دروستبوونی چەندین گرووپی جیاجیا و هێزی چەکداری لەدەرەوەی دەسەڵاتەکانی حکوومەت، ئەمە وایکردووە کە دۆخێکی ناسروشتی بێنێتە ئاراوە، هەموو ئەمانە پێمان دەڵێن کە عەقڵییەتی حکومڕانی لەبەغدا گۆڕانکاری بەسەردا نەهاتووە، ئەگەر بەشێوەیەکی تر بڵێین ئەوانەی بەهەمان بیری ڕژێمە دیکتاتۆرەکانی پێشووتر بیردەکەنەوە زیاترن لەوانەی کە دەیانەوێ عێراق لە ئارامی بژی و هەموو پێکهاتەکان لە عێراق بەشێوەیەکی ئاشتییانە بژین، کە سەرەنجام هاووڵاتیان باجەکەی دەدەن.

هەروەک ئێستا دەبینین لە زۆربەی پارێزگاکانی عێراقدا خەڵک ڕژاوەتە سەرشەقام و داوای گەڕانەوەی مافەکانیان دەکەن لە حکوومەت، ئەو مافانەی حکوومەتە یەک لەدوای یەکەکان بە کردەیی بینراوە، کاری سەرەکییان تەنها خۆسەپاندن بە ڕێگە زۆر و چەک و چەوسانەوەی گەلانی عێراق بووە بەتایبەت گەلی کورد کە بە دووەم گەورە نەتەوە لە عێراق هەژمار کراوەو دوور لە ویستی خۆی نیشتمانەکەی بە عێراقەوە لکێنراوە.

پێویستمان بە بەڵگەی زۆر نابێ بۆ ئەوەی بیسەلمێنین کە عێراق قەیرانی ناسنامەی هەبووە لە ڕووی نەتەوەیی و ئایین و مەزهەب، تەنانەت لەسەر ئاستی سیستەمی سیاسی و شێوازی حوکمڕانیش، کارەسات و مالوێرانیی سەد ساڵی ڕابردووی عێراقییەکان بە شێوەیەک لە شێوەکان بۆ ئەمە دەگەڕێتەوە. ئێستاش عێراق بەسەر کۆمەڵێک ناسنامەی فەرعیدا دابەش بووە، کە هەر یەکێک لەو ناسنامانە خۆی بە باڵاتر دەزانی لەو ناسنامە نیشتمانییەی دەستوور بەشێوەیەکی وەهمی بۆ عێراقییەکانی دروست کردووە، هەروەها دەستێوەردانی وڵاتانی دراوسێ ئەم پەرتبوونەی ناسنامەی قوڵتر کردووەتەوە. شیعەکان ئەوەندەی شیعەبوون بە ناسنامەی خۆیان دەزانن، ئەوەندە عێراقیبوونیان لا گرنگ نییە، سوننەکانیش بەهەمان شێوە، بەڵام کوردەکان هەر لە سەرەتای دروستبوونی عێراقەوە ناسنامەیەکی جیاوازیان هەیەو بوونەتە سەرچاوەی یەکنەبوونی ناسنامەی نیشتمانی بۆ عێراق.



ڕێبوار حەمەلاو شوانی

هەموو ئەو سەرکردانەی دژایەتی گەلی کوردیان کرد لە ماوەی 15 ساڵی ڕابردوو، سەروەت و سامانی گەلانی عێراقیان بەتاڵان برد، ئێستاکە کە بەرەو دارمان و ڕووخاو هەنگاو دەنێن، گوایە هۆکارەکە دەستووری عێراقە و هەرێمی کوردستانە. ئەمە ئەوپەڕی بە گوچ زانینی خەڵکی عێراقە، خیانەتێکی گەورەی نیشتمانییە، چونکە دەستووری عێراق باشترین دەستوورە لە ڕۆژهەڵاتی ناوین بۆ ئەوەی مافی گەلانی عێراق بە گەلی کوردیشەوە مسۆگەر بکرێت.

دەخوازن ئەزموونی حکومڕانی شکستخواردووی 15 ساڵی عێراق بخەنە ئەستۆی دەستوور







دۆخی ئەمڕۆی عێراق دەرنجام و کەڵەکەبووی فەشەلی پازدە ساڵەی ڕابردووە

لەوەتەی عێراق بە زۆر پێکەوە لکێنراوەو هەروەها وەک چۆن لە سیستەمە فەرمانڕەواییە یەک لەدوای یەکەکان بە کردەیی بینراوە، کاری سەرەکییان تەنها خۆسەپاندن بە ڕێگە زۆر و چەک و چەوسانەوەی گەلانی عێراق بووە بەتایبەت گەلی کورد کە بە دووەم گەورە نەتەوە لە عێراق هەژمار کراوەو دوور لە ویستی خۆی نیشتمانەکەی بە عێراقەوە لکێنراوە.

پێویستمان بە بەڵگەی زۆر نابێ بۆ ئەوەی بیسەلمێنین کە عێراق قەیرانی ناسنامەی دەستووری عێراقە و تەنانەت هێزە عێراقییەکانیش ناتوانن بەشەوان بە ڕێگاکاندا بڕۆن.

ئەو ئەگەرانەی کە دەبنە هۆی سەرهەڵدانەوەی داعش

- ناکۆکی ئەمریکا و عێراق لەسەر مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق.
- بڕیاردانی هەسەدە لە شەرپنەکردن لەگەڵ داعشدا، بەهۆی هێرشەکانی تورکیا.
- مەلمەلانێی سیاسی نێوان کوتلە سیاسییەکان و بەتاڵبوونی شوێنە گرنگ و هەستیارەکان.
- چۆڵبوونی ناوچەی سوننە مەزهب و هەڵاتنیان بەرەو کوردستان.
- زیادبوونی ڕێژەی هەژاری و بێکاری.
- نەبوونی خزمەتگوزاری و پشتگوێ خستن بەتایبەت لەو شوێنانەی کە سوننە مەزهبن و تازە ئازادکراون.
- نەبوونی هێزێکی تۆکمە لەناوچە سوننە مەزهبەکان.
- بۆشاییەکی زۆری ناوچە سنووریەکان بەتایبەت نێوان سوریا و عێراق.
- نەبوونی سوپایەکی نیشتمانی و بەهێز لە عێراق.
-زۆربوونی میلیشیاکان.
- کێشەی عەشایەری.
- کشانەوەی ئەمریکا لە سوریا.
- هێرشی تورکیا بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان.
- هەڵاتنی زیندانییەکی زۆری داعش لە سووریا.

لە ڕووی سەروەرییەوە عێراق نەیتوانیوە لەسەر پێی خۆی بوەستێ. دەستێوەردانی ئاشکرای ئێرانییەکان لە کاروباری عێراق و لەشکرکێشیی تورکیا بۆ بەزاندنی سنووری عێراق، باشترین نموونەن کە عێراق لە قەیرانی سەروەریدا دەژی، بێدەنگبوونی دەوڵەتی عێراق لەئاست گرتنەوەی ئاو لەلایەن تورکیا و ئێرانەوە، نیشانەیەکی مەترسیداری بەردەوامبوونی ئەم قەیرانەیە. قەیرانی ناسنامە و قەیرانی سەروەریی عێراقی وەک دەوڵەتێکی بی خاوەن لێ کردووە، تەنانەت لە بچووکترین پرۆسەی سیاسیدا ناتوانێ بەرگەی دەستێوەردانی دەرەکی بگرێت، بۆ نموونە، کاتێک دەرەنجامی هەڵبژاردن بەدڵی ئێران نابێت، کۆی پرۆسەکە پەک دەخات و پێکهێنانی حکوومەتی نوێ دەکاتە کارێکی ئەستەم.

ئەگەر ئاماژەیەک بۆ 15 ساڵ حوکمرانی چوار کابینەی ڕابردوو، شیعەکان بکەین دەبینن کە هیچ کامیان حکومەتی خزمەتگوزاری و نیشتیمانی نەبووەنە بەو مانایەی کە باوەریان بە عێراق، دەوڵەتی و سەرەوەری نەبووە تەنها بەژوندی تایبەت وڵە خزمەت جێبەجێکردنی بەرنامەی وڵاتانی ئیقلیمی دا کاریان کردووە. بۆیە، دەبینین کە ئێستا عێراق کە هەموو نیشانەکانی دەوڵەتی شکستخواردووی تێدایە، لە بواری سەروەریدا تووشی دارمانێکی ترسناک بووەتەوەو تووشی کێشەی بنەڕەتی کردووەتەوەو ناکۆکییە نێوخۆییەکانی قوڵتر کردووەتەوە، بۆیە ئەگەر ڕووداوەکانی داهاتوو بەرەو شەڕێکی ئەهلی چوو لەنێوان پێکهاتەو لایەنە جیاوازەکاندا، ئەوا هەردەسی عێراق وەک دەوڵەت نزیکە. هەموو ئەو هێزانەی ئێستا لە ململانێدان خاوەن هێزی چەکدارین و لەلایەن وڵاتێکەوە پشتگیری دەکرێن، لەلایەکی ترەوە شانە نووستووەکانی داعش هێشتا کۆتاییان نەهاتووە، بۆیە لە ئەگەری دروستبوونی شەڕ کۆمەڵگەی عێراقی بەیەکجاری پارچە ئەبێ و سەروەریی دەوڵەت لەسەر هیچ بستێکی خاکەکەیدا نامێنێت.

بەڵام، هەستی هەژموونگەرایی ئێران و شیعەگەرایی و پەراوێزخستنی سوننەو کورد و ئینجا بردنی سەروەرت و سامانی عێراق بۆ دەرەوەی سنووری عێراق و ئینجا هەوڵی بە میلیشاکردنی عێراق هاوشێوەی ئێران و خۆ دزینەوە لە پێشکەشکردنی سەرەتایی ترین خزمەتگوزاری بۆ خەڵکی عێراق و ئینجا لە سەروویی هەموشیانەوە بڕینی مووچەو بودجەی هەرێمی کوردستان ئاماژەیەکی ڕوونن بەوەی کە دەسەڵاتدارانی عێراق لە ماوەی 15 ساڵی ڕابردوو وایانکرد کە عێراق بگاتە حاڵی ئەو ڕەوشەی ئێستا. ئێستاش ئەو سەرکردانە هیچیان بۆ نەماوەتەوە و دەیانەوێت شکستەکانیان بخەنە ئەستۆی دەستوور و هەرێمی کوردستان.

هۆکاری سەرهەڵدانەوەی داعش لە عێراق





بڕوا ڕەمەزان ساڵەیی

ئەگەرچی سەرۆک وەزیرانی پێشووی عێراق حەیدەر عەبادی لە 9/12/2017 کۆتاییهاتنی داعشی لە عێراق ڕاگەیاند، بەڵام سەرۆکی ئەمریکاش کۆژرانی ئەبوبەکر بەغدادی لە 27/ 10/2019ڕاگەیاند، بەڵام داعش کۆتاییهاتنی هێرشەکانی بۆ سەر هێزە عێراقییەکان ڕانەگەیاندو ناوە ناوە هێرشی دەکردە سەر هێز و دامودەزگا نەوتییەکان و خاڵە سنووریەکان و تیرۆرکردنی موختار و کەسایەتیە عێراقییەکان، هەروەها لە زۆربەی شوێنەکانی عێراقیش خانەی نهێنی و نووستووی هەبووە و هەوڵیداوە بوونی خۆی بسەلمێنێ و هێزو هەوڵگری عێراقییش ترسیان لێ نەبڕێت، ماوەیەکیشە داعش جموجۆڵەکانی بەتەواوی زیادی کردووە و تەنانەت لە هەندێک ناوچەش بە مەفرەزە یاخود بە ئۆتۆمبێل دەسوڕێنەوە بەتایبەت لە ناوچەکانی پردێ و دوبز و حەویجەش بینراون، جگە لەوەش بنکەو بارەگایان هەیە و بەتەواوی ترسیشیان بۆ هێزە عێراقییەکان دروستکردووەو لە چەندین شوێنیش شەوانە هاتوچۆ قەدەغەیە و تەنانەت هێزە عێراقییەکانیش ناتوانن بەشەوان بە ڕێگاکاندا بڕۆن.

ئەو ئەگەرانەی کە دەبنە هۆی سەرهەڵدانەوەی داعش

- ناکۆکی ئەمریکا و عێراق لەسەر مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق.
- بڕیاردانی هەسەدە لە شەرپنەکردن لەگەڵ داعشدا، بەهۆی هێرشەکانی تورکیا.
- مەلمەلانێی سیاسی نێوان کوتلە سیاسییەکان و بەتاڵبوونی شوێنە گرنگ و هەستیارەکان.
- چۆڵبوونی ناوچەی سوننە مەزهب و هەڵاتنیان بەرەو کوردستان.
- زیادبوونی ڕێژەی هەژاری و بێکاری.
- نەبوونی خزمەتگوزاری و پشتگوێ خستن بەتایبەت لەو شوێنانەی کە سوننە مەزهبن و تازە ئازادکراون.
- نەبوونی هێزێکی تۆکمە لەناوچە سوننە مەزهبەکان.
- بۆشاییەکی زۆری ناوچە سنووریەکان بەتایبەت نێوان سوریا و عێراق.
- نەبوونی سوپایەکی نیشتمانی و بەهێز لە عێراق.
-زۆربوونی میلیشیاکان.
- کێشەی عەشایەری.
- کشانەوەی ئەمریکا لە سوریا.
- هێرشی تورکیا بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان.
- هەڵاتنی زیندانییەکی زۆری داعش لە سووریا.

- دەستی دەرەکی بۆ دروستبوونەوەی داعش و سوودەرگرتن لەو بارودۆخە و فڕۆشتنی چەک بە عێراق.
- دەستی کۆنە بەعسییەکان ئەگەر چی بیرۆبۆچوونی جیاوازیشیان هەیە.
- بوونی داعش لە هەندێک شوێن بەتایبەت لە چیاکانی قەرەچوغ و زنجیرە چیاکانی حەمرین و جەزیرە و بەعاج و زۆنگ و زلکاوەکانی حەویجە و دارستانەکانی زێی گەورە و بچووک و بیابانەکانی ڕۆمادی.
- سەرقاڵبوونی حکوومەتی عێراق بە خۆپێشاندانەکان و تێکەوتنی گرژی و ئاڵۆزی.

ئەم هۆکارانەی کە باسمان کرد دەرفەتێکی گەورە بە داعش دەدات کە دووبارە سەرهەڵبداتەوەو دووبارە ناوچەیەکی فراوان داگیر بکات.

ئەو ناکۆکیانەی هەموارکردنەوەی دەستوور دروستیان دەکا



پارێزەر: عومەر سەیدزادە

چەند رۆژێکە خۆپیشاندان لە بەغداو باشوری عێراق بەردەوامە، ئەنجامدەرانیشی خەڵکانی سەر بە شیعە مەزهەبن و سوننەکان تیایدا بەشدار نین، ئەگەر هەشبن بەشداریەکی تاکە کەسیەو وەک گرووپێک بەشدار نین.بێکاری، گەندەڵی سیاسیەکان، نەبوونی خزمەتگوزاری و بێئومێدی و بێزاری ئەو خەڵکەی هێناوەتە سەر شەقام، داوای هەڵی کارو دامەزراندن و ئاوەدانکردنەوەی ولآت و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری داواکاری سەرەکی خۆپیشاندەرانن، یەکێک لە داواکاریەکانی خۆپیشاندەران کە پەیوەندی بە ئیمەی کوردەوە هەیە بابەتی هەموارکردنەوەی دەستورە، بۆیە گەنگەشەکردنی ئەو بابەتە پێویست و زەرورە.

پەرلەمانی عێراق رەزامەندی لەسەر ئەو داواکاریە دەربڕیوە و لیژنەیەکی پێکهێناوە بۆ هەموار کردنەوەی دەستوور.
بەڵێم پرسیار ئەوەیە: کام مادەو بەندی دەستوور هەموار دەکرێتەوە؟ ئەوانە کێن کاری هەموار کردنەوە ئەنجام دەدەن و ئاراستەی سیاسیان چۆنە بەتایبەت بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان؟
بێگومان شەقامی خرۆشاو تەنیا دەڵێن دەستور هەموار بکەن، بەڵام بوونیان نەکردۆتەوە کام مادە هەموار بکرێتەوەو چی لە جێگەی دابنرێ، ئەوەی دەچێتە ناو وردەکاریەکانەوە ئەو لیژنەیەیە کە پەرلەمان پێکی هێناوە کە ئەوانیش ئەندامی ئەو حزبانەن کە ئێستا لەسەر گۆڕەپانەکەدان و خەڵکەکە لێیان ڕاپەڕیوە، گومانیشی تێدا نییە ئەندامانی لیژنەی هەموار کردنەوەی دەستور ناچن لەسەر شەقام لەگەڵ خەڵکی خۆپیشاندەر کۆببنەوەو یەک بەیەک گفتوگۆیان لەگەل بکەن تا بزانن چیان دەوێ و ئەنجا داواکاریەکانیان بگوازنەوە بۆ ناو لیژنەکەو دواتر بۆ پەرلەمان و لەوێ گفتوگۆی لەسەر بکەن، بگرە ئەوە هەر کارێکی نەکردەیە، سەرباری ئەوەش شەقام لەو ئاستە سیاسیەدا نییە بتوانێ لەسەر دەستور گفتوگۆ بکات بۆیە ئەو کارە بۆ ئەندامانی لیژنەکەو پاشان بۆ پەرلەمان بەجێ دەمێنێ، بێگومان ئەندامانی لیژنەکەش بە پێی بیرویۆچونی سیاسی خۆیان کار بۆ هەموارکردنەوەی دەکەن و هەوڵ دەدەن خواستە سیاسیەکانی خۆیان لە دەستوردا جێگیر بکەن.
لە دەستوردا چەند بابەتێک هەیە پەیوەندیەکی پتەویان بە هەرێمی کوردستان و گەلی کوردەوە هەیە کە ئەگەر دەستیان بۆ ببرێت ئەوا کێشە دروست دەکەن کە ئەمانەن:

1- شێوەی سیستەمی سیاسی: ئێستا سیستەمەکە پەرلەمانیەو هەندێک لە خۆپیشاندەران داوا دەکەن بکرێتە سەرۆکایەتی و ئێستا کەلتوری دیموکراسی لەلای خەڵکی عێراق بە گشتی بە فیترەت دیکتاتۆرن چونکە هێشتا دیلی ئەو کەلتورە سەقەتەن کە هەزاران ساڵە لە سایەیدا پەروەردە بوونە، کە کەلتورێکی دیکتاتۆریانەو شمولیانەیە، بۆیە هەموو تاکێکی عێراقی بە سروشت دیکتاتۆرە، هەر بۆیە لە نێو حزبە عێراقیەکاندا بە گشتی و بە تایبەتیش ئەوانەی ئاینیین مەیلێکی دیموکراسیانە نابینرێ، بۆیە هەر کەسێک بەو کەلتورەوە ببێتە سەرۆکی عێراق و دەستی والێ بێت و هەندێ حزبی شیعەش بە تایبەتی دەعوە حەز دەکەن سیستەمەکە ببێتە سەرۆکایەتی، بێگومان ئەوەش لە بەرژەوەندی زۆرینەی شیعەدایە چونکە لە هەموو هەڵبژاردندێکدا ئەوان براوەن بۆیە لە ئەنجامدا لە سیستەمی سەرۆکایەتیدا لە ڕێگەی هەڵبژاردن و دیموکراسیدا دیکتاتۆریەتێکی شیعە دروست دەبێ، دەڵێم دیکتاتۆریەت چونکە تا لە ژێر چاودێری پەرلەمان و هیچ دەزگایەک نەبێت بتوانێت لێپێچینەوەی لەگەڵ بکات یان متمانەی لێ وەربگرێتەوە دەبێتە دیکتاتۆر، ئەوەش لە زیانی هەموو عێراقیەکاندایە بە کوردیشەوەو تەنیا لە قازانجی ئەو حزبە شیعیانەدایە کە خۆیان بە زۆرینە دەبینن و چاوەڕێ دەکەن دەنگی زۆرینە بێنن، بۆیە گۆڕینی سیستەم بۆ سەرۆکایەتی کێشەکانی عێراق چارەسەر ناکەن بەڵکو قوڵتری دەکەن.

2- دەسەلاتەکانی هەرێم و ناوەند: بە پێی دەستور دەسەلاتەکانی ناوەند دیاری کراوەو ئەوەی دەمێنێتەوە بۆ هەرێمەکانە، بەوەش دەسەلاتی زۆرتر بە هەرێمەکان دراوە، دەسەلاتدارانیش لە بەغدا کە هێشتا باوەریان بە فیدرالی پەیدا نەکردووەو هەر لە خەیاڵی سەنترالیزم دان بەو مافە کەمەی بە کورد دراوە خۆشحال نین و خەون بەوەوە دەبینن دەسەلاتەکانی هەرێمی کوردستان کەم بکەنەوە، تەنانەت هەندێکیان دەخوازن ئەم قەوارەیەی هەرێم لە ناو دەستوردا هەر بسڕنەوە، واتە شتێک نەمێنێ بەناوی (هەرێمی کوردستان)، چەندینجاریش گوتویانە هەرێمی کوردستان زۆر لە حەقی خۆی زیاتر دەسەلێتی پێ دراوە، بێگومان چاوەڕێ دەکرێ عەرەبەکان بە سوننەو شیعەوە ئەوپەڕی توانای خۆیان بەکار بێنن بۆ بیمرێنن.

4-یەکپارچەیی هەرێمی کوردستان: بەسەیرکردنی ڕووداوەکانی ڕابردوو بۆمان دەردەکەوێ زۆرن ئەوانەی خەون بەوەوە دەبینن هەرێمی کوردستان بکەن بە زیاتر لە هەرێمێک، بە دووری نابینن عەرەبەکان بەندی وەها بخەنە ناو دەستورەوە ڕێگە بدات هەرێمی کوردستان دابەش ببێت بۆ چەند هەرێمێک.
ئەوانە کۆمەڵێک مەترسی چاوەڕوانکراون کە بەدووری نازانین ڕووبدەن چونکە هەموو ئەمانە بە ئاشکرا باس دەکرێ و بە ئاشکراش کاری بۆ دەکرێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مەترسیەکە لەو ئاستەدا نییە بڵێین ئەوەی لە دەستور جێگیر کراوە ئیتر لە دست دەچێ، چونکە ئەگەر هەر هەموارکردنەوەیەک بەهۆی زۆرینەی عەرەب لە پەرلەمانیش تێپەر ببێت ئەوا پەرلەمانیش تێپەر ببێت 126 لە بەپێی ماددەی 126 لە دەستوور دەبێت پەرلەمانی کوردستان دەنگی لەسەر بدات دواتر خەڵکی کوردستانیش لە ریفراندۆمێکدا پەسەندی بکەن، بۆیە میکانیزمی یاسایی لە دست خەڵکی کوردستاندا هەیە بتوانن هەموارکردنەوەکە پووچەڵ بکەنەوە ئەگەر پێی ڕازی نەبوون.
بێگومان کوردو عەرەب بەهۆی هەمواری دەستورەوە دەکەونە ناو ململانێیەکی سیاسی و ئیعلامی تازەوە، پێکهێنانی شانەی قەیرانەکانیش لەلایەن پەرلەمانتارە کوردەکانەوە پەرلەمانتارە باشترین بژاردەیە بۆ ئیدارەدانی ئەو ململانێیە بە یەکگرتوویی.



ڕۆڵی کورد لە کۆشتنی بەغدادی

ئیلی لیک

جیاوازی سەرەکی ڕاستەقینە لە واتای ئەفلاتونی و ڕاستەقینە بە واتای هایدگەری ژ یۆنانی لەوە دایە، کە ڕاستەقینەی ئەفلاتونی لە بەرامبەر هەڵە، درۆ و وەکو ئەوانە باس دەکرێت. بەڵام ڕاستەقینە بە واتای هایدگەری لە بەرامبەر حیجاب، داپۆشین، نادیاری و نەناسراو دادەندرێ، بۆ ناسینی دازاین ناتوانین یارمەتی لەو بۆچوونە زانستیە باوانە وەربگرین، کە بەپێی قسەی هایدگەر "لە جیهان بوون" لە بیر دەکەنەوە. کەوایە دەبێ وەکو هوسێرل خۆ لە هەر جۆرە مەعریفە و زانستێک دوور بکەینەوە تا بە تێگەیشتنی بێ واسیتە بگەین. هایدگەر لە گرنگترین و ڕەنگە لە کاریگەرترین فەیلەسوفانی سەدەی بیستەم و سەرانسەری سیستەمی فەلسەفەی ڕۆژئاوایە. ئەندێشەکانی هایدگەر لە ژێر کاریگەری نامیلکەکانی پۆڵس قدیس، ئاگۆستین، مایستر ئەکهارت، کی یەرکگور، دیلتای، نیتچە و بەتایبەت ئەدموند هوسێرل دابووە. فێرکراوەکانی هوسێرل لە کتێبی "تۆێژینەوەکانی لۆژیکی" بەهۆی بۆچونی کلاسیکی ئەو، هزری هایدگەری سەرقاڵ کردبوو.

لەو ڕوانگەیە دەکرێ قسە لەسەر جیهانی هونەرمەندان، پیشەنگان، مندالآن، پێشینیان و وەکو ئەوانە بکرێ. بۆیە دەکرێ وا بێنینە بەرچاو، کە مرۆڤ لە جیهانی جۆراوجۆر دەژی. بۆیە ئەگەر مندالێکی 1ساڵە لەبەرچاو بگرین، سەرەتا لە جیهانی بنەماڵە و دوایی لە جیهانی قوتابخانە و دوایی لە جیهانی هاوقوتابیان و هەندێک جار لە جیهانی هۆزەکان و جیهانی هاوگەمە و وەکو ئەوانە دەژیت. ئەو واتایە نزیکە لە چەمکی ئاسمانی ژینگە یان جیهانی ژیانی هوسێرل. هایدگەر ئەو واتای جیهانەی لە ئاسمانی ژینگەی هوسێرل وەرگرتووە. لێرەیە کە هایدگەر جیهانی فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی و میژوویی مرۆڤی لەبەرچاو گرتووە. هایدگەر دەڵێ جیهان ئەزموونی ڕۆژانە و چالاکییە باوەکانی سەرەکی تێگەیشتنی بوونەوەرەکان پێکدێنێ. تێگەیشتن یان ناسین بریتییە لە وشیاری لە بەرامبەر ئەو پەیوەندیانە. بۆ نموونە ئەگەر ئامێرێکی تایبەت وەکو چەکوچ لەبەرچاو بگرین پەیوەندییەکانی ئەو لەگەڵ ژیانی ڕۆژانە پێویستی بە لایەنی وشیاری کرداری و ئەزمونیە. بەو هۆیەوە دەڵێین، کە چەکوچ بۆ کوتانی بزمار یان دروستکردنی فلانە ئامرازە. ڕوونە کە ئەو مەعریفە کرداریە لە پێش زانستی تیۆریە. ئەو کارە، هایدگەر "تێگەیشتنی هێرمنوتیک" ناودەنێ. ئەو تێگەیشتنە لە پێش تێگەیشتنی تیۆریە و لەڕاستیدا بەهۆی فرێدانی مرۆڤ و سەقامگیر بوونی لە جیهان سەرچاوە دەگرێ. لە کاتێکدا کە مەعریفەی تیۆری، لە لێکدانەوەی هەواڵەکان باس دەکرێ، لە خۆدا هۆکاری لەتبوونی ئەو جۆرە دانایییەیە. بەشێوەی گشتی تا مرۆڤ دڕێژە بە ژیانی دەدا، ڕووبەڕووی لەنیوچوون دەبێ. ئەو بوونە پێویستی بە ئامانج، مەبەست و ئەگەرەکانە. ژیان لە پانتایی مەبەست، ئامانج و ئەگەرەکان، لە خۆیدا پێویستی بە ئامادەبوون و لە پیش دانانی واتایە. ژیان لە جیهان پلانێکە، کە بوون تێیدا دەگونجێ. دەگرێ بگوترێ کە کاتبەندی لە خۆدا شێوەی واتادار بوون و ئامادەبوون و کارو بار و شتەکان دەگونجێنن. کەوایە بە کورتی لەو بوارە دەبێ بڵێین کە واتای هەموو ڕوخسارەکانی بوون، شتێک نییە بێجگە لە کات، لەو ڕوانگەیە مەعریفە لە دەرەوەی کات کارێکی نەگونجاوە. تا ئێرە ئێمە بەکورتی ڕوونمان کردۆتەوە کە هایدگەر دازاین بە واتای بوونێک کە بەدوای دۆزینەوە و تێگەیشتن دادەنێ و لە لایەکی دیکەوە دازاین بوونێکە کە لە جیهان دایە، کەوایە دەبێ بوونی ئەو لە دەروونی جیهانی ژیان بناسرێ و هەروەها جیهانی ژیان هەر هەمان جیهانی ئەزموونی ڕۆژانە و بێ واسیتەی مرۆڤەکانە، کارێک کە هایدگەر ئەو بە "تێگەیشتنی هێرمنۆتیک" ناو دەبات. بۆ ناسینی دازاین ناتوانین یارمەتی لە تیۆریەکانی زانستی باو، کە بەپێی قسەی هایدگەر "لە جیهان بوون" لە بیر دەکەنەوە وەربگرین. کەوایە دەبێ بەشێوازی هوسێرل لە هەر جۆرە مەعریفە و زانستێک خۆمان دوور بکەینەوە و بگەینە تێگەیشتنی بێ واسیتە. ئەو شێوەیە جۆرێک لێکدانەوەیە، کە هایدگەر خۆی شێوازی خۆی لە تێگەیشتنی دازاین، دیاردەناسی هێرمنوتیکی ناونراوە. بەگشتی هایدگەر بۆ ڕوونکردنەوەی مەبەستی خۆی لە هێرمنوتیک ئاماژەبە ئەنون (Ion)ی ئەفلاتون دەکات و دەڵێ لەو نامیلکەیە سوکرات، شاعیران بە شیکەرەوەی پەیامی خوا دادەنێ. لە زمانی یۆنانی وشەی hermeneuein بریتیە لە ئاشکراکردنی شتێکە کە شاراوە و نەدۆزراوەیە. هایدگەر بەگشتی هێرمنوتیک بە واتای لێکدانەوەی ڕاستی و سەقامگیری دازاین بەکار دەبات. لەڕاستیدا کاری سەرەکی دازاین شیکردنەوەی بوونی خۆیەتی، چونکە بوون بەردەوام ڕوخساری خۆی لە پشتی پەردەی داب و نەریت ئاشکرا دەکات و ئەوە هەر ئەو شتەیە کە هایدگەر لە واتای یەکەمی ڕاستەقینە بە دوای دا بووە. بەڵام لەبارەی دیاردەناسی دەبێ بگوترێ کە هایدگەر ئەوە وەکو شێوەی فەلسەفی خۆی پێناسە دەکات. ئەو دروشمی هوسێرل واتا "گەڕانەوە بۆ خودی دیاردەکان" دووبارە دەکاتەوە.

دیاردەناسی phe-nomenology لە دوو بەش phainomenon و logos پێک هاتووە، کە بەشی یەکەمی ئەو لە یۆنانی واتای دیار، ڕوون و ئاشکرایە، بەڵام هایدگەر دەڵێ مەبەست لە فنومنون هەر شتێکە بەشێوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ دەردەکەوێ و دەبێتە بابەتی بیرکردنەوە و لێکۆڵینەوە، بەڵام لۆگۆس لە ڕیشەی logein بە واتای کۆکردنەوە دەکات و دەڵێ ئەرەستۆ ئەرکی کەلام و دەربڕین بە ئاشکراکردن دادەنێ و دەڵێ جۆرێک پەیوەندی تەسک لە نێوان واتای دیاردە واتا "ئامادەکردنی ئەگەری دەرکەوتن و سەرهەڵدان" و واتای apophantis واتا "پێکهێنانی ئەگەری ئاشکرابوونی شت " پێکەوە دەبەستێتەوە. هەردووی ئەو وشانە هۆکاری نیشاندان و ئاشکراکردنی خۆیە و وشەی logosلە میژووی فەلسەفەی ڕۆژئاوا واتای جۆراوجۆر لە خۆ دەگرێ، وەکو قسە، عەقڵ، بەڵگەهێنانەوە، بڕیار، تێگەیشتن، پێناسە، بوار، پەیوەندی و ... بەکار دەبردری. هایدگەر ئاماژە بە وشەی logos لە ریشەی logein بە واتای کۆکردنەوە دەکات و دەڵێ ئەرەستۆ ئەرکی کەلام و دەربڕین بە ئاشکراکردن دادەنێ و دەڵێ جۆرێک پەیوەندی تەسک لە نێوان واتای دیاردە واتا "ئامادەکردنی ئەگەری دەرکەوتن و سەرهەڵدان" و واتای apophantis واتا "پێکهێنانی ئەگەری ئاشکرابوونی شت " پێکەوە دەبەستێتەوە. هەردووی ئەو وشانە هۆکاری نیشاندان و ئاشکراکردنی خۆیە و وشەی logosلە میژووی فەلسەفەی ڕۆژئاوا واتای جۆراوجۆر لە خۆ دەگرێ، وەکو قسە، عەقڵ، بەڵگەهێنانەوە، بڕیار، ئاشکراکردن. هایدگەر دەڵێ لە دیاردەناسی ئەو ئەگەرە لە گۆڕێیە تا بوون، بوونی خۆی ئاشکرا بکات. ئەو پەیوەندی نزیکی نیوان دیاردەناسی و بوونناسی دەبینێ. بەکارهێنانی دیاردەناسی لەو واتایە بریتیە لەوەی دەرفەت بە دازاین بدەین تا خۆی دەربخات و نیشان بدات. واتا شتێک کە لە پشت پەردەیە، لە ژێر سێبەری دیاردەناسی خۆی ئاشکرا بکات. بەواتایەکی دیکە دەکرێ بگوترێ دیاردەناسی بریتیە لە شیکردنەوە و ئاشکراکردنی بوونی دازاینە و ئەو کارە لە چییەتی خۆی شتێک بێجگە لە هێرمنوتیک نییە. لەو ڕوانگەیە دەکرێ بگوترێ دیاردەناسی هێرمنوتیک بواری لێپێچینەوە لە واتای دازاین پێکدێنێ. هایدگەر وشەی هێرمنوتیک بە واتای پێناسەی دیاردەناسی بەکار دێنێ تا لەو ڕێگەیەوە، ئەو شێوەیە لە شێوەکانی دیکەی فەلسەفە جیا بکاتەوە و بۆ لای بوونی دازاین با بداتەوە.



www.xebat.net
پێنج شەممە 2019/11/7 ژمارە (5866) خەبات

(زریاب)ی بۆتانی موسڵێ
رۆژئاوا زیاتر بایەخی پێدا لەوەی ئیسلام

وەرگێڕان و ئامادەکردن: عیسا بۆتانی

زریاب نەک تەنها بایەخی بە مۆسیقا و گۆرانیگوتن داوە ,بەڵکو چەندین لایەنی دیکەی هونەری وەکو جلپۆشین و زانستی جواننناسی و هونەرەکانی چێشتلێنان و ڕێکخستنی سفرە ,جێ گرینگیپێدانی ئەو بووە؛ سەرەڕای ئەوەش بوارەکانی ڕۆشنبیری وەکو وێژە و شیعر و جوگرافیا و کاروباری ولاتان و وەرگێڕان و زانستی میژووی پشتگوێ نەخستووە ,هەروەها بێ ئاگانەبوو لە زانستی کۆمەڵناسی و فەلەکیش.

زریاب داهێنەری زانستی ئەتەکێتە کە ڕۆژئاوا و تێکڕای جیهان پەیڕەوی زانستەکەی ئەو دەکەن ,ئەو ژێتی پێنجەمی بۆ ئامێری عود زیاد کرد و ژێتی عودی لە ئارموش دروست کرد ,ئەو بووە پردی گواستنەوەی هونەری مۆزیک لەنێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا و خاوەنی ئەو توانایە بوو کە بە دەیان هەزار ئاواز و میلۆدی ئەزبەر بکات و لە هزر و هۆشیدا جێگەیان ببێتەوە. زریاب یەکەم قوتابخانەی تایبەتی بە زانستی مۆزیک و هونەری گۆرانیگوتن و بنەماکانی ئاوازدانانی دامەزراند و یەکەم کەس بوو کە زانستی سۆلفێجی داناوە ,ئەو یەکەم کەس بوو کە بنەماکانی وەرگرتنی قوتابیانی ئەو بواردە دانا کەوا تاکو ئەمڕۆشی لەگەڵدا بێت هەموو پەیمانگا و کۆلێژەکانی هونەری لەسەر ئەو ڕێچکەیە کار دەکەن ,لەو قوتابخانە هونەرییە زریاب دایمەزراند قوتابیان لە سەرتاسەری جیهان ڕوویان تێدەکرد... هەموو لێکۆڵەر و تۆێژەوانەکان کۆکن لەوەی کە زریاب لەلایەن میژووی ئیسلامەوە ستەمی لێکراوە و وەکو پێویست گرینگی بە داهێنان و زانستەکانی نەداروە ,ئەو لەلایەن میللەتانی ڕۆژئاوا زیاتر جێی بایەخ بووە لەوەی لە گەلانی ئیسلام. ئەو تەنها کاریگەری بەسەر شارستانی ئیسلامیدا جێنەهێشت, بەڵکو تاکو ئەمڕۆ جێپەنجەی بەسەر شارستانیەتی ولاتانی ڕۆژئاواییشدا ماوە.

باژێڕی جزیرەی بۆتان کە دەکەوێتە دامێنی چیای جودی لە دەستە چەپی لێواری ڕووباری دیجلە کە میژووی دروستکردنی بۆ بەر لە 400 هەزار ساڵی پێش زایین دەگەڕێتەوە ,لە مڕوودەوە ڕۆژهەڵاتناس (لیڤی برۆفنسال) ئەوەی دیاری کردووە کە (ئەبو حەسەن عەلی بن نافیع)ی ناسراو بە (زریاب) لە باژێڕی جزیرەی بۆتان لەدایکبووە و پاشان بۆ مەبەستی دریژەدان بە خوێندن ڕووی کردۆتە شاری مووسڵ, لەوێوەش چووەتە شاری بەغدا و چاوی بە (ئیسحاق مووسڵی) کەوتووە کە بە گرنگترین مۆزیکژەن و گۆرانیبێژەکانی سەردەمی عەباسییەکان ناوی دەرکردووە. لەبارەی ئاشکراکردنی ڕەچەڵەکی (زریاب)ی زانا و بیرمەند ,میژوونوسەکان پێیانوایە کە سەڵماندنی کوردبوونی ئەو ,زێدەڕۆیی کردن نییە بۆ سەر مافی خەڵکانی دیکە ,بۆیە هەموو سەرچاوەکان جەختیان لەوە کردۆتەوە کەوا زریاب (عەجەمی) بووە نەوەک (عەرەب) ,ئەوەش ڕاستی ئەوە دەسەڵمێنێت کە نازناوی عەجەم بۆ هەموو پێکهاتە غەیرە عەرەبەکان بەکار دەهات.

لەبارەی ئەوەی کە زریاب ڕەشپێست بووە ,زۆرێک لە لێکۆڵەرە و تۆێژەوانەکانی وەکو (برۆفیسۆر برۆفنسال, بوا ,زرکەلی و سوبرەکی و حوسێن قەجەجە و حاریسی و .... زۆرانی دیکە) ئەوەیا ڕەتکراوەتەوە کە شاری موسڵ شوێنی لەدایکبوونی ئەو بووبێت و ئەویش لە نەتەوەی عەرەب بووبێت ,چونکە ئەو لە ڕووبەڕووی چ کێشە و نەهامەتییەک دەبێتەوە کە دواجار ڕەنگە بە مەرگی خۆشی تەواوبێت. فاتمە چونکە ئالوودەی ئەنتەرنێت و فەیسبووک بوو ,لەو ڕێگەیەوە چەندین پیاوی ناسی و ئەوانیش توانییان هەڵیبخەڵەتێنن و بە ناوی هاوسەرگیرییەوە, کەسیەتی بڕووشێنن و لەگەڵی ڕابوێرن. بۆیە گرنگە بە شێوەیەک سوود لەو پێشکەوتنانە وەربگرین, کە ببنە مایەی پێشکەوتنی ژیانی ئێمە, نەک سەرچاوەی بەڵاو ئاشووبی گەورە بە تایبەتیش بۆ ڕەگەزی مێ. چونکە دواجار هەر ئەو بەخۆی باجەکەی دەدات و دەبێتە قوربانی هەڵەکانی خۆی. پیاوەکانیش هیچ باکییان پێ نییە. دیوێکی دیکەی ئەو ڕۆمانە ئەوەیە, کە ناکرێ ژن وەک ئامرازێک تەنها بۆ منداڵ خستنەوە ببینین. خالید مەبەستی بوو بە هەرجۆرێک بێت، فاتمە منداڵی ببێت.



زریاب لە قۆناغێکی دیکەی ژیانییدا کە دەچێتە شاری (قورتوبە) و لە میری ئەوێ نزیک دەبێتە بە (قورتوبی) ناوبانگ دەردەکات بێ ئەوەی هیچ ئامازەیەک بە شوێنی لەدایکبوونی و ڕەچەڵەکی نەتەوەیی ئەو بدرێت.

باژێڕی جزیرەی بۆتان ڕوو دەکاتە موسڵ هەر بۆیە بەو ناوەش دەناسرێت ,وەکو چۆن (خەلیل بن ئەحمەدی فەراهیدی) کە لەدایکبووی شاری عومانە بەڵام بەهۆی دانیشتنی لە شاری بەسرە بە بەسراوی بانگ دەکرێت, میژوونووسەکان پێیانوایە کە بوونی ئەو دیاردانە لەنێو وەرگێڕان و یادداشتنامەکاندا شتێکی باو بووە. وەکو ئەوەی ڕەتکردۆتەوە کە ڕەنگی پێستی ڕەش بوو ,بێت و جەختیان لەوەش کردۆتەوە کە زریاب لە نەتەوەی فارس نەبووە بەڵکو کورد بووە و خەڵکی جزیرەی بۆتانە. هەروەها ڕۆژهەڵاتناسی ئەڵمانی (زیگرید هونکا) باسی لە ڕەچەڵەکی زریابی وەکو کورد کردووە و لەمڕووەشەوە گوتوویەتی (زریاب ی کورە کورد لە زیرەکترین قوتابییەکانی ئیسحاق موسڵی بووە و بە توانای لەڕادەبەدەری لە مۆسیقا ناوی دەرکردبوو).

لەلایەکی دیکەشەوە سەبارەت بە لکانی وشەی (موسڵی) بە ناوی زریاب ئەوە ڕەچەڵەکی (زریاب)ی زانا و بیرمەند ,میژوونوسەکان پێیانوایە کە سەڵماندنی کوردبوونی ئەو ,زێدەڕۆیی کردن نییە بۆ سەر مافی خەڵکانی دیکە ,بۆیە هەموو سەرچاوەکان جەختیان لەوە کردۆتەوە کەوا زریاب (عەجەمی) بووە نەوەک (عەرەب) ,ئەوەش ڕاستی ئەوە دەسەڵمێنێت کە نازناوی عەجەم بۆ هەموو پێکهاتە غەیرە عەرەبەکان بەکار دەهات.

لەبارەی ئەوەی کە زریاب ڕەشپێست بووە ,زۆرێک لە لێکۆڵەرە و تۆێژەوانەکانی وەکو (برۆفیسۆر برۆفنسال, بوا ,زرکەلی و سوبرەکی و حوسێن قەجەجە و حاریسی و .... زۆرانی دیکە) ئەوەیا ڕەتکراوەتەوە کە شاری موسڵ شوێنی لەدایکبوونی ئەو بووبێت و ئەویش لە نەتەوەی عەرەب بووبێت ,چونکە ئەو لە ڕووبەڕووی چ کێشە و نەهامەتییەک دەبێتەوە کە دواجار ڕەنگە بە مەرگی خۆشی تەواوبێت. فاتمە چونکە ئالوودەی ئەنتەرنێت و فەیسبووک بوو ,لەو ڕێگەیەوە چەندین پیاوی ناسی و ئەوانیش توانییان هەڵیبخەڵەتێنن و بە ناوی هاوسەرگیرییەوە, کەسیەتی بڕووشێنن و لەگەڵی ڕابوێرن. بۆیە گرنگە بە شێوەیەک سوود لەو پێشکەوتنانە وەربگرین, کە ببنە مایەی پێشکەوتنی ژیانی ئێمە, نەک سەرچاوەی بەڵاو ئاشووبی گەورە بە تایبەتیش بۆ ڕەگەزی مێ. چونکە دواجار هەر ئەو بەخۆی باجەکەی دەدات و دەبێتە قوربانی هەڵەکانی خۆی. پیاوەکانیش هیچ باکییان پێ نییە. دیوێکی دیکەی ئەو ڕۆمانە ئەوەیە, کە ناکرێ ژن وەک ئامرازێک تەنها بۆ منداڵ خستنەوە ببینین. خالید مەبەستی بوو بە هەرجۆرێک بێت، فاتمە منداڵی ببێت.

کە ژەهر دەڕژێتە بڕینەوە!
خوێندنەوەیەک بۆ ڕۆمانی 12/12دۆزەخ خەندەی کرد



سەدیق سەعید ڕواندزی

لە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی، هەمیشە ژن بوونەوەرێکە کە تەنها لە خزمەت تێرکردنی زایەندەکانی پیاودایە. لە دیدگای بەشێکی زۆری پیاوی ڕۆژهەڵاتیدا، ژن تەنها لە پێناو پیاودا بوونی هەیە و تەنها ئەویش مافی خاوەندارێتی هەیە. ڕۆمانی(12/12دۆزەخ خەندەی کرد)ئەو ڕۆمانەیە کە زۆر بە قوواڵی و بە ئازارەوە لە نەهامەتییەکانی مێ لە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی و ئیسلامیدا دەدوێت. ئەم ڕۆمانە گوزارشت لە ژیانی سەدان هەزار ژن دەکات کە تیایدا لە چوارچێوەی ئۆرگانێکی کۆمەڵایەتی بە نێوی ماڵ, لەگەڵ پیاوێک وەک هاوسەریان دەژین، کە هیچ سۆز و خۆشەویستی و پەیوەندییەکی ڕوحییان بە یەکەوە نییە. پیاو تەنها ئەوکاتە کاری بەژنەکەیە، کە ئارەزووەکانی تێردەکات، ئەم ڕۆمانە، نموونەیەکە لەو دۆزەخە کۆمەڵایەتییەی کە ناوی خێزانە و بەبێ دەنگی دەسووتێت و ژن دادەمالێت لە هەموو هەست و سۆزێکی ژنانە. تا ئەو ڕادەیەی تووشی نامۆبوونێکی گەورەی ڕوحی و جەستەیی دەبێتەوە.

فاتمەی پاڵەوانی ڕۆمانەکە، هەر تەنها باسی ژیانی خۆی ناکات، بەڵکو گوزارشت لە ژیانی هەموو ئەو ژنانە دەکات، کە وەک ئەون و لە ترسی ستەمی پیاو سالاریی و نەفرەتی کۆمەڵگە، ئامادە نینە تا مردن ژیانێکی پڕ لە چەوسانەوە و تووندوتیژی بژین. بەڵکو سەربەستییەک هەڵدەبژێرن کە خۆیان دەیانەوێت. بەڵام ئاخۆ سەربەستی ژن لە ڕۆژهەڵاتدا، هەروا بە ئاسانی بێ گرفت و ئەتەکردن و دەستدرێژی دەچێتە سەر؟. ئەم ڕۆمانە، چیرۆکی بێ لانەیی و پەرتەوازەیی ژنێکی میسریمان بۆ دەگێڕێتەوە کە دوای ئەوەی میردەکەی لە ماڵ دەریدەکات، هەر ڕۆژە و لە شوێنێک ژیان دەباتە سەر و بەو هۆیەشەوە تووشی چەندین هەڵە و لادانی کۆمەڵایەتی و ئاکاری دەبێتەوە. فاتمە دوای ئەوەی باوکی ڕاستەقینەی خۆی دەمرێت، دایکی شوو بە پیاوێکی دیکە دەکاتەوە بە ناوی مام ئەحمەد کە چەندین ساڵ لە خۆی گەورەترە. ئەو خێزانە، وەک هەرخێزانێکی دیکەی میسری، لە ڕووی گوزەرانەوە هەژارن. گەرچی فاتمە قوتابییەکی زیرەک و بە خەونی ئایندەوە دەژیت، وەلێ ستەمی زریاوکەکەی هەموو ئەو خەونانەی لەنێودەبات. زریاوکی فاتمە دوای ئەوەی ئامادە نابێت وەچەی پیاوێکی دیکە خۆی وتەنی بەخێو بکات، ئەو کچە ناچارەدەکات شووبە پیاوێکی دەوڵەمەند بکات کە سەرمایەکی زۆری هەیە. بەمەش هەم زریاوکەکە چیتر بژێوی فاتمەی لە ئەستۆنابێت، هەمیش خالیدی هاوسەری دەتوانێت یارمەتی دایک و خوشکەکانی دیکەشی بدات کە لە باوکی ڕاستەقینەی ئەونین بەڵام لە دایکی ئەون. سەرەنجام فاتمەی پاڵەوانی ڕۆمانەکە، لە تەمەنی شانزە ساڵیدا، شوو بە خالید دەکات کە بیست ساڵ لە خۆی گەورەترە. دوای شوکردنی، خالیدی هاوسەری داوا لە فاتمە دەکات کە دەبێ منداڵی ببێت. بەڵام ئەو هێشتا بە تەمەن بچووکە، کاتێ سەردانی پزیشکیش دەکەن، ئەوا پێی ڕادەگەیەنێت کە ئەو هێشتا منداڵبوون پێنەگەیشتووە. وەلێ خالیدی هاوسەری چونکە دەوڵەمەندە و نایەوێت میراتەکەی بۆ کەس و کارەکەی ببێنێتەوە، ئیدی زۆری لە فاتمە دەکات کە بەهەرجۆرێک بێت دەبێ دووگیان بێت. بەمجۆرە لە ڕێی نەشتەرگەرییەوە گرفتی منداڵدانی ژنەکەی چارەسەردەکات و دواجاریش پاش دووگیانبوونی، دووانەیەکی دەبێت و ناویان دەنێت (عەلی و محەمەد). فاتمە کە هێشتا خۆی منداڵە و لە تەمەنی هەڤدە ساڵی دایە، نازانێت چۆن ئەرکی دایکایەتی بەجێ بگەیەنێت. خالیدی هاوسەریشی، هەردوو کوڕەکەی لێ دوورەدەخاتەوە.چونکە ئەو فاتمەی تەنها بۆ منداڵ خستنەوە ویستووە. ئیدی چیتر بایەخ بە فاتمە نادات. بەهۆی ئەو پشتگوێخستنەوە فاتمە کاتەکانی تەنهایی و گۆشەگیری خۆی بە ئەنتەرنێت پڕدەکاتەوە و پەیوەندی نارەوا لەگەڵ پیاوێک دەبەستێت، تادواجار لە ڕێی کوڕەکەیەوە خالید بەو پەیوەندییە نهێنییەی خێزانەکەی دەزانێت و لە ماڵ دەریدەکات. فاتمە هەوڵدەدات جارێکی تر بگەڕێتەوە لای دایکی و زریاوکی، وەلێ ئەوانیش کە دەزانن هۆکاری دەرکردنەکەی چییە ، ئیدی لە خۆی ناگرن و بەمجۆرە ژیانی ئەم ژنە هەر ڕۆژەی دەکەوێتە شوێنێک و بەهۆی جوانیەکەشییەوە، پیاوان زوو دەستەمۆی دەکەن و غەریزەی خۆیانی پێ دادەمرکێننەوە. ئەمە وێرای ئەوەی کە ئانیاس هاورێشی، کە ئەویش میردەکەی دەریکردووە و هاورێگەزخوازە، لەگەڵ فاتمە وەک دووژنی هۆمۆ پەیوەندی دەبەستن. هەموو ئەو پیاوانەی پەیوەندی لەگەڵ فاتمە دەبەستن، ژن و منداڵیان هەیە ، گەرچی بەڵێنی ئەوەشی پێ دەدەن کە دەیکەنە هاوسەڕێ خۆی، وەلێ مەبەست لێرەدا تەنها ڕابواردن و سێکسکردنە لەگەڵ ئەو ژنە. ژنێک کە دوور لە ویست و خواستی خۆی، ڕووبەڕووی ئەو چارەنووسە ڕەشەبۆتەوە. ژنێک کە جوانییەکەی دەبێتە سەرچاوەی نەهامەتی و گیروگرفتی زۆر، تووشی لادانی کۆمەڵایەتی و ئاکاری دەبێت. فاتمە قوربانی دەستی پیاو، کۆمەڵگە و دنیای تەکنەلۆژیایە.ئەم ڕۆمانە، پڕە لە وێنە و گوزارشتی پڕڕنوێی، بە ڕادەیەک کە خوێنەر دەیخوێنێتەوە، واهەست دەکات بە دیار فلمێکی سێکسییەوە دانیشتووە. نووسەرەکەی زۆر بوێرانە، باسی ژن و سێکس و چێژو ئۆرگازم دەکات. باسی جووتبوون و پەیوەندی سێکسی نێوان ئەو دوو ڕەگەزە دەکات.ڕەنگە کەسانێک کە ئەو ڕۆمانە دەخوێننەوە، بۆچوونیان وابێت کە ئەمە ڕۆمانێکە تەنها باسی سێکس دەکات، وەلێ بە پێچەوانەوە، ئەم ڕۆمانە دەکرێ لە چەند دیوێکەوە بخوێنرێتەوە. یەکێکییان ئەوەیە کە هەرگیز دەوڵەمەندی نابێتە مایەی بەختەوەری بۆ هەمو مرۆڤێک.خالید زۆر دەوڵەمەندە، وەلێ چونکە فاتمەی هاوسەر خۆشی ناوێت و هیچ هەست و سۆزێکی بۆی نییە، چێژ لەو ژیانەی وەرناگرێت. بگرە هەر کاتێک هاوسەرەکەی سێکسی لەگەڵ دەکات ئەو وا هەست دەکات(ژەهر دەڕژێتە بڕینێکی). دیوێکی تری ڕۆمانەکە کە بۆ ئێستای ژیانی ئێمە بەگشتی و ژیانی ژن بە تایبەتی زۆر جێگەی لەسەر وەستانە. ئەو ڕۆمانە پێمان دەڵێت کاتێ ژن ناتوانێت تەندروستانە، هوشیاریانە، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و ئەنتەرنێت وەک سیمایەکی دنیای سەردەم بەکاربێنێت، ئەوا ڕووبەڕووی چ کێشە و نەهامەتییەک دەبێتەوە کە دواجار ڕەنگە بە مەرگی خۆشی تەواوبێت. فاتمە چونکە ئالوودەی ئەنتەرنێت و فەیسبووک بوو ,لەو ڕێگەیەوە چەندین پیاوی ناسی و ئەوانیش توانییان هەڵیبخەڵەتێنن و بە ناوی هاوسەرگیرییەوە, کەسیەتی بڕووشێنن و لەگەڵی ڕابوێرن. بۆیە گرنگە بە شێوەیەک سوود لەو پێشکەوتنانە وەربگرین, کە ببنە مایەی پێشکەوتنی ژیانی ئێمە, نەک سەرچاوەی بەڵاو ئاشووبی گەورە بە تایبەتیش بۆ ڕەگەزی مێ. چونکە دواجار هەر ئەو بەخۆی باجەکەی دەدات و دەبێتە قوربانی هەڵەکانی خۆی. پیاوەکانیش هیچ باکییان پێ نییە. دیوێکی دیکەی ئەو ڕۆمانە ئەوەیە, کە ناکرێ ژن وەک ئامرازێک تەنها بۆ منداڵ خستنەوە ببینین. خالید مەبەستی بوو بە هەرجۆرێک بێت، فاتمە منداڵی ببێت.

بەڵام سەرەنجام فاتمەی لە دەستدا، منداڵەکانیشی لە سۆزی دایک بێ بەش بوون و خێزانەکەشی هەڵوەشایەوە. ئەم ڕۆمانە مانایەکی قوواڵی کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی و خێزانی هەیە. گەرچی وەک باسمانکرد، چەندین دەربڕین و گوزارشتی سێکسی تێدایە، وەلێ ناکرێ هەر تەنها لەو کاڵاو ڕۆژنەیەوە ڕۆمانەکە بخوێنرێتەوە. ڕۆمانەکە بخوێنرێتەوە. دواجارەدستخۆشانە لە وەرگێڕی ڕۆمانەکە دەکەم کە ڕۆمانێکی ناوازە و تایبەتی بۆ خوێنەری کورد وەرگێڕاوە.

*** تێبینی:** ناوی ڕۆمان (12/12دۆزەخ خەندەی کرد) نووسینی (هێلانە ئەلشێخ) وەرگێڕانی (توانا حەمە نووری). بڵاوکراوەی(ناوەندی چاپ و بڵاوکردنەوەی مێخەک – سۆران).



حەسەن حەیران
حەیرانبێژی شۆڕش و بەرگری

جەمال گردەسۆری

بەشی چوارەم

-32-
بابە دەڕێم چەندی گاز دەکەم و گاز دەکەم
ئەورۆ بەوێ هێوارێ
دەڕێم داری دێدەوان
لەمن دوو لکە
لەبۆت هێنێم باریکێ بێ پەرە
دەڕێ داری دێدەوان
لە من دوو لکە
ئەمن بەوێ فەسڵێ دەرە بواران
ڕەشە ڕەیحانم دەچاند
نازانم نەتالعێ منە
نە تالعێ چاوێ بەرەکە
شێن دەبوو سۆرە گور
هوردە پەلکە
ئەوجا کێژ دەڕێ چاوەکەم
دەتو وەرە لە بۆ خۆ
دەستەکێ باوێ سەر ملێ بە کەزی
بگرە جۆتە شەمامە شەمامان
خۆ لە خەرک و عالەمێ گوندیمە ڕادیارە
ئەتو واتازە دادەنێی
خەتی سمێڕان هەردێ
لەبۆ خۆ گەلە بە نازی
خڕ دەکەمەوە بنی مەمکە.

بەشی چوارەم

-33-
بابە دەڕێم چەندی گاز دەکەم و گاز دەکەم
ئەورۆ بەوێ هێوارێ
دیسان دەڕێم سەرم گەلە دێشی
وەڵاڵ دەڕێم دێ و دەناری
دەڕێم سەرم گەلە گەلە دێشی
چاوەکەم دەڕێم درم دێی و دەناری
ئەمن بەژنێ باریکم دەشوبهاند
بە کارو کار غەزاڵەکانی سۆرخونی چاو لەوەکی
هەموو فەسڵێ دەرە بواران دەلەوەڕێتەوە
لە کلکەیێ قەرەچوغا ڕەنگێن
لە بە حەوت حەوتێ سواران
قاژێ بڕنۆیان
چیلکەیێ دارکەران
لۆت ببینێم
دەڕێم شەو لەوەڕێی خۆی دەهاوێشتەوە
بەینی محێجیل و مشاری
ئەوجا کێژ دەڕێ چاوەکەم دەتو وەرە
دەستەکێ باوێ سەر ملێ بەکەزی
بگرە جۆتە شەمامە شەمامان
دەزانم درت گەلە بە خەمە
دەبا لەبۆ خۆ سارێژ کەی
درەکەی پڕ خەمە دووچاری.



زانیۆلۆ رازی نەبوو دریژی تۆتی لەبەر بکات

نیکۆلۆ زانیۆلۆی ئەستێرەی یانەی رۆمای ئیتالی دووپاتی کردەوە کە رازی نابێت دریژی ژمارە 10ی یانەکە لەبەربکات، چونکە ئەو ژمارەیە تایبەتە بە فرانسیسکۆ تۆتی ئەفسانەی یانەکە.

زانیۆلۆ کە یەکێکە لە دیارترین ئەستێرەکانی ئەم وەرزەی یانەی رۆما لەدیمانەیەکدا بۆ تۆڕی سپۆرت میدیا سیت گوتی: ئەم وەرزە ئاستی یانەکەمان زۆر بەباشی دەرکەوتووە کە ئەمەش مایە خۆشحاڵی هەمووانە، هەروەها گوتی: هیچ کات دریژی ژمارە 10 لەبەر ناکەم، ئەمەش وەک ڕێزێک بۆ تۆتی کە بەناوی ئەوەوەیە، ئەوەی من بە تۆتی دەشوبهینی ئەوە خۆشحاڵ دەبم و ڕێزم بۆی هەیە بەاڵم لای من یەک تۆتی هەیە.

لیڤاندۆفسکی پێویستی بە نەشتەرگەری هەیە



یانەی بایرن میونشنی ئەڵمانی لە پێگەی فەرمی خۆی ڕایگەیاند کە ڕۆبەرت لیڤاندۆفسکی گۆڵکاری یانەکەیان و بۆندزلیگا نەشتەرگەری بۆ دەکرێت، بەاڵم لە ڕاگەیەندراوەکەدا وادەی ئەو نەشتەرگەرییەی یاریزانە پۆڵەندییەکەی دیاری نەکردووە.

پێگەی ڕیال مەدرید زیاتر ڕوونی دەکاتەوە کە نەشتەرگەرییەکە لە خوار سکییەوە دەکرێت و لەوانەیە ئەو کارەش ماوەی 10 ڕۆژ بخایەنێت، هەروەها دەڵێت: یانەی بایرن پێی باشە کاتی نەشتەرگەرییەکە لەکاتێکدا بکرێت کە کاریگەری لەسەر یانەکەیان نەبێت و بۆ ئەوەی لەخزمەتەکانی ئەو ئەستێرەیە بێبەش نەبن لەیاریەکانی داهاتوودا.

هاملتۆن بۆ جاری شەشەم بووە پاڵەوانی فۆرمۆلا 1



لویس هاملتۆن توانی نازناوی شەشەمینی پێشبڕکێی فۆرمۆلا 1ی پاڵەوانێتی جیهانی بەدەست بهێنێت، کە یەکێکە لە پاڵەوانێتییە گەورەکانی جیهان.

هاملتۆن دوای بردنەوەی ئەم نازناوە بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن گوتی: پێشبڕکییەکە زۆر زەحمەت بوو وە ڕکابەرییەکی سەخت لەنیوان بەشدارباوەکاندا هەبوو، بۆیە دەمەوێ پیرۆزبایی لەهەموان بکەم کە گەیشتنە قۆناغی کۆتایی ئەم پاڵەوانێتییە.

تیرۆپشکی ئاسیا بۆ گەیشتن بە مۆندیالی دەست



تیرۆپشکی پاڵەوانێتی ئاسیای 19 بۆ تۆپی دەست ڕاکێشرا کە بڕیارە لە 16 تا 27ی کانوونی دووەمی داهاتوو لە وڵاتی کویت بەڕێوەبچێت و پاڵەوانەکانیش لەوێوە سەردەکەون بۆ پاڵەوانێتی جیهانی 2021کە لەمیسر ڕێکدەخرێت.

ئەنجامی تیرۆپشکەکەش بەمشێوەی خوارەوەبوو:

گرووپی یەکەم: (بەحرەین، ئێران، نیوزلەندا)

گرووپی دووەم: (قەتەر، ژاپۆن، چین)

گرووپی سێیەم: (کۆریای باشور، سعودیە، ئوسترالیا)

گرووپی چوارەم: (کویت، ئیمارات، هۆنگ کۆنگ، عێراق)

لە خولی نایابی کوردستان

ئەمڕۆ هەولێر و شێروانە، سیروانی نوێ و دهۆک رووبەڕووی یەکتری دەبنەوە

ئا: کارزان کانەبی

بڕیارە ئەمڕۆ پێنج شەممە لەمیانی یارییەکانی هەفتەی سێیەمی خولی نایابی یانەکانی کوردستان شەش یاری گرنگ و بەهێز لە نێوان یانە بەشداربووەکانی نێوان شارەکانی کوردستان بەڕێوەبچێت، لە هەولێری پایتەخت یانەی هەولێری بریندار لەسەر یاریگای نێودەوڵەتی هەولێر میوانداری یانەی شێروانەی کەلار دەکات، بۆ ئەم یارییەش یاریزانانی یانەی هەولێر هەموو هەوڵێکیان بۆ بەدەستهێنانی سێ خاڵی یارییەکە دەبێ، چونکە لە دوو یاری رابردوو تەنیا یەک خاڵیان بەدەست هێناوە و بە پشت بەستن بە یاریگا و هاندەران چاویان لە سێ خاڵی یارییەکەیە، یانەی شێروانەش هەمان سیناریۆی یانەی هەولێری هەیە و خاوەنی یەک خاڵە، بۆیە بۆ یارییەکەی ئەمڕۆ پێنج شەممە هەموو هەوڵێکیان دەستەبەرکردنی سێ خاڵی یارییەکە بۆ ئەوەی بە ئەنجامی شایستە بگەڕێتەوە گەرمیان، لە شاری سلێمانیش یانەی سیروانی نوێ لەسەر یاریگای خۆی و لەبەردەم هاندەرانی میوانداری یانەی دهۆک دەکات، بۆ ئەم یارییەش یاریزانانی یانەی سیروان بە وەریەکی بەرز میوانداری کوڕانی دهۆک دەکەن، چونکە لە دوو یاری رابردوو خاوەنی شەش خاڵن و دەیانەوێ درێژە بە ئەنجامە باشەکانیان بدەن و رزگار عەلی راهێنەریش پنی تۆکمەی هەیە بۆ ئەم یارییە گرنگە، دهۆکیش بۆ قەرەبووکردنەوەی شکستی هەفتەی رابردوو لەسەر یاریگای خۆی بەرامبەر سۆران دەچێتە شاری سلێمانی و دەیانەوێ بە ئەنجامی شایستە بگەڕێتەوە



دهۆک، هەر چەندە کوڕانی دهۆک ئەرکیان قورسە، بەڵام یانەوێ بە دەستی بەتاڵ بگەڕێنەوە دهۆک، لەلایەکی دیکەوەش لە هەولێر یانەی هەندرێن میوانداری یانەی زاخۆ دەکات بۆ ئەم یارییەش یاریزانانی هەردوو یانە ئامادەکاری پێویستیان کردوە دلشادمەعروفی راهێنەری هەندرێن دەیەوێت یەکەم شکست پێشکەشی هاندەرانی بکات و یەکەم سێ خاڵ دەستەبەر بکەن، زاخۆش دەیەوێت درێژە بە ئەنجامە باشەکانی بدات و بە ئاست و ئەنجام بگەڕێتەوە زاخۆی دەلال، لە شاری دهۆکیش یانەی زێرەڤانی لەسەر یاریگای خۆی میوانداری یانەی نەورۆز دەکات بۆ ئەم یارییەش یاریزانانی هەردوو یانە تامەزرۆی سەرکەوتن و لە هیچ یارییەک لەم وەرزە سەرکەوتنیان بەدەست نەهێناوە، راهێنەرانی هەردوو یانەش پلانی تۆکمەیان داناوە بۆ ئەوەی یەکەم سێ خاڵ بکەنە دیاری هاندەرانیان، لە قەزای سۆرانیش یانەی پێشمەرگەی سلێمانی لە ئەرکێکی قورس دەبێتە میوانی یانەی سۆران بۆ ئەم یارییەش یاریزانانی سۆران بە پشت بەستن بە یاریگا و هاندەران و وریەکی بەرز میوانداری یانەی پێشمەرگە دەکەن، بۆ ئەم یارییەش یاریزانانی سۆران دەیانەوێ بە هەمان ریتمی هەفتەی رابردوو ئاستێکی بەرز پێشکەش بکەن و سێ خاڵی یارییەکە دەستەبەر بکەن، کوڕانی پێشمەرگەش لە سلێمانییەوە بۆ سێ خاڵی یارییەکە هاتوونەتە سۆرانی گەشتیاری ئەم یارییەش بۆ هەردوو یانە گرنگی خۆی هەیە، لە قەزای دەربەندیخانیش یانەی برایەتی لەسەر یاریگاو لەبەردەم هاندەرانی ئەو شارە لە یارییەکی زەحمەتدا رووبەڕووی یانەی دەربەندیخان دەبێتەوە بۆ ئەم یارییەش یاریزانانی هەردوو یانە لەوپەری ئامادەباشیدان بۆ ئەوەی بتوانن سێ خاڵی یارییەکە دەستەبەر بکەن هەردوو یانەش هەفتەی رابردوو سێ خاڵیان بەدەست هێنا بوو، یانەی پێشمەرگەی هەولێریش ئەم هەفتەیە چاوەڕوان دەبێ سەرجەم یارییەکانیش لەکاتژمێر2?45دوای نیوەڕۆ بەڕێوە دەچێت.



وریا یونس

بۆ مێژوو.. کورد سەرپەرشتی یەکەمین کۆنگرەی دامەزراندنەوەی ئەنجومەنی ئۆلۆمپی عێراقی کرد

دوای رۆخانی رژێمی سەدام، هەرچی دام ودەزگاو دامەزراوەی ئەو وڵاتە هەبوو خاپوورکرا یانیش هەڵوەشێنراوە بەهۆی ڕاپەرینی جەماوەری و شەڕو جەنگەوە، بەڵەناو چوونی دەسەڵاتی بەعس شیرازەی دام و دەزگاکانی دەوڵەت لە بەغدا هەڵوشایەوە، بارودۆخی عێراق لە قۆناغێکی شپرزە و ئاژاوەگێڕی و بێ خاوەنی مایەوە، بەڵام هەمیشە چینێک هەن لە کۆمەڵگا خەمخۆری وڵاتەکەیان بن و لەهەوڵی بونیادنانەوەی دامەزراوەکان بن.

لیژنەی ئۆلومپی عێراق یەکێک بوو لەو دامەزراوە هەستیارانەی کە لەسەرەتاوە عودەی کوری سەدام کردبووی بە بارەگای خۆی و دەستی بەسەر داگرتبوو و بەهەوەسی خۆی وەرزشوانە بەتواناکانی ئەشکەنجە دەدا و دووری دەخستنەوە و ئەوەی بەدڵی ئەو نەبوایە دوور دەخرایەوە.

تازە رژێمی عێراق ڕوخێنرابوو عێراقیش ئازاد کرابوو، کاتێک ئەنجومەنی ئۆلۆمپی ئاسیایی بەسەرۆکایەتی شیخ محەمەد فهد سباح بانگەوازێکی ئاراستەی وەرزشوانانی عێراقی کرد لە وڵاتانی دەرەوەی عێراق تا ئەنجومەنی ئۆلۆمپی عێراق بەسەرکردایەتیەکی تازە دابمەزرێننەوە، ئەم بانگەوازە وای لە وەرزشوانە بەتواناو دێرینەکان کرد ئەوانەی سەردەمانێک بوو بە هۆکاری نابەجێ عودەی دەربەدەری کردبوون، بیر لە وەرزشی وڵاتەکەیان بکەنەوە و یەک بگرنە بۆ بەستنی کۆنگرەیەکی نیشتمانی وەرزش وانان، بڕیاردرا کۆنگرەکە لە وڵاتی ئەڵمانیا و لە شاری مانهایم ببەسترێت لە ڕۆژانی(27/28-4-2003) ئەم کۆنگرەیە تێچوو خەرجیەکەی لەلایەن دەوڵەتی کوێت دابین کرابوو، کە نزیکەی (250)کەسایەتی و وەرزشوانانی عێراقی لە وڵاتانی ئەمریکا وکەنەدا وئوستراليا ونیوزلەندا و کەنداوی عەرەبی هاتبوون بۆ بەشداری لە کۆنگرەکە، تەنها هیچ کوردێک لە دەرەوەی ئەڵمانیا میوانداری نەکرابوو. کۆنگرە دەستی بە کارەکانی کرد بە ئامادە بوون و چاودێری ئەنجومەنی ئۆلۆمپی ئاسیا و بە ئامادە بوونی نوێنەرایەتی کورد و عێراق کە لەلایەن شارەوانی شارەکەوە راسپێردرام بۆ ئامادەبوون لە کۆنگرەکە خۆم. کۆنگرە مەبەستی بوو ئەنجومەنێکی تازە و دوور لە بەعسیەکان دابمەزرێتەوە لەو کەسایەتی و وەرزش وانە دێرینانەی کە سالانێک بوو دوور خرابوونەوە بەهۆی کردەوەکانی عودەی سەدام، هەروا بەشدار بوان زۆر لایان گرنگ بوو کە نابێ ئەندامانی کۆن و نزیک لە عودەی چیتر جێگایان لەم لێژنەیە بکرێتەوە، بەڵام بەهۆی بارودۆخی نالەباری عێراق و ئامادەنەبوونی بەشێک لەو وەرزش وانانەی کە لە ناوەوەی عێراق بوون و نەیان توانی بوو بگەنە کۆنگرەکەی مانهایم، جەخت کردنەوەی بەشێک لە ئامادەبوان بۆ ئەوەی بەبێ ئامادەبوونی ئەم وەرزش وانە بەتوانایانەی ناوەوەی عێراق ناکرێ ئەنجومەنی بالای ئۆلمپی دابمەزرێنرێت، تائەوکاتەی کۆنگرەیەکی تر لە بەغدا دەبەسترێ تەنها بەشێوەیەکی کاتی ئەنجومەنەکە تازە بکرێتەوە، بۆیە کۆنگرە بریاری دا لێژنەیەک بەسەرۆکایەتی شەرار حەیدەر و محەمەد حارس جێگری لێژنە و 18ئەندام لە نوسینگەی جێبەجێکاری لێژنەکە دابمەزرێت، کۆنگرە چەندین بریارو راسپاردەی گەنگەشەکرد ، کورد کارەکتەرێکی سەرەکی رێکخستنەوەی ئەم کۆنگرەیە بوو.دوای ئەم کۆنگرەیە ئەنجومەنی بالای ئۆلمپی ئاسیا بریاریدا دان بە کۆنگرەکەی مانهایم بنێ وەک جێگرەوە و ئەنجومەنی تازەی ئۆلمپی عێراق.

گاریس بەیل سووڕە لەسەر جیهێشتنی ریال



ڕۆژنامەی ئەملۆندۆ دیپۆرتیڤۆ ئاشکرای کرد کە گاریس بەیلی یاریزانی یانەی ریال مەدرید سووڕە لەسەر جیهێشتنی قەڵای سانتیاگۆ بێرنابیۆ، ئەویش لە وەرزی داهاتووی گواستنەوەی زستانەدا، چونکە ئەو یاریزانە ویلزییە تەواو بێزاربووە لە ریال و هەوڵ دەدات لەسەرەتای سالی تازەدا بڕوات، بەتایبەتیش کە لەچەندین یانەدا داواکاری پێشکەشکراوە.

جیی باسە هەفتەی رابردوو ڕۆژنامەی مارکای ئیسپانی باسی لەوەکردبوو کە یانەی شانگهای شینشۆی چینی دەستەوارەیەکی پێشکەشی گاریس بییل کردووە کە لە گواستنەوەی زستانەدا بچێتە خولی چینی.

لاوتارۆ: هیوای سەرکەوتنمان لەدەست نەداوە



لاوتارۆ مارتینێز، هێرشبەری یانەی ئینتەرمیلانی ئیتاڵی، تووڕەیی خۆی لەو دۆڕانە دەربڕی، کە یانەکەی لەسەر دەستی بوروسیا دۆرتمۆندی ئەڵمانی، شەوی سێ شەمەی رابردوو تووشی هات. ئینتەر نەیتوانی بەرگری لە پێشکەوتنی بە دوو گۆڵ لە دەرەوەی یاریگەی خۆی بکات، دوای ئەوەی دۆرتمۆند توانی بە ئەنجامی سێ گۆڵ بەرامبەر دوو گۆڵ یاریبەکە ببباتەوە، کە لە گەڕی چوارەمی قۆناغی کۆمەڵەکانی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا بوو. دوای تەواو بوونی یاریبەکە، لاوتارۆ، لێدوانی بۆتۆڕی سکای سپۆرتی ئیتاڵی دا و وتی:"لە گێمی یەکەمدا زۆر باش دەرکەوتین، بەڵام لە گێمی دووەمدا، شتەکە گۆڕا". هەروەها وتی:" لەوانەیە لە ڕووی زەینەوە باش نەبووبین، چونکە دوای پشووی نێوان دوو گێمەکە،بە تەواوی گۆڕاین، ئێمە پێویستمان بە گەشەکردن و نەشوفا کردنە، بۆ ئەوەی بتوانین بە ئاستێکی بەرز دەرکەوین". وتیشی:"کێشەکە جەستەیی نەبوو، بەڵکو کێشەی زەینمان هەبوو، بەڵام هێشتا هیوابڕاو نەبووین و دەتوانین بۆ قۆناغی داهاتوو سەرکەوین". بەو ئەنجامەش بوروسیا دۆرتمۆند بە کۆکردنەوەی 7خاڵ، بۆ پلەی دووەمی کۆمەڵەی شەشەم سەرکەوت، ئینتەرمیلان بە 4 خاڵ، بۆ پلەی سێیەم دابەزی و بەرشلۆنەش هەر لە پلەی یەکەم مایەوە.

ڕەمزی میرەکانی

ئینفانتینۆ: لە یاریگاکان جێگەی ڕەگەزپەرستان نابێتەوە



جانی ئینفانتینۆ، سەرۆکی یەکێتیی تۆپی پێی نێودەوڵەتی (فیفا)، داوای کرد، پێویستە ڕەگەزپەرستان لە یاریگەکانی تۆپی پێ دەر بکرێن، داواشی کرد، ئەو هاندەرانەی خراپە بەرامبەر یاریزانانی ڕەش پێس دەکەن، پێویستە لێنەگەڕێن لە یاریگەکان ئامادە بن.

جانی لەمبارەیەوە وتی:"ئەگەر کەسانی ڕەگەزپەرست لە نێو یاریگەکان هەبن، دەبێت یاریبەکان ڕابگرین، نابێت ڕێگەیان پێ بدەین براوە بن، پێویستە تۆپی پێ بەردەوام بێت، دەبێت ئێمەش سزای ئەو جۆرە کەسانە بدەین". سەرۆکی فیفا ئاماژەی بەوەش کرد، ناسینەوەی تاوانباران ئاسان بووە، بەهۆی بوونی کامێراکانی چاودێری و لەمبارەیەوە وتی:"دەبێت دەست نیشانیان بکەین و لە یاریگە دەریان بکەین، نابێت ڕێگەیان پێ بدەین بۆ هەتایە بچنە نێو یاریگەکانەوە، دەبێت داوایان لەسەر تۆمار بکەین، چونکە ئەوە تاوانە و پێویستە ڕەگەزپەرستی بکرێتە تاوان، لە هەموو وڵاتانی جیهاندا". هەروەها وتی:"پێویستە خەڵکی لە پەتای ڕەگەزپەرستی هۆشیار بکرێنەوە، لاوەکان، منداڵەکان و هەتا پیرەکانیش". لەلایەکی دیکەشەوە، ئەلیکسەندەر چیفیرین، سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی ئەوروپا، داوای بەرپاکردنی جەنگی لەدژی ڕەگەزپەرستی و بنبڕکردنی ئەو نەخۆشیەی، لەنێو یاریگەکانی ئەوروپا کرد و لەمبارەیەوە وتی:"خێزانی تۆپی پێ، لە کارگێڕان، یاریزانان، ڕاهێنەران و هاندەران، دەبێت لەگەڵ حکومەتەکان و ڕێکخراوەکانی نامیری کار بکەن، بۆ بەرپاکردنی جەنگ لەدژی ڕەگەزپەرستان و پەراوێزخستنیان". جەختیشی لەسەر ئەوە کردەوە:" یەکێتییەکانی تۆپی پێی لۆکاڵی، ناتوانن بەتەنیا ڕووبەڕووی ئەوکێشەیە ببنەوە، بۆیە دەبێت حکومەتەکانیش یارمەتیدەر بن".

ڕەمزی میرەکانی

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیلی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla


خەبات XEBAT
Thu, 7. Nov. 2019 No: (5866)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر



پێنجەمین فستیڤاڵی نێوەدەوڵەتی شانۆی شەقام لە کەرکووک بەڕێوەدەچێت

بەرهەم شێخ عزەدین

شانۆکارو دەرهێنەری شانۆیی نەژاد نەجم سەرپەرشتیاری پێنجەمین فستیڤاڵی نێوەدەوڵەتی شانۆی شەقام لە کەرکوک بەخەباتی گوت:وابڕیارە لە 28/11/ 2019پێنجەمین فستیڤاڵی نێوەدەوڵەتی شانۆی شەقام لە کەرکووک بەڕێوەبچێت، بەبەشداری 18گروپی شانۆیی لە 6وڵاتی دەرەوە و کوردستان و عێراق،هەروەها پانێڵێک و ورک شۆپێک لەسەر شانۆی شەقام ساز دەکەین،سەرپەرشتیاری فیستیڤاڵەکە زیاتر گوتی: لەهەمان کات دوو کتێب چاپ دەکەین دانەیەکیان بەزمان کوردی و دانەیەکیان بەعەرەبی، زیاتر لە 200 میوان بانگهێشت کراون هەتا لە فستیڤاڵ بەشدارین، مەراسیمەی دەست پێکیش بە مۆزیک و هەڵپەڕکی دەست پێ دەکەین و کۆتایی پێ دێنین.



کانی و ڕۆنی بەرهەمێکیان بڵاوکردەوە

هەمزە سەرحان

خانمە هونەرمەندی گۆرانیبێژ کانی بەرهەمێکی نوێی خۆی بەشێوازی دوێت لەگەڵ ڕۆنی ئارتین بڵاوکردەوە.خانمە گۆرانیبێژ کانی لەگەڵ ڕاپەری کورد ڕۆنی ئارتین ڤیدیۆ کلیپێکی بەناوی "نزێکن" بڵاوکردەوە، کە کاری دەرهێنانی ڤیدیۆ کلیپەکە لەلایەن ئیبراهیم چلیک ئەنجام دراوە.

کانی هاوسەرگیری لەگەڵ ئاوازدانەر کارزاندا کردووە، هاوکات ڕۆنی ئارتین یەکێک بوو لەو گەنجە لاوانەی کە لە بەرنامەی کورد ئایدڵ بەشدار بوو، کە بەشێوازی ڕاپ گۆرانی دەوت و خۆی بەسەرۆکی ڕاپ و هیپۆپی کوردی دەزانی.

لە ئەمەریکاوە پشتگیری ڕۆژئاوا دەکات

هونەرمەند بەرهەم حەسەن: شەرمە بۆ وڵاتانی زلهێزی جیهان هەرکات میللەتی کورد تووشی ناخۆشی و تەنگانە بوو ئەوان پشتی تێدەکەن

داواتان لێدەکەم درامای تورکی و بیانی لە ئێستاوە ڕابگرن، ئەو پارانەی کەوا دەیدەن بە درامای تورکی بیدەن بە ئەکتەر و دەرهێنەری کورد





بەرهەم شێخ عزەدین

هونەرمەندی بە ئەزموون و دەنگخۆش بەرهەم حەسەن کە یەکێکە لەو هونەرمەندانەی سااڵنێکی دوورو درێژە لە بواری هونەری گۆرانیگوتن ئەسپی خۆی تاو داوەو خاوەن پێگەیەکی بەهێزەو گوێگرێکی زۆری هەیە، ئەم هونەرمەندە سااڵنێکە لە دەرەوەی وڵات ژیان بەسەردەبات، بەاڵم هیچکات لە کۆمەڵگای کوردستان دانەبڕاوەو لەگەڵ ئازارو خۆشیەکانی گەلی کورددا بووەو لەسەرجەم پرسە نیشتیمانییەکان هەڵوێستی هەبووە، ئەمجارەش لەسەر هێرشی تورک بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان ئەم هونەرمەندە لەوااڵی تایبەتی خۆیەوە پەیامێکی ڤیدۆیی بااڵوکردۆتەوەو چەند پەیڤێکی لەسەر ئەو کارەساتە دەربڕی و گوتی:

کارەساتێکی گەورە بەسەر میللەتەکەمدا هاتووە

هونەرمەند بەرهەم حەسەن گوتی : هاوڕێیان سااڵو خۆم زۆر بە دڵگران دەزانم کەوا کارەساتێکی گەورە بەسەر میللەتەکەمدا هاتووە، بە تایبەت پارچەیەک لە دڵە گەورەکەی کوردستان ڕۆژئاوا، بە تونڈی ئیدانەی ئەو هێرشە دڕندانەی ئەو دوژمنە سەر سەختە ئەکەم کە کەوتۆتە وێزەی گیانی ژن و منداڵ و پیرو خەڵکی بێتاوانی خەڵکی ڕۆژئاوا، بە تونڈی ئیدانەی دەکەم و بەرەنگاری دەوەستمەوە.

شەرمە بۆ وڵاتانی زلهێزی جیهان لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا ئەو هونەرمەندە دەڵێت: بە ڕاستی شەرمە بۆ وڵاتانی زلهێزی جیهان هەرکات میللەتی کورد تووشی ناخۆشی و تەنگانە بوو ئەوان پشتی تێدەکەن، لەگەڵ ئەوەی ئێمەی کورد هەمیشە لەگەڵ هەموو ئەو دەوڵەتانە هاوکارو دەست لەسەر سنگ بووین بۆیان.

بایکۆتی گۆرانی و فیلمی تورکی بکەن

پاشان بەرهەم حەسەن ڕوویکردە میللەتی کوردو کەنالەکانی ڕاگەیاندن بە تایبەتی تیڤییەکان و گوتی:

تکایە داواتان لێدەکەم درامای تورکی و بیانی لە ئێستاوە ڕابگرن، ئەو پارانەی کەوا ئەیدەن بە درامای تورکی بیدەن بە ئەکتەرو دەرهێنەرانی کورد ئەوا ئێمەش خاوەنی کلتورو فەرهەنگ و هونەری خۆمان دەبین، بە ڕاستی زۆر حەیفە کورد هەتا ئێستا بێ خاوەنە، هەتا ئێستا سەفیرو بەرپرسانی تورک لە کوردستانەوە لە کەنالە کالنی خۆمانەوە کورد بە تیرۆریست ناو دەبەن، بۆیە لێرەوە دووبارە داواکارم بایکۆتی گۆرانی و فیلم و کەلو پەلی تورکی بکەن چونکە دەرکەوت تورک دوژمنی سەر سەختی کوردە.

ڕۆژئاوا ئێمە لەگەڵتاین

لە دوماهیدا ئەو هونەرمەندە گوتی: هەر لەگەڵ ئەو ئازارە بە سۆیبە هەر چۆنێک بێت توانیم ئەمە چەند دێرە هۆنراوەیە پێشکەش بە گەلەکەم بکەم ، ئەو گەلەی کە هەمیشە زامەکانی ساڕێژ نابێ هیوادارم ئەم گەلە خێر لەخۆ نەدیوە بە زوویی سەر بکەوێت و زامەکانی ساڕێژ ببێت. بەڕەو دەوڵەت و سەربەخۆیی و سەرکەوتن و پێشکەوتنی یەکجاری بڕۆین، ئەم لاواندنەوەیەش لەژێر ناوی (ڕۆژ ئاوا ئێمە لەگەڵتاین) پێشکەشە .

بەشێک لە هۆنراوەکەی هونەرمەند (بەرهەم حەسەن) کە بە لاواندنەوە پێشکەشی کرد:

دیسان بەختەکەی کوردە لارییە
خوایە هەتا کەی ئەو غەدارییە
ئێستا ڕۆژ ئاوام لێهاتۆتە ژان
خوێنم ئەڕێژن دوژمنی کوردان
دەمێ مەجووسی و دەمێ پێ پەتی
هەموو سااڵنکمان کۆچ و مەینەتی
دەمێ سەر سەخت و دەمێ عەباسی
کوردە تۆ یەکنییت بۆیە کەساسی
ئاگرێک نەماوە تۆی تیا نەسووتێی
ڕووبارێک نەماوە تۆی تیا نەخنکێی
بەردێک نەماوە خوێنتی لێنەپژڕێ
گردێک نەماوە کوردی لێنەنێژڕێ.



ئەکتەرێکی بەناوبانگی ئەمریکی پاڵپشتی خۆپیشاندانەکانی عێراق دەکات

هەمزە

ئەکتەر و سینەماکارێکی بەناوبانگی ئەمریکی، پاڵپشتی خۆپیشاندانەکانی عێراق دەکات و ستایشی خۆپیشاندەرانی عێراقی دەکات.شارون ستۆن، ئەکتەر و سینەماکاری دیار و بەناوبانگی ئەمریکی وێنەیەکی خۆپیشاندانەکانی گۆڕەپانی تەحریری بەغدادی بااڵوکردووەتەوە و لە تویتێکیدا نوسیویەتی: "یەکەمین نەوەی عێراقییەکان دژایەتی گەندەڵی دەکەن، لە پاش ڕژێمی سەدام حوسێنەوە. ستۆن ئاماژەی بەوەشکردووە: "لەدوای سەدام حوسێنەوە بۆ یەکەمین جار نەوەیەک پەیدا بوون، کە شەڕ دەکەن لەپێناوی دیموکراسی و کۆتایی هاتنی گەندەڵی، هەروەها چونەتە مەیدان لەپێناو ژیان و داهاتوی خۆیان.ئەو ئەکتەرە ئەمریکییە ئەوەشی نوسیوە: "ئابووری عێراق داڕوخاوە و گەندەڵی سەرجەم دام و دەزگاکانی گرتووەتەوە، بەهۆی خۆپیشاندانی ئەم نەوە نوێیەی عێراقەوە بۆ دژایەتی گەندەڵی سەدان گەنج کوژراون.ئەمەش دوای ئەوە دێت کە لەسەرەتای مانگی تشرینی یەکەمی ئەمساڵەوە بۆ ماوەی هەشت ڕۆژ و دواتریش لە 25ی هەمان مانگەوە خۆپیشاندانی هاوڵاتییانی شارەکانی عێراق دژی "گەندەڵی و خراپی باری گوزەران"یان دەستپێکردەوە.



لە باکووری کوردستان.. ئەمساڵ بۆ یەکەمجار بەفر باری